# شۆڕشی پەنجەمۆرەکان

خەلیل عەبدوڵڵا

# پێرست

پێشەکی ..... ٥

## بەشی یەکەم: خوێندنەوەی دەستووری عیراق

ناسنامەی فرەیی عیراقی نوێ ..... ٩
تایبەتمەندی سیستەمی فیدراڵی عیراق ..... ١٣
فیدراڵی لەدەستوری نوێی عیراقدا ..... ١٧
هەرێمەکان لەدەستووری نوێی عیراقدا ..... ٢٣
سامانی سروشتی لەدەستووری نوێی عیراقدا ..... ٢٨
پرەنسیپی تەوافق لەدەستووری نوێی عیراقدا ..... ٣٣
حزبی بەعسی هەڵوەشاوەو پرۆسەی سیاسی ..... ٣٩
شوێنی سوپا لەدەستووری عیراقدا ..... ٤٣
دژایەتی تیرۆر لەدەستووری نوێی عیراقدا ..... ٤٦
دەزگاکانی هەواڵگری و ئاسایش لە عیراقی نوێدا ..... ٤٩
مافە مەدەنی و سیاسییەکان لەدەستووری عیراقدا ..... ٥٣
مافەئابوورییەکان لەدەستووری عیراقدا ..... ٥٨
مافەکۆمەڵایەتی و فەرهەنگیەکان لەدەستووری عیراقدا ..... ٦١
ئازادییەکان لەدەستووری عیراقدا ..... ٦٥
دەسەڵاتە فیدراڵیەکان لەدەستووری نوێی عیراق ..... ٧٠
پێگەو دەسەڵاتی پەرلەمانی داهاتووی عیراق ..... ٩٥





شەڕە یاساییەکانی پەرلەمانی داهاتووی عیراق ..... ١٠١
ڕۆڵی پەرلەمان لەژیانی سیاسی عیراقی نوێدا ..... ١١٢
پێگەی سەرۆك كۆمار لەدەستووری نوێی عیراقدا ..... ١١٩
چۆن دەسەڵاتەکانی سەرۆك كۆمار زیاد دەکرێت ..... ١٢٤
هاوسەنگی دەسەڵاتەکان لەدەستووری عیراقدا ..... ١٢٨
دەسەڵاتی دادوەری فیدراڵی لەدەستووری عیراقدا ..... ١٣٢
دەستە سەربەخۆکان لەدەستووری عیراقدا ..... ١٣٥
هەموارکردن لەدەستووری نوێی عیراقدا ..... ١٣٩

## بەشی دووەم: کوردو دەستووری عیراق

مافەکانی کورد لەدەستووری نوێی عیراقدا ..... ١٤٥
بایەخی بەڕەسمی ناسینی زمانی کوردی ..... ١٦٢
بایەخی یەکگرتنەوەی ئیدارەکان لە ڕوانگەی دەستوورەوە ..... ١٦٤

## بەشی سێیەم: حکومەتی عیراق

هەنگاوەکانی پێکهێنانی حکومەتی نوێی عیراق ..... ١٧١
پێویستی پێکهێنانی حکومەتی یەکێتی نیشتمانی عیراق ..... ١٧٤

## بەشی چوارەم: عیراقو یاسای نوێی هەڵبژاردن

عیراقو یاسای نوێی هەڵبژاردن ..... ١٨١
پاشکۆ ..... ١٩١

## پێشەکی:

پرۆسەی ئازادیی عیراق، کۆتایی بەڕژێمی دیکتاتۆری صدام حسین هێناو دەروازەی قۆناغێکی سیاسی نوێی والا کرد. لەم قۆناغەدا سەرباری ئاستەنگە ئەمنیو ئابووریو خزمەتگوزارییەکان، پرۆسەی سیاسی تاڕادەیەك پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیوە. ئەوەی جێگەی سەرنجو تێڕامانە لەو هەلومەرجە دژوارەشدا هاوولاتیانی عیراق بەهیواو ئومێدەوە لەئایندە دەڕوانن. هەربۆیەش بەجۆشو خرۆشەوە لەماوەی کەمتر لەساڵێکدا بەشداری سێ پرۆسەی دەنگدانیان کرد لەهەڵبژاردنەکانی ٣٠/١/٢٠٠٥و ١٥/١٢/٢٠٠٥و راپرسی دەستووری هەمیشەیی لە ١٥/١٠/٢٠٠٥.

ئەو سێ پرۆسەیان بەرەنگکردنی پەنجەکانیان نەخشاند، کە لەشۆڕشێکی نوێی سەردەم دەچوو، هەربۆیەش جێگەی خۆیەتی بەشۆڕشی پەنجە مۆرەکان ناو دێربکرێت. منیش کتێبەکەم بەو ناوەوە ناونا.ئەنجامی ئەم شۆڕشە، دامەزراندنی دامودەزگا رەسمییەکانی وەك ئەنجومەنی سەرۆکایەتیو ئەنجومەنی وەزیرانو پەرلەمانو دەسەلاتی دادوەریو پەسەندکردنی دەستووری هەمیشەیی لێکەوتەوە.





ئەم کتێبە کە کۆمەڵێك وتاری لەخۆ گرتووەو بەشی زۆریان لەڕۆژنامەو گۆڤارەکانی هەرێمی کوردستاندا بڵاوبونەتەوە، ئەم وتارانە بەشێکیان تایبەتن بەشیکردنەوەی ماددەو بڕگەکانی دەستووری هەمیشەیی عیراقو ئەوانی تریشیان تایبەت بەپرۆسەی سیاسی عیراقو کوردستان. بەپێویستم زانی هەموویان لەدوو توێی کتێبێکی سەربەخۆدا چاپ بکەم، هیوادارم سوودبەخش بێت...

**نوسەر**

## بەشی یەکەم:

# خوێندنەوەی دەستوری عیراق

# ناسنامەی فرەیی
# عیراقی نوێ

ئەگەر بەوردی سەیری دەستورەکانی پێشووی عیراق بکەین، دەبینین لەزۆربەی ئەو دەستورانەدا (بێجگە لەدەستوری ساڵی ١٩٢٥)، عیراق بەبەشێك لەنەتەوەی عەرەب دانراوەو تەنهاش زمانی عەرەبی زمانی رەسمی سەرانسەری وڵات بووە. ئەمەش بەشێوەیەکی روونو ئاشکرا پێشێلکردنی مافی گەلی کوردو نەتەوەو پێکهاتەکانی دیکە بووە.

لەدوای پرۆسەی ئازادی عیراق تێزو تێروانینی نوێ لەسەر ئەو مەسەلانە هاتە گۆڕێ، نوێنەرانی هەموو پێکهاتەو رەنگە جیاجیاکان سەبارەت بەناسنامەی عیراق گفتوگۆو مشتومڕی گەرمیان کردو ئەو راستیەیان جێگیر کرد کە عیراق وڵاتێکی فرە نەتەوەیە.

هەر لەو چوارچێوەیەداو لەبڕگەی (ب)ی ماددەی (٩)ی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراق بۆ قۆناغی گواستنەوەدا ئەوەیان جێگیر کرد کە عیراق وڵاتێکی فرەنەتەوەیەو تەنها گەلی عەرەبی عیراق بەشێکە لەنەتەوەی عەرەب، ئەوەش بەمانای ئەوە دێت کە گەلەکانی تری چوارچێوەی سنووری عیراق بەشێکن لەنەتەوەکانی خۆیان.

ئەمە بەگۆڕانو وەرچەرخانێکی نوێ لەژیانی سیاسیو دەستووری عیراقدا دادەنرێتو ئەو بەرگە عەرەبییە سەپاوەی سەر عیراقی داماڵیو بەرگێکی نوێو





رەنگاوڕەنگی فرەیی لەبەرکرد. لەدەستوری نوێی عیراقیشدا جەخت لەوەکراوەتەوە کە عیراق وڵاتێکی فرەییەو لەماددەی سێی ئەو دەستورەدا ئاماژە بەوە کراوە کە عیراق وڵاتێکی فرە نەتەوەو فرە ئایینو فرە ئایینزایە. ئەوەی تێبینی دەکرێت لەم دەستورەدا بێجگە لەفرەیی نەتەوەیی ئاماژە بەفرەیی ئایینو ئایینزاش کراوە، ئەوەش خۆی لەخۆیدا زیاتر رووی فرەییو جیاوازییەکانی کۆمەڵی عیراقی نیشان دەدات.

ئەوەی جێگەی سەرنجە لەم دەستورەدا ئەو بڕگەیەی یاسای بەڕێوەبردن دانەنراوە کە دەیگوت گەلی عەرەبی عیراق بەشێکە لەنەتەوەی عەرەب. لەوەش زیاتر ئەوە زیادکراوە کە عیراق بەشێکە لەجیهانی ئیسلامیو ئەندامی دامەزرێنەرو کارای جامیعەی عەرەبییەو پابەندی میساقەکەیەتی.

ئەگەرچی لەم دەستورەدا جەخت لەفرەیی نەتەوەییو ئایینیو ئایینزایی کراوەتەوە، بەڵام عیراق بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەجیهانی ئیسلامیو عەرەبییەوە گرێدراوەتەوە. ئەگەرچی جیهانی ئیسلامی پابەندبوونی ئەوتۆ دروست ناکات. بەڵام پابەندبوون بەمیساقی جامیعەی عەرەبییەوە، پابەندبوونە بەماددەو بڕگەکانی کەسایەتییەکی مەعنەوییەو بەپێی ماددەی یەکی میساقی جامیعەی وڵاتانی عەرەبی ئەو جامیعەیە لەو وڵاتە عەرەبییە سەربەخۆیانە پێك دێت کە ئیمزایان لەسەر میساقەکە کردووە، هەر بەپێی ئەو ماددەیە هەر دەوڵەتێکی عەرەبی سەربەخۆ مافی ئەوەی هەیە ببێتە ئەندامی جامیعەی عەرەبی.

بەم پێیە پابەندبوونی عیراق بەمیساقی جامیعەی عەرەبی، بەشێوەیەك لەشێوەکان ناسنامەی عەرەبی پێدەبەخشێتەوە، بەڵام نکۆڵی لەبوونی نەتەوەکانی تریش ناکات. بێجگە لەفرەیی نەتەوەیی، لەدەستوری نوێی عیراقدا ئاماژەش

بەفرەیی ئایینی کراوە. لەو چوارچێوەیەدا ئایینی ئیسلام بەئایینی رەسمی دەوڵەتو سەرچاوەیەکی بنەڕەتی یاسادانان دانراوە.

لەو رووەوە ئاماژە بەوە کراوە کە نابێت یاسایەك دەرچێت لەگەڵ حوکمە نەگۆڕەکانی ئیسلامدا ناکۆك نابێت. هەروەها باسی ئەوەش کراوە کە نابێت یاسا دەرچێت لەگەڵ سەرەتاکانی دیموکراسیو مافو ئازادییە بنەڕەتیەکانی دەستوردا ناکۆك بێت.

لەبەرچاوگرتنی ئەو مەسەلە جیاجیایانە لەدەرکردنی یاساکاندا پێویستی بەتەنسیقو تەوافقو رێزگرتنی دیدو بۆچوونە جیاوازەکان هەیە. هەر لەدەستوری نوێدا جەخت لەپاراستنی ناسنامەی ئیسلامی زۆرینەی گەلانی عیراق کراوەتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئایینەکانی دیکە فەرامۆش نەکراوەو باسی رێزگرتنو پاراستنی مافە ئایینیەکانی تاکەکانی مەسیحیو ئێزیدیو سابیئە مەندائییەکان کراوە، ئەمەش روخسارێکی دیکەی فرەیی نیشان دەدات. هەر لەچوارچێوەی بایەخدان بەبواری ئایینیدا، لەماددەی (١٠)ی دەستوردا جەخت لەڕێزگرتنو پاراستنی شوێنە پیرۆزو مەزارە ئایینیەکان بەئازادی کراوەتەوە.

هەر لەچوارچێوەی پاراستنی رووی فرەیی دەستوردا جەخت لەوە کراوەتەوە کە عیراقییەکان سەرباری جیاوازی (نەژاد، نەتەوە، رەسەن، رەنگ، ئایین، ئایینزا، رەگەز، باوەڕو بۆچوون، باری ئابوریو کۆمەڵایەتی) لەبەردەم یاسادا یەکسانن. بەپێی ماددەی (٣٩)ی دەستوور، عیراقییەکان ئازادن لەپابەندبوونیان بەکاروباری کەسایەتییان بەپێی (ئایینیان، ئایینزایان، باوەڕیان، ویستی خۆیان) بەپێی ماددەی (٤١)ی دەستوور هەوادارانی هەر ئایینو ئایینزایەك ئازادن لەئەنجامدانی رێوڕەسمە ئایینیەکانیانو بەڕێوەبردنی ئەوقافو دامودەزگا ئایینیەکان. ئەوەی





لەهەردوو ماددەی (٣٩و ٤١)ی دەستوردا هاتووە روخساری ئازادی فرەیی ئایینو ئایینزا نیشان دەدات.

بێجگە لەفرەیی نەتەوەییو ئایینی جەخت لەفرە حزبیش کراوەتەوەو لەسەر شانۆی سیاسی عیراق چەندین حزبو رێکخراوی سیاسی بەئازادی کار دەکەن. لەبەر رۆشنایی ئەو راستیانەدا دەگەینە ئەو راستیەی کە لەدوای پرۆسەی ئازادیی عیراق کۆتایی بەقۆناغی یەك رەنگی نەتەوەییو ئایینیو حزبی هاتو عیراقی نوێ بۆتە گوڵدانی رەنگو دەنگە نەتەوەییو ئایینیو حزبیە جیاوازەکان، هەرئەوەش زامنی ئاشتیو ئارامیو هێشتنەوەی یەکپارچەیی خاکی عیراقە.

کوردستانی نوێ ژمارە(٣٨٧١)لە١٦/١/٢٠٠٦

# تایبەتمەندی سیستمی فیدراڵی عیراق

زۆربەی دەوڵەتە فیدراڵەکان ناوچەکانی سنووری دەسەڵاتیان لەسەر بنەمای هەرێم دابەشکردووەو دەسەڵاتەکانیان لەنێوان حکومەتی هەرێمەکانو حکومەتی فیدراڵیدا دابەشکردووە.

بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت سیستمی فیدراڵی عیراق تایبەتمەندی خۆی هەیەو بەپێی ماددەی (١١٢)ی دەستووری نوێ سیستمی فیدراڵی عیراق لەسەر بنەمای (پایتەخت، هەرێمەکان، پارێزگا نامەرکەزییەکان، بەڕێوەبەرایەتیە خۆجێییەکان) دابەشکراوە

**١- پایتەخت:**

بەغدا پایتەختی کۆماری عیراقی فیدراڵە، ئەوەش وادەکات کەتایبەتمەندی خۆی هەبێت، هەربۆیەش بەپێی ماددەی (١٢٠) ی دەستوور حسابی تایبەت بۆ بەغدای پایتەخت کراوەو بەسنووری ئێستایەوە دەمێنێتەوەو ڕێگەی پێنادرێت بچێتە سنووری هیچ هەرێمێکەوە. ئەمەش وادەخوازێت کەبەغدا بکرێتە هەرێمێکی سەربەخۆ، ئەمەش بەپێی ماددەی (١١٥) ی دەستوور کارێکی یاساییو دەستوورییە، چونکە بەپێی ئەو ماددەیە پارێزگایەکیش بەتەنها مافی ئەوەی هەیە هەرێمێك پێك بهێنێ، ئەمەش بەدوو ڕێگە دەبێت، یەکەمیان بەداوای ١/٣ی ئەندامانی ئەنجومەنی ئەو پارێزگایە، دووەمیان بەدەنگی ١/١٠ ی دەنگدەرانی





ئەو پارێزگایە، بۆ هەردوو ڕێگەکەش دەبێت ڕاپرسی هاووڵاتیانی سنووری ئەو پارێزگایەی بۆبکرێت.

ئەو حسابە تایبەتیەی کە بۆ بەغدای پایتەخت کراوە بەهۆی ئەوەوەیە ناوەندی سەرەکی دەسەڵاتە فیدراڵییەکانی وەك (سەرۆکایەتی کۆمار، ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومەنی نوێنەران، دەسەڵاتی دادوەری، وەزارەتەکان) لەپایتەختنو دەبێت ئەو ناوەندانە سەربەخۆیی خۆیان هەبێت لەهەرێمێکی جیاو سەربەخۆدابنو نابێت لەژێر سایەی هەرێمێکی تردابن، بۆئەوەی نەکەونە ژێر فشارو کاریگەری ئەو هەرێمەوە.

**٢- هەرێمەکان:**

پێکهاتەیەکی تری سیستمی فیدراڵی عیراق هەرێمەکانە، ئەوەی تێبینی دەکرێت تەنها هەرێمی کوردستان هەرێمێکی دانپێنراوو بەڕەسمی ناسێنراوە، ئەم هەرێمە بەپێی یاسای بەڕێوەبردن بەڕەسمی دان بەهەموو دامو دەزگاکانیدا نرابوو لەپەرلەمان، ئەنجومەنی وەزیران، دەسەڵاتی دادوەری.

دەستووری نوێی عیراقیش جارێکی دیکە هەرێمی کوردستانی بەڕەسمی ناسیوەو بەپێی ماددەی (١١٣) ی دەستوور، لەگەڵ کارکردن بەودەستورە راستەوخۆ هەرێمی کوردستان بەهەموو دەسەڵاتەکانی ئێستایانەوە وەك هەرێمێکی فیدراڵ دەناسێت.

بەڵام ئایا بەتەنها بوونی هەرێمی کوردستان بەسە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی فیدراڵی؟

بێگومان دەستووری عیراق وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوەو بەپێی ماددەی (١١٤) ی دەستوور بۆئەوەی پایەکانی سیستمی فیدراڵی بچەسپێ دەبێت هەرێمی دیکەش دروست بکرێت، هەربەپێی ئەو ماددەیەی دەستوور، دەبێت ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراق لەیەکەم دانیشتنیەوە تا شەش مانگ یاسایەکی تایبەت دەربکات

بۆ دیاریکردنی ڕێوشوێنەکانی دروستکردنی هەرێمەکانی تر، ئەو یاسایەش دەتوانرێت بەدەنگی زۆرینەی سادەی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران دەربکرێت، ئەمەش خۆی لەخۆیدا ئاسانکاری دانەرانی دەستوورە بۆئەوەی بەئاسانی یاسای پێکهێنانی هەرێمەکانی تر دەربکرێت.

ماددەی (١١٥) ی دەستووریش ئاسانکاری تر دەخاتە ڕوو بۆ پێکهێنانی هەرێمی تر، بەپێی ئەو ماددەیە هەر پارێزگایەك یان زیاتر مافی پێکهێنانی هەرێمیان هەیە، ئەوەش لەسەر داوای ١/٣ ی ئەندامانی ئەنجومەنی ئەو پارێزگایانە، یاخود لەسەر داوای ١/١٠ ی دەنگدەرانی ئەو پارێزگایانە بەمەرجێك متمانەی دەنگدەرانی ئەو پارێزگایانە لەراپرسیدا بەدەست بهێنێ.

### ٣ـ پارێزگا نامەرکەزییەکان:

بێجگە لەتایبەتمەندی بەغدای پایتەخت، بەپێی دەستووری عیراق دەکرێت هەر پارێزگایەکی دیکەی عیراق سەربەخۆبێت‌و لەچوارچێوەی هیچ هەرێمێکدا خۆی ڕێنەخستبێ، بەپێی ماددەی (١١٨) ی دەستوور بەوپارێزگایانە دەگوترێت پارێزگا ڕێکنەخراوەکان لەهەرێمێکدا، یاخود پارێزگا نامەرکەزییەکان. دەستوور دەسەڵاتی ئیداری‌و دارایی فراوان بەوجۆرە پارێزگایانە دەدات بۆئەوەی کاروباری خۆیان لەسەر بنەمای لامەرکەزی بەڕێوەبەرن، دەبێت ئەنجومەنی نوێنەرانی داهاتووی عیراق یاسایەکی تایبەت بۆئەو مەبەستە دەربکات‌و تێیدا هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاو پارێزگارو دەسەڵات‌و تایبەتمەندییان ڕوون بکاتەوە.

هەربەپێی دەستووری ئەنجوومەنی ئەو پارێزگایانە تاڕادەیەك سەربەخۆیی دارایی دەبێت‌و لەژێر کۆنترۆڵ‌و سەرپەرشتی هیچ وەزارەت‌و لایەنێکدا نابێت.





هەربەپێی ئەحکامەکانی دەستوور دەکرێت دەسەڵاتەکانی حکومەتی فیدراڵی بدرێت بەپارێزگاکان یان بەپێچەوانەوە، ئەوەش بەڕەزامەندی هەردوولا دەبێت‌و ئەنجومەنی نوێنەران دەبێت یاسایەکی تایبەت بەو مەسەلەیە دەربکات.

### ٤ـ بەڕێوەبەرایەتیە خۆجێیەکان:

بێجگە لەپایتەخت‌و هەرێم‌و پارێزگا، ماددەی (١٢٠) ی دەستووری نوێ ئاماژەی بەئیدارەی خۆجێیەتیش کردووە، ئەمەش کەخۆی لەیەکەیەکی بچووکدا دەبینێتەوە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری نەتەوە جیاجیاکان دانراوە لەوانە تورکمان، کلدان، ئاشورو پێکهاتەکانی تر، لەوچوارچێوەیەداو لەوشوێنانەدا کە ئەو گەلانەی تێدا نیشتەجێیەو زۆرینەی دانیشتوانەکەی پێك دەهێنن، بۆیان هەیە ئیدارەی تایبەت بەخۆیان هەبێت، ئەوەش بەمەبەستی پاراستنی مافە ئیداری‌و سیاسی‌و فێرکردن‌و ڕۆشنبیرییەکانیان ئەنجوومەنی نوێنەران دەبێت یاسایەکی تایبەت بۆئەو مەسەلانە دەربکات‌و وردەکارییەکانی بخاتە ڕوو.

* کوردستانی نوێ ژمارە(٣٨٨٤)لە٣١/١/٢٠٠٦

# فیدراڵی لەدەستووری نوێی عیراقدا

لەدوای پرۆسەی ئازادیی عیراق‌و دانانی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراق بۆ قۆناغی گواستنەوە فیدرالی لەدروشمی سیاسییەوە مۆرکێکی یاسایی‌و دەستووری پێبەخشراو بووە سیستمی حوکمڕانی عیراق، ئەوە بێجگە لەوەی ڕەهەندێکی نێودەوڵەتی وەرگرت‌و لەبڕیاری ژمارە (١٥٤٦)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیشدا ئاماژە بەوەدرا کە سیستمی حوکمڕانی عیراق فیدراڵییە.

لەدەستووری نوێی عیراقیشدا، فیدراڵی وەك سیستمی سیاسیی کۆماری عیراقدا چەسپیوەو لەچەندین ماددەو بڕگەی ئەو دەستوورەدا ئاماژەی پێدراوە، بەپێویستی دەزانم تیشك بخەمە سەر هەموو ئەو ماددەو بڕگانەی دەستوری نوێ کەباسی فیدراڵی دەکەن.

لەدیباجەی دەستووردا زۆر بەروونی ئاماژە بە فیدراڵی کراوەو دەڵێت(گەلی عیراق کە پەیمانی بەخۆی داوە بەهەموو پێکهاتەو ڕەنگەکانیانەوە بەئازادی‌و ئارەزوومەندانە بڕیاری فیدراڵییەتی خۆی بدات). ئەوەی لەدیباجەدا هاتووە باسکردنێکی روون‌و راشکاوی فیدرالییەو بەشێوەیەکی ناراستەوخۆش باسی مافی چارەی خۆنووسین دەکات.لەماددەی یەکی دەستووردا جارێکی دی ئاماژە بەوەدەکات کەسیستمی حوکمڕانی عیراق کۆماری، پەرلەمانی، دیموکراسی، فیدرالییە. بەوەش بەپێی ئەو ماددەیە جەخت لە مەسەلەی فیدرالی دەکرێتەوە.





لەبڕگەی سێیەمی ماددەی چواری دەستووردا جارێکی تر ناوی فیدراڵی دێت‌و تیایدا هاتووە(دامەزراوو دەزگاکانی فیدراڵی لەهەرێمی کوردستان هەردوو زمانی کوردی‌و عەرەبی بەکار دەهێنن).

لەماددەی(٤٥)ی دەستووردا باسی جیاکردنەوەی دەسەڵاتە فیدراڵییەکان کراوەو دەیانکات بەسێ بەشەوە ئەوانیش دەسەڵاتەکانی یاسادانان‌و جێبەجێکردن‌و دادوەرین.

لەماددەی (٤٦)ی دەستووردا ئاماژە بەوە دەکات کە دەسەڵاتی یاسادانان لەدوو ئەنجومەن پێك دێت، ئەوانیش ئەنجومەنی نوێنەران‌و ئەنجومەنی فیدراڵییە، بوونی دوو ئەنجوومەنی یاسادانان یەکێکە لەسیما دیارەکانی دەوڵەتی فیدراڵی.

ئەنجومەنی نوێنەران پەرلەمانی فیدراڵییەو نوێنەرایەتی سەرجەم دانیشتوانی عیراق دەکات. ئەنجومەنی فیدرالیش ئەنجومەنی نوێنەراتی هەرێمەکان‌و ئەو پارێزگایانە دەکات کەلەچوارچێوەی هەرێمێکدا رێك نەخراون، لەبەر ئەوەی تەنها هەرێمی کوردستان وەك هەرێمێکی رەسمی‌و دانپیانراو بەپێی یاسای بەڕێوەبردن وجودی هەیەو لەدوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی داهاتوو بەپێی دەستووری نوێ راستەوخۆ وەك هەرێمێکی فیدراڵ بەهەموو دەسەڵاتەکانی ئێستایەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێ، بەپێی ماددەی (١١٤)ی دەستوور پەرلەمانی داهاتووی عیراق لەماوەی شەش مانگدا یاسایەکی تایبەت دەردەکات بۆ پێکهێنانی هەرێمەکانی تر.هەر لەبەر ئەوەشە لەماددەی(١٣٣)ی دەستووردا ئاماژە بەوەدەکات کەکارکردن بەحوکمەکانی تایبەت بەئەنجومەنی فیدرالی دوا دەخرێت تا ئەو کاتەی پەرلەمانی داهاتووی عیراق یاسایەکی تایبەت لەو بارەیەوە دەر دەکات.

ماددەی(٤٨)ی دەستوور دەقی سوێندی دەستووریی خستۆتە روو، لەو سوێندەشدا ئاماژە بەپاراستنی سیستمی دیموکراسی‌و فیدراڵی وڵات کراوە.

لەماددەی (٥٨)ی دەستووردا جارێکی تر باسی فیدراڵی کراوەو دانانی یاسا فیدراڵییەکان لەچوارچێوەی دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی نوێنەراندا ریز بەندکراوە.

لەماددەی (٦٣)ی دەستوردا فیدرالی باسکراوەو لەو چوارچێوەیەدا هاتووە( دەسەڵاتی جێبەجێکردنی فیدرالی لەسەرۆك کۆمارو ئەنجومەنی وەزیران پێك دێت).

لەماددەی(٨٦)ی دەستووردا ئاماژە بەدەسەڵاتی دادوەریی فیدراڵیو پێکهاتەکانی کراوەو ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کەسیستمی وڵات فیدراڵییە.

بەپێی ماددەی (١٠٢)ی دەستور دەستەیەکی گشتی دادەمەزرێت لەنوێنەرانی حکومەتی فیدراڵیو هەرێمەکانو پارێزگاکانی رێك نەخراو لەهەرێمدا بۆ زامنکردنی مافی هەرێمەکانو ئەو پارێزگایانەی کە لەچوارچێوەی هەرێمێکدا رێك نەخراون.

ئەرکی ئەم دەستە ئەوەیە کە هەرێمو پارێزگاکان بەشێوەیەکی دادپەروەرانە لەدامودەزگاکانی دەوڵەتی فیدراڵیو نێردەو زەمالاتی خوێندنو وەفدو کۆنگرە هەرێمایەتیو نێودەوڵەتیەکان بەشداری بکەن.

دامەزراندنی ئەم دەستەیە گشتییە بەپێی ئەم دەستورە، زەمانەتێکی دەستورییە بۆ ئەوەی مافە هەرێمو پارێزگاکان زامن بکرێت. ئەم ماددەیەش سیمای فیدرالی دەوڵەتی نوێی عیراق دەخاتە روو کەلەچەند هەرێم و پارێزگایەکی جیا جیا پێك دێتو دەبێت زامنی مافی هەموویان بکرێت.

بەپێی ماددەی (١٠٣)ی دەستور، دەستەیەکی گشتی لەشارەزایانی حکومەتی فیدراڵیو هەرێمەکانو پارێزگاکان پێکدێ، ئەرکی ئەم دەستەیە چاودێریکردنو تەرخانکردنی داهاتی فیدراڵییە.





**ئەرکەکانی ئەو دەستەیە ئەمانەیە:**

١ـ دڵنیا بوون لە بەعەدالەت دابەشکردنی بەخشینو یارمەتیو قەرزی نێودەوڵەتی بە پێی پشکی هەر هەرێمو پارێزگایەك کە لەهەرێمێکدا رێکنەخراون.

٢ـ دڵنیا بوون لەبەکارهێنانو دابەشکردنی دەرامەتی فیدراڵی بە باشترین شێوە.

٣ـ زامنکردنی روونیو ئاشکراییو دادپەروەری لەتەرخانکردنی سامانەکان بۆ حکومەتی هەرێمەکان یان ئەو پارێزگایانەی لەهەرێمێکدا رێك نەخراون بە گوێرەی ئەو رێژەیەی کە بڕیاری لەسەر دراوە.

ئەگەر بەوردی سەیری ئەرکەکانی ئەم دەستەیە بکەین دەبینین وەك چاودێروان بەسەر حکومەتی فیدراڵیو حکومەتی هەرێمەکانو ئەو پارێزگایانەی لەچوارچێوەی هەرێمێکدا رێك نەخراون بۆ ئەوەی بە دادپەروەریو روونیو ئاشکرایی داهاتەکان دابەش بکرێو هەموان لێی سوودمەندبن، ئەمەش زەمانەتێکی دیکەی دەستوورییە کە هاوسەنگی نێوان حکومەتی فیدراڵیو هەرێمو پارێزگاکان رادەگرێت. ئەم دەستەیەش دامەزراوەیەکی دیکەی فیدراڵییەو سیمای فیدراڵی دەوڵەتی عیراق نیشان دەدات.

ماددەی(١٠٤)ی دەستوور باس لەپێکهێنانی ئەنجومەنی راژەی گشتی فیدراڵی دەکات، ئەم ئەنجومەنە ئەرکی رێکخستنی کاروباری وەزیفەی گشتی فیدراڵی دەگرێتە ئەستۆ لەدامەزراندنو پلە بەرزکردنەوە، دامەزراندنی ئەم ئەنجومەنە فیدرالییەش روخسارێکی تری سیستمی فیدراڵی عیراق دەخاتە روو.

ماددەکانی(١٠٦-١١٢) ی دەستوور تایبەتمەندی دەسەڵاتە فیدرالییەکان دەکاتو دەسەڵاتە حەسرییەکانی حکومەتی فیدرالیو دەسەڵاتە هاوبەشەکانی نێوان دەسەڵاتی فیدرالیو دەسەڵاتی هەرێمەکانو پارێزگاکانی دیاریکردووە، ئەو

دەسەڵاتانەشی کە دەمێنێتەوە لەچوارچێوەی دەسەڵاتی تایبەتی هەرێمەکانو پارێزگاکاندا دەبێت. ئەو ماددانەش جارێکی تر ئەو راستییە دەسەلێنن کە عیراقی نوێ دەوڵەتێکی فیدرالییە.

ماددەکانی(١١٢-١٢٢) تایبەتن بەدەسەڵاتی هەرێمەکانو لەو ماددانەدا باسی دەسەڵاتی هەرێمەکان، پارێزگا نامەرکەزییەکانو بەرێوەبەرایەتییە خۆجێییەکان کراوە.هەروەها لەو ماددانەدا باسی ئەوە کراوە لەگەڵ جێبەجێکردنی دەستووری نوێدا هەرێمی کوردستان بە هەموو دەسەڵاتەکانی ئێستایەوە بەهەرێمێکی فیدراڵ دادەنێت.

هەروەها ئەم دەستوورە دان بەو هەرێمە نوێیانەشدا دەنێت کە پەرلەمانی داهاتووی عیراق دەبێ لەماوەی شەش مانگ لەدوای دەست بەکاربوونیەوە پێکیان بهێنێت. ئەو بابەتانەی لەدووتوێی ئەم ماددانەدا هاتوون جارێکی تر جەخت لەوە دەکەنەوە کە عیراق دەوڵەتێکی فیدراڵییە.

لەبڕگەی چواری ماددەی(١٢٢)ی دەستووردا ئاماژە بەوەکراوە کەنابێت هیچ هەموار کردنێك بۆ ماددەکانی دەستوور بکرێت کە لەدەسەڵاتی هەرێمەکان کەم بکاتەوە. ئەم بڕگەیەش دان بەهەرێمەکاندا دەنێت ئەوەش نیشانەی بوونی سیستمێکی فیدراڵییە.

هەموو ئەو ماددەو بڕگانەی دەستووری نوێ کە تیشکمان خستە سەریان ئەو راستییە دەخەنە روو کەسیستمی حوکمڕانی عیراق سیستمێکی فیدراڵییە و ئەوەش لەزۆربەی دامودەزگا رەسمییەکانی حکومەتی فیدرالیو هەرێمەکانو پارێزگا نامەرکەزییەکاندا رەنگی داوەتەوە. هەربۆیەش هەر حکومەتێك لەداهاتوودا دەسەڵاتی سیاسی بگرێتە دەست دەبێ لەژێر سایەی ئەو دەستوورەدا کار بکاتو بەوەش ناتوانێت خۆی لەبنەماکانی سیستمی فیدرالی بدزێتەوە یاخود ئەو





سیستمەی حوکمڕانی هەموار بکات بەسیستمێکی دیکەی مەرکەزی، چونکە هیچ هەمواركردنێك بەبێ رەزامەندی دەنگی نوێنەرانی گەلی کوردستان ناکرێت. ئەوە بێجگەلەوەی کە شیعەکانیشس داکۆکی لەسیستمی فیدرالی دەکەن، چونکەئەوانیش وەك کورد تاڵاوی زۆریان لەسایەی سیستمی مەرکەزی دیکتاتۆریدا چەشتووە.

* کوردستانی نوێ ژمارە(٣٨٢٠)لە١١/١١/٢٠٠٥

# هەرێمەکان لەدەستووری نوێی عیراقدا

لەدیباجەو چەندین ماددەو بڕگەی دەستوری نوێی عیراقدا ئاماژە بەوەکراوە کە سیستمی حوکمڕانی عیراق سیستمێکی فیدراڵییە، بەو پێیەش دەبێت دەسەلات لەنێوان حکومەتی فیدراڵی‌وحکومەتی هەرێمەکاندا دابەش بکرێت، هەریەکەیان چوارچێوەی سنوری دەسەلاتی بۆ دیاری بکرێت.

بەپێی ماددەی (١١٢)ی دەستوری نوێ، سیستمی فیدراڵی عیراق دەسەلاتی لەنێوان پایتەختو هەرێمەکانو پارێزگا نامەرکەزییەکانو بەڕێوەبەرایەتیە خۆجێییەتیەکان دابەش کردووە.

بەپێی ماددەی (١٢٠)ی دەستور، پارێزگای بەغدا بە سنووری شارەوانی ئێستایەوە پایتەختەو سەربەخۆ دەبێتو ناچێتە ژێر رکێفی هیچ هەرێمێکی ترەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە پایتەخت تایبەتمەندی خۆی هەیەو بارەگای سەرەکی دامەزراوە فیدراڵییەکانی وەك پەرلەمانو ئەنجومەنی سەرۆکایەتی‌و ئەنجومەنی وەزیرانو وەزارەتەکانو ئەنجومەنی دادوەری فیدراڵی لێیە.

لەبەر ئەوە دەبێت پایتەخت وەك هەرێمێکی سەربەخۆ بێتو لەژێر کاریگەری هیچ هەرێمێکی تردا نەبێت.

سەبارەت بە هەرێمەکانی تر، لەبڕگەی یەکی ماددەی (١١٣)ی دەستوری نوێدا ئاماژە بەوە کراوە راستەوخۆ لەگەڵ جێبەجێکردنی ئەم دەستورەدا هەرێمی





کوردستان بە هەموو دەسەلاتەکانی ئێستایەوە وەك هەرێمێکی فیدراڵ دادەنرێتو مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت.

بەپێی بڕگەی دووی ماددەی (١١٣)ی دەستور دان بەو هەرێمە نوێیانەدا دەنرێت کە دواتر دروست دەبن. بە پێی ماددەی (١١٤)ی دەستور دەبێت پەرلەمانی داهاتووی عیراق لەیەکەم دانیشتنیەوە تا شەش مانگ بە زۆرینەی سادەی دەنگی ئەندامانی یاسایەکی نوێ دەربکات بۆ پێکهێنانی هەرێمە نوێیەکان.

بەپێی ماددەی (١١٥)ی دەستور، هەر پارێزگایەك یان زیاتر مافیان هەیە هەرێمێك پێك بهێنن، لەسەر داوای دانیشتوانی ئەو شوێنانەو دەبێت راپرسیشی بۆ بکرێت. هەر هەمان ماددە دوو رێگەی دیاری کردووە بۆ پێکهێنانی هەرێم.

رێگەی یەکەم: ١/٣ی ئەندامانی هەر ئەنجومەنێك لەئەنجومەنی ئەو پارێزگایانەی دەیانەوێت هەرێم پێك بهێنن، دەتوانن داوایەك بۆ ئەو مەبەستە پێشکەش بکەن.

دووەم: ١/١٠ی دەنگدەران لەو پارێزگایانەی دەیانەوێت هەرێم پێك بهێنن دەتوانن داوایەك پێشکەش بکەن.

ئەوەی جێگەی سەرنجە لەم دوو رێگەیەدا ئاماژە بەوە نەکراوە داواکانی پێکهێنانی هەرێم پێشکەش بەکێ بکرێت.

بەپێی ماددەی (١١٦)ی دەستور، هەر هەرێمێك دەتوانێت دەستورێك بۆ خۆی دابنێتو تێیدا دەسەلاتو ئەرکەکانو شێوازی کارپێکردنی دیاری بکات، بە مەرجێ ئەو دەستورەی هەرێم لەگەڵ دەستوری عیراقدا ناکۆك نەبێتو لەبەر رۆشنایی ئەحکامەکانی ئەودا نووسرا بێت.

بەپێی بڕگەی یەکی ماددەی (١١٧)ی دەستور، هەرێمەکان مافی پیادەکردنی دەسەلاتەکانی یاسادانانو جێبەجێکردنو دادوەرییان هەیە، تەنها دەسەلاتە

حەسرییەکان نەبێت کە لەدەستوری عیراقدا بۆ دەسەڵاتە فیدراڵییەکانی بەغدا دانراوە.

بەپێی بڕگەی دووی ماددەی (١١٧) هەرێمەکان مافی هەموارکردنی یاسای فیدراڵییان هەیە بە مەرجێك ئەو یاسایە لەچوارچێوەی تایبەتمەندییە حەسرییەکانی دەسەڵاتی فیدراڵی نەبێت.

بەپێی بڕگەی سێی ماددەی (١١٧) دەبێت لەداهاتە دەستکەوتووەکانی فیدراڵی بەشێکی دادپەروەرانە تەرخان بکرێت بۆ هەرێمەکانو پارێزگاکان بۆ ئەوەش دەبێت ڕەچاوی داهاتو پێداویستیەکانو ڕێژەی دانیشتوانی ئەو هەرێمو پارێزگایانە بکرێت.

بەپێی بڕگەی چواری ماددەی (١١٧) دەبێت هەرێمو پارێزگاکان نوسینگەی تایبەتی خۆیان لەباڵوێزخانەو نێردە دبلۆماسییەکاندا هەبێت، ئەوەش بەمەبەستی بە دواداچوونی کاروباری ڕۆشنبیریو کۆمەڵایەتیو بوژانەوەی ئەو هەرێمو پارێزگایانە.

بەپێی بڕگەی پێنجی ماددەی (١١٧)، حکومەتی هەرێمەکان دەسەڵاتی ئەوەیان هەیە کە لەچوارچێوەی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆدا پۆلیسو ئاسایشو پاسەوانی هەرێمیان هەبێت.

بەپێی ماددەی (١١٠)ی دەستور، دەسەڵاتی فیدراڵیو دەسەڵاتی هەرێمەکان ئەم بوارانەی خوارەوە بە هاوبەشی بەڕێوە دەبەن:

١ـ بەڕێوەبردنو ڕێکخستنی گومرگەکان.

٢ـ ڕێکخستنی سەرچاوە سەرەکییەکانی وزەی کارەباو دابەشکردنی.

٣ـ نەخشەکێشانی سیاسەتەکانی ژینگە.

٤ـ نەخشەکێشانی سیاسەتەکانی پەرەسەندنو پلاندانانی گشتی.





٥ـ نەخشەکێشانی سیاسەتی تەندروستی.

٦ـ نەخشەکێشانی سیاسەتی فێرکردنو پەروەردەی گشتی.

٧ـ نەخشەکێشانی سیاسەتی پەیوەندیدار بەسەرچاوە ئاوییە ناوخۆییەکان.

بەپێی ماددەی (١١١) هەر شتێك لەدەسەڵاتە حەسرییەکانی حکومەتی فیدراڵییدا نەنووسرابێت بە دەسەڵاتی هەرێمو پارێزگا ڕێکنەخراوەکان لەهەرێمێکدا دادەنرێت، هەر کاتێك ناکۆکی لەنێوان دەسەڵاتی هاوبەشی نێوان حکومەتی فیدراڵیو هەرێمەکاندا ڕوو بدات، کار بە یاسای هەرێم دەکرێت.

بەپێی ماددەی (٦٢)ی دەستور، بێجگە لەپەرلەمان ئەنجومەنێکی دیکەی یاسادانان دادەمەزرێت بە ناوی (ئەنجومەنی فیدراڵی)، ئەم ئەنجومەنە نوێنەرانی هەرێمەکانو پارێزگا ڕێکنەخراوەکان لەهەرێمێکدا لەخۆدەگرێت. پەرلەمانی داهاتووی عیراق بە زۆرینەی دەنگی ٢/٣ی ئەندامانی یاسایەکی تایبەت سەبارەت بە پێکهاتەی ئەو ئەنجومەنەو دەسەڵاتەکانیو مەرجەکانی ئەندامێتی تێیدا دەردەکات.

بەپێی ماددەی (١٠٢)ی دەستور دەستەیەکی گشتی دادەمەزرێت لەنوێنەرانی حکومەتی فیدراڵیو هەرێمەکانو پارێزگاکانی ڕێکنەخراو لەهەرێمێکدا بۆ زامنکردنی مافی ئەو هەرێمو پارێزگایانە.

ئەرکی ئەم دەستەیە ئەوەیە کە هەرێمو پارێزگاکان بەشێوەیەکی دادپەروەرانە لەدامودەزگاکانی دەوڵەتی فیدراڵیو نێردەو زەمالاتی خوێندنو وەفدو کۆنگرە هەرێمایەتیو نێودەوڵەتیەکان بەشداری بکەن.

دامەزراندنی ئەم دەستەیە گشتییە بەپێی ئەم دەستورە، زەمانەتێکی دەستورییە بۆ ئەوەی مافە هەرێمو پارێزگاکان زامن بکرێت. لەو چوارچێوەیەدا دەتوانرێت

مافـەكانی گـەلی كوردسـتان لـەرێی نوێنـەرانی هـەرێمی كوردسـتان لـەو دەسـتە گشتیەدا زامن بكرێت.

بەپێی ماددەی (١٠٣)ی دەستور، دەستەیەكی گشتی لەشارەزایانی حكومـەتی فیدراڵیو هەرێمەكانو پارێزگاكان پێكدێ، ئـەركی ئـەم دەسـتەیە چـاودێریكردنو تەرخانكردنی داهاتی فیدراڵییە. ئەركەكانی ئەو دەستەیە ئەمانەیە:

١ــ دڵنیـا بـوون لـە بەعەدالـەت دابەشـكردنی بەخـشینو یارمـەتیو قـەرزی نێودەوڵەتی بە پێی پشكی هەر هەرێمو پارێزگایەك كە لەهەرێمێكدا رێكنەخراون.

٢ـ دڵنیـا بـوون لەبـەكارهێنانو دابەشـكردنی دەرامـەتی فیـدراڵی بـە باشـترین شێوە.

٣ـ زامنكردنی روونیو ئاشكراییو دادپەروەری لەتەرخانكردنی سامانەكان بـۆ حكومەتی هەرێمەكان یان ئەو پارێزگایانەی لەهەرێمێكدا رێك نەخراون بە گـوێرەی ئەو رێژەیەی كە بڕیاری لەسەر دراوە.

ئەگەر بەوردی سەیری ئەركەكانی ئـەم دەسـتەیە بكـەین دەبیـنین وەك چـاودێروان بەسەر حكومەتی فیدراڵیو حكومەتی هەرێمەكانو ئەو پارێزگایانەی لەچوارچێوەی هەرێمێكدا رێك نەخراون بۆ ئەوەی بە دادپەروەریو روونـیو ئاشـكرایی داهاتـەكان دابەش بكرێو هەموان لێی سوودمەندبن، ئەمەش زەمانەتێكی دیكەی دەستوورییە كە هاوسەنگی نێوان حكومەتی فیدراڵیو هەرێمو پارێزگاكان رادەگرێت.

هەموو ئـەو مـاددەو بڕگانـەی دەسـتووری نـوێ كەپێـشتر ئاماژەمـان بـۆ كـردن شوێنو دەسەڵاتی هەرێمەكان لەپەیكەری دەوڵەتی نوێی عیراق دەخەنە روو.

* كوردستانی نوێ ژمارە(٣٨٤٢)لە٧/١٢/٢٠٠٥





# سامانی سروشتی لەدەستووری نوێی عیراقدا

هـەموو حكومەتـە یـەك لـەدوای یەكـەكانی عـیراق بەگـشتیو رژێمـی بـەعس بەتایبـەتی بـەپێی دەسـتوورو یاسـاكانیان خاوەنـداریتی سـەرجەم سـامانە سروشتییەكانی سەرانسەری عیراقیان بۆ دەوڵەتی ناوەندی مۆنۆپـۆڵ كردبـوو, واتـە تەنها دەوڵەت مـافی دەرهێنانو بەرهەمهێنان، فرۆشتنو دابەشـكردنی داهـاتی ئـەو سامانانەی هەبوو.

تەنانـەت زۆربـەی حكومـەتـەكان بەگـشتیو رژێمـی بـەعس بەتایبـەتی هـیچ زانیارییـەكی لەسـەر داهـاتی ئـەو سـامانە سروشـتیانە بڵاونەكردۆتـەوەو بـەنهێنی دەوڵەتی داناوەو وەك مەسەلەیەكی پەیوەست بەئاسایشی نەتەوەیی سەیری كردووە.

بێگومـان نەوتی كوردستان وەك سـامانێكی گرنگـی سروشـتی, كـە خێروبێـرو نیعمەتێكی گەورەیە, بـۆ كـورد مایـەی بـەڵاو شـەڕو ئاشـووب بـووە, ئـەو سـامانە لـەجیاتی ئـەوەی مایـەی پێـشكەوتنو گەشـەپێدانی وڵاتەكـەمان بووبێـت, مایـەی دواكەوتنو كاولكردنی هەرێمەكـەمان بـووەو بۆتـە هـۆی بـەهێزكردنی دامودەزگـا سەربازیو ئەمنیو ماكینەی جەنگی رژێمی بەعسو داینەمۆی درێژەپێدانی جەنگـە یەك لەدوای یەكەكانی لەدژی كوردو ئێرانو كوەیتو هاوپەیمانان.

هەربۆیەش رژێمی بەعس لەگفتوگۆكانیدا لەگەڵ كـورد, هـەرگیز دەسـتبەرداری ناوچە ستراتیجیە نەوتییـەكان نـەدەبوو, هـەموو توانـای خۆشـی بـۆ بەعـەرەبكردنو راگواسـتنو سـڕینەوەی ناسـنامەی نەتـەوەیی ئـەو ناوچـانە خـستبووە گـەڕ, ئـەوەش

بەمەبەستی ئەوەی رۆژێك لەرۆژان ئەو ناوچانە نەیەنەوە سەر هەرێمی کوردستان‌و بینە بنەمای بەهێز بوونی ژێرخانی ئابووری‌و رەنگدانەوەی لەبەرجەستە بوونی سەربەخۆیی‌و جیابوونەوەی ئەو هەرێمەدا هەبێ.

لەلایەکی ترەوە بەپێی دەستوورو یاساش ئەوەیان جێگیرکردبوو کە خاوەنداریێتی سامانە سروشتییەکان بۆ حکومەتی ناوەندی دەگەرێتەوەو لەبەر ئەوە دەبێت ئەو ناوچە نەوتیانە لەژێر دەسەلات‌و کۆنترۆڵی حکومەتی ناوەندیدا بێت. هەر لەو چوارچێوەیەدا بەهەمان شێوە سەیری سامانی ئاویش کراوە, بەعسییەکان لەگفتوگۆکانیان لەگەڵ کورد هەمیشە جەختیان لەوە کردۆتەوە کە ئیدارەی هەردوو بەنداوی دوکان‌و دەربەندیخان بەدەست حکومەتی مەرکەزییەوە بێت‌و دانیان بەوەدا نەناوە کە ئیدارەی ئەو دوو بەنداوە بەدەست کوردەوە بێت.

ئەوەی جێگەی سەرنج‌و تێرامانی قووڵە ئەوەیە کە لەدوای پرۆسەی ئازادیی عیراق‌و روخاندنی رژێمی دیکتاتۆری بەعس, لەوەرزی بەهاری ئازادیی عیراقدا, هێشتا ناوچە نەوتییە ستراتیجیە تازە ئازاد بووەکان نەگەڕاونەتەوە بۆ ژێر سایەی دەسەلاتی پەرلەمان‌و حکومەتی هەرێمی کوردستان, سەرباری ئەوەی هەموو بەڵگەنامە مێژوویی‌و جوگرافییەکان جەخت لەسەر کوردستانیبوونی ئەو ناوچانە دەکەنەوە, کەچی بە ناوچەی کێشە لەسەرو بەهەڵپەسێردراوی ماونەتەوە.

مەسەلەی موڵکداریێتی سامانی سروشتی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، مەسەلەیەکی زۆر رەواو یاساییەو تەنانەت پەیماننامەو بەڵگەنامەکانی نەتەوەیەکگرتووەکانیش ئاماژەیان پێکردووە.

لەوڕووەوە دەتوانین هەردوو پەیماننامەی نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤی ساڵی ١٩٦٦ بەنموونە بهێنینەوە, کە لەبەندی دووەمی ماددە یەکی هەردوو پەیماننامەکە (پەیماننامەی مافە مەدەنی‌و سیاسیەکان‌و پەیمانەی مافە ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و





رۆشنبیرییەکان) زۆربەڕوونی ئاماژەی بەو مەسەلەیە کردووەو دەڵێ (گەلان بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانیان بۆیان هەیە بەئازادی دەست بەسەر سامان‌و بەرووبوومی سروشتی خۆیاندا بگرن).

ئەگەر بەوردی سەیری ئەو بڕگەیە بکەین دەبینین بەروونی ئاماژەی بەوە کردووە کە گەلان بۆیان هەیە بەئازادی دەست بەسەر سامان‌و بەروبوومی سروشتی خۆیاندا بگرن, ئەمەش خاڵێکی زۆر گرنگە, چونکە ناوی گەلانی هێناوە, نەك دەوڵەتان, بەوەش هەموو گەلێك بەبێ جیاوازی بۆی هەیە سوود لەسامانی سروشتی خۆی وەربگرێت, بێگومان گەلی کوردیش دەتوانی سوود لەو بڕگەو مافە یاساییە وەربگرێت, چونکە عیراق لەساڵی (١٩٦٩)دا ئەو دوو پەیماننامەیەی ئیمزا کردووەو لەساڵی (١٩٧١) بەرەسمی پەیوەندی پێوەکردووە, ئەوەش عیراق ناچار دەکات کە پابەند بێت بەو دوو پەیماننامەیەوە.

بڕگەی (٥)ی ماددەی (٢٥)ی یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عیراق ئاماژەی بەوەکردووە کە بەرێوەبردنی سامانی سروشتی عیراق بەراوێژ لەگەڵ حکومەت‌و ئیدارەی هەرێم‌و پارێزگاکان دەبێ, ئەمەش مانای وایە کەداهاتی سامانی سروشتی کوردستان بۆ خەزینەی حکومەتی بەغدا دەگەرێتەوەو لەوێوە لەگەڵ داهاتی هەموو عیراقدا بەسەر هەموو ناوچەکانی ولاتدا دابەش دەکرێت. هەر لەو بڕگەیەدا ئاماژە بەوە کراوە کە لە دابەشکردنی بودجەدا دەبێت رەچاوی وەزعی ئەو ناوچانە بکرێت کە لەکاتی رژێمی پێشوودا بێبەشکراون, کە بەپێی ئەم بڕگەیەبێت دەبێ هەرێمی کوردستان پشکی زیاتری بدرێتێ, چونکە ئەم هەرێمە لەسەردەمی رژێمی بەعسدا لەهەموو ناوچەکانی تری عیراق زیانی زیاتر لێکەوتوە.

ئەگەر سەیری ماددەو بڕگەکانی دەستوری نوێی عیراقیش بکەین، دەبینین ئەم دەستووره تێڕوانینێکی تری سەبارەت بەسامانی سروشتی هەیە. یاسای

بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراق هەموو سامانە سروشتییەکانی بەبێ جیاوازی بەموڵکی گەلانی عیراق لەقەڵەم دابوو. بەڵام دەستووری نوێ بەپێی ماددەی (١٠٨) تەنها نەوتو گازی بەموڵکی هەموو گەلانی عیراق لەهەموو هەرێمو پارێزگاکاندا داناوەو ئاماژەی بەسامانە سروشتییەکانی تر نەکردووەو ئەوەش مانای وایە سامانە سروشتییەکانی تر لەچوارچێوەی دەسەڵاتی هەرێمەکاندا دەبن، یاخود بەهاوبەشی لەنێوان حکومەتی فیدراڵیو حکومەتی هەرێمەکاندا بەڕێوە دەبرێن.

بەپێی بڕگەی یەکی ماددەی (١٠٩)ی دەستووری نوێ، حکومەتی فیدراڵی بەهاوبەشی لەگەڵ حکومەتی هەرێمەکانو پارێزگا بەرهەمهێنەکاندا، نەوتو گاز لەکیڵگەکانی ئێستادا بەڕێوە دەباتو دەبێت داهاتی ئەو نەوتو گازە بەشێوەیەکی دادپەروەرانەو بەپێی ڕێژەو دابەشبوونی دانیشتوان بەسەر هەموو ناوچەکانی عیراقدا دابەش بکرێت.

هەر بەپێی ئەو بڕگەیە بەشێك لەداهاتی ئەو نەوتو گازە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بۆ ئەو هەرێمانە تەرخان دەکرێت کەلەسەردەمی ڕژێمی پێشوودا زیانیان لێکەوتووەو بەنارەوا لەداهاتی ئەو سامانە خۆماڵیانە بێبەشکراون. هەر بەپێی ئەو بڕگەیە دەبێت بەشێوەیەکی هاوسەنگو دادپەروەرانە پەرە بەهەموو ناوچە جیاجیاکانی وڵات بدرێت ، ئەوەی لەم بڕگەیەدا هاتووە بەیاسایەکی تایبەت ڕێك دەخرێت، ئەو یاسایەش لەلایەن پەرلەمانی داهاتووی عیراقەوە گفتوگۆی لەسەر دەکرێتو بڕیاری لەسەر دەدرێت.

بەپێی بڕگەی دووی ماددەی (١٠٩)ی دەستووری نوێ، حکومەتی فیدراڵیو حکومەتی هەرێمەکانو پارێزگا بەرهەمهێنەکان پێکەوە نەخشەی ستراتیجی بۆ بەرەو پێشبردنی بەرهەمەکانی نەوتو گاز دادەنێنو بۆ ئەو مەبەستەش پشت بە





تەکنەلۆژیای نوێو پرنسیپەکانی بازاڕو هاندانی وەبەرهێنان دەبەستن، ئەوەش بەمەبەستی ئەوەی بەباشترین شێوە سوود بەگەلانی عیراق بگەیەنرێت.

سامانی ئاویش سامانێکی سروشتییەو لەم سەردەمەدا بایەخێکی گەورەی هەیەو هیچی ئەوتۆی لە نەوتو گاز کەمتر نییە، کەچی لەدەستووری نوێدا ناوی ئاو شانبەشانی نەوتو گاز نەهاتووە. بەڵکو بەپێی ماددەی (١١٠)ی دەستوور سەرچاوە ئاوییە ناوخۆییەکان لەچوارچێوەی تایبەتمەندییە هاوبەشەکانی نێوان دەسەڵاتی فیدراڵیو دەسەڵاتی هەرێمەکاندا ریزبەند کراوەو بەپێی بڕگەی حەوتەمی ماددەی (١١٠)ی دەستوور نەخشەکێشانی سیاسەتەکانی تایبەت بەسەرچاوە ئاوییە ناوخۆییەکان و ڕێکخستنیان و دابینکردنی دابەشکردنی دادپەروەرانەیان لەدەسەڵاتی هاوبەشی حکومەتی فیدراڵیو حکومەتی هەرێمەکاندا دەبێتو پەرلەمانی داهاتووی عیراق لەچوارچێوەی یاسایەکدا ئەو مەسەلانە ڕێك دەخات.

بەڵام بەپێی بڕگەی هەشتی ماددەی(١٠٧)ی دەستوور دارشتنی سیاسەتەکانی تایبەت بەو ئاوانەی سەرچاوەکانیان لەدەرەوەی سنووری نێودەوڵەتی عیراقەو لەچوارچێوەی دەسەڵاتە سەروەریو قەتیسکراوەکانی حکومەتی فیدرالییە.

* کوردستانی نوێ ژمارە(٣٨٢٤)لە١٦/١١/٢٠٠٥

# پرنسیپی تەوافق لەدەستووری نوێی عیراقدا

دوای پرۆسەی ئازادی عیراق کۆتایی بەسیستمی شمولیو تاکە حزبیوتاکە سەرکردەیی هات. تێزوتێروانینی نوێ بۆحوکمڕانی هاتە گۆڕێو دەروازەیەکی نوێ بۆ ژیانی دیموکراسیو فرەحزبی والآ بوو.

ئەزموونی ئەنجومەنی حوکم نۆبەرەی ئەو هەلومەرجە نوێیە بوو. ئیدی لەو کاتەوە پرنسیپی تەوافق وەك پرنسیپێکی نوێی کاری سیاسی بەرجەستەبوو. بەو پێیە زۆربەی لایەنە سیاسییە جیاجیاکانی سەرانسەری عیراق بەپێی سەنگو قورسایی خۆیان نوێنەریان لەئەنجومەنی حوکمدا دیاریکرا.

هەر لەسەردەمی ئەنجومەنی حوکمو لەکاتی پێکهێنانی یەکەمین کابینەی ئەنجومەنی وەزیراندا لەسەر بنەمای تەوافق پۆستەکان دابەشکرا. دواتریش لەدوای گەرانەوەی سەروەری بۆعیراق ، ئەنجومەنی سەرۆکایەتی و ئەنجومەنی وەزیرانو ئەنجومەنی نیشتمانی لەسەر بنەمای تەوافق پێکهات.

دانانی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراق بۆ قۆناغی گواستنەوەش هەر بەرەنجامی تەوافقی ئەندامانی ئەنجومەنی حوکم بوو. خودی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراقیش لەچەند ماددەو بڕگەیەکیدا جەختی لەسەر پرنسیپی تەوافق کردۆتەوە. لەماددەی چواری یاساکەدا باسی ئەوە دەکات کە سیستمی حوکمڕانی عیراق سیستمێکی فیدراڵییە, ئەوەش خۆی لەخۆیدا داننانە بەبنەمای تەوافقدا, چونکە بەپێی سیستمی فیدراڵی دەسەلاتەکان لەنێوان حکومەتی فیدراڵیو



شۆرشی
پەنجەمۆرەکان

حکومەتی هەرێمەکانو پارێزگاکانو شارەوانییەکان دابەش دەکرێ, ئەوەش یەکێکە لەتایبەتمەندییەکانی بنەمای دیموکراتییەتی تەوافقی. لەماددەی (٣٦)ی یاساکەدا بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ ئاماژە بەوەدەکات کە کەمینەکان لەئەنجومەنی نیشتمانی مافی ڤیتۆیان هەیە, ئەوەش بەوەی کەمەرجی ئەوەی داناوە کە دەبێ ئەنجومەنی سەرۆکایەتی بەزۆرینەی ٢/٣ی دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی هەڵبژێردرێ کە ١٨٤ دەنگی لەکۆی ٢٧٥دەنگەکەی ئەنجومەنی نیشتمانی دەوێ. ئەمەش وا دەخوازێ کە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی بەتەوافق بێت لەنێوان نوێنەرانی گروپە سەرەکیەکانی کوردو عەرەبی سوننەو شیعەدا. هەر لەماددەی (٣٦)ی یاساکەدا جارێکی تر ئاماژە بەپرنسیپی تەوافق کراوە لەو بڕگەیەدا باسی ئەوە دەکات لابردنی ئەندامێکی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی پێویستی بە ٣/٤ی دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی هەیە کە ٢٠٧ دەنگی لەکۆی ٢٧٥ دەنگی ئەنجومەنەکەی دەوێ.

هەر لەبڕگەی (ج)ی ماددەی (٣٦) یاساکەدا باسی ئەوە دەکات, کە دەبێ بڕیارەکانی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی بەکۆی دەنگ (الاجماع) دەربکرێ, ئەمەش وا دەکات هەموو بڕیارەکانی ئەو ئەنجومەنە بە تەوافقو بەرەزامەندی سەر کۆمارو هەردوو جێگرەکەی دەربچێ, کە هەریەکەیان سەربە نەتەوەو مەزهەبێکی جیاوازنو دەتوانن مافی ڤیتۆ لەدژی هەر بڕیارێك بەکاربهێنن کە لەگەڵ خواستەکانیان نەگونجێ. بەپێی بڕگەی (أ)ی ماددەی (٣٨)ی یاساکە, ناونانی سەرۆك وەزیرانو ئەنجومەنی وەزیران, پێویستی بە کۆی دەنگی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی هەیە, ئەمەش هەر پێویستی بەتەوافق هەیە.

لەدوای ئەوەش پێویستە ئەنجومەنی نیشتمانی بەزۆرینەی رەهای ٢/٣ی دەنگی ئەندامانی متمانە بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانو وەزیرانی کابینەکەی ببەخشی,

کە ئەوەش هەر بەتەوافق دێتە دی. بەپێی بڕگەی (هـ)ی ماددەی (٤٤)ی یاساکە ئەنجومەنی سەرۆکایەتی دەسەڵاتی دامەزراندنی هەر حەوت ئەندامەکەی دادگای باڵای فیدراڵی هەیە کە دادگایەکی گرنگەو کێشەی نێوان دەسەڵاتی فیدراڵیو هەرێمەکان چارەسەر دەکاتو دەسەڵاتی شیکردنەوەی دەستووری هەیە, بێگومان دانانی ئەو حەوت دادوەرەش, هەر دەبێ بەتەوافقی ئەندامانی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی بێ.

لەدوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی عیراقیش جارێکی دیکە پۆستە باڵاکانی ئەنجومەنی سەرۆکایەتیو سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانو سەرۆکایەتی کۆمەڵەی نیشتمانی لەنێوان لیستە براوەکانی پێکهاتە سەرەکیەکاندا بە تەوافق دابەشکرا.

دەستووری نوێی عیراق کەلەلایەن زۆرینەی گەلانی عیراقەوە لەراپرسیدا دەنگی لەسەر دراو پەسەند کرا، لەچەندین ماددەو بڕگەیدا ئاماژەی بەپرنسیپی تەوافق کردووە. تەنانەت پرنسیپی تەوافق ڕەهەندێکی یاسایی نێودەوڵەتی وەرگرتووەو لەو چوارچێوەیەدا بڕیاری ژمارە(١٥٤٦)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کەپێش نووسینەوەو پەسەندکردنی دەستووری نوێ دەرچوو، جەختی لەوەکردۆتەوە کە دەبێ ئەو دەستوورە لەسەر بنەمای تەوافق دابنرێتو مافی هەموو پێکهاتەکانی تێدا پارێزراو بێت.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕاستیانەدا دەتوانین دەستووری نوێ بەدەستوورێکی تەوافقی ناوزەد بکەین، بۆ سەلماندنی ئەو تێزەش هەموو ئەو ماددەو بڕگانەی دەستووری نوێ دەخەینە ڕوو کەتەعبیر لەپرنسیپی تەوافق دەکەن.

ماددەکانی (١و١١٢)ی دەستوور ئاماژە بەوە دەکەن کە سیستەمی حوکمڕانی عیراق سیستەمێکی فیدراڵییە، ئەوەش خۆی لەخۆیدا دانانە بەپرنسیپی تەوافقدا، چونکە بەپێی سیستەمی فیدراڵی دەسەڵاتەکان لە نێوان حکومەتی فیدراڵیو





حکومەتی هەرێمەکاندا دابەش دەکرێت، ئەوەش یەکێکە لە سیماو تایبەتمەندییەکانی دیموکراتیەتی تەوافقی.

بەپێی بڕگەی سێی ماددەی (٥٨)ی دەستوور، پەسەندکردنی پەیماننامەو ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان لەپەرلەمانی عیراق بەپێی یاسایەك ڕێك دەخرێت، ئەوەش پێویستی بەزۆرینەی ٢|٣ی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان هەیە کە دەکاتە ١٨٤ دەنگ لە کۆی ٢٧٥ دەنگەکەی پەرلەمان بەدەستهێنانی ١٨٤ دەنگ بەپێویستی بەدەنگو تەوافقی نوێنەرانی پێکهاتە سەرەکییەکانی پەرلەمانە.

بەپێی بڕگەی نۆی ماددەی (٥٨)ی دەستوور، ڕاگەیاندنی جەنگو باری نائاسایی لەسەر داخوازیی سەرۆك کۆمارو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانو بەرەزامەندی زۆرینەی ٢|٣ی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان دەبێت، ئەمەش بنەمایەکی دیکەی تەوافقە.

بەپێی ماددەی(٦٢)ی دەستور، بێجگەلە لەپەرلەمان، ئەنجومەنێکی دیکەی یاسادانان دادەمەزرێت بەناوی ئەنجومەنی فیدراڵی ئەم ئەنجومەنە نوێنەرایەتی هەرێمەکانو پارێزگا ڕێکنەخراوەکان لەهەرێمێکدا دەکات. بۆ پێکهێنانی ئەم ئەنجومەنە پێویستە پەرلەمانی داهاتووی عیراق یاسایەك بەزۆرینەی ٢|٣ی دەنگی ئەندامانی دەربکات. ئەمەش ڕوخسارێکی دیکەی بنەمای تەوافقی دەستووری نوێیە.بەپێی ماددەی (١٣٣)ی دەستوور حوکمەکانی تایبەت بەکارپێکردنی ئەنجومەنی فیدراڵ دوادەخرێت تا ئەو کاتەی پەرلەمانی داهاتو بڕیارێك بەزۆرینەی ٢|٣ی دەنگی ئەندامانی بۆ ئەو مەبەستە دەردەکات.

بەپێی ماددەی(٦٧)ی دەستور، پەرلەمانی عیراق بەزۆرینەی ٢|٣ی دەنگی ئەندامانی لەناو پاڵێوراوانی پۆستی سەرۆك کۆماردا سەرۆکێك بۆ وڵات هەڵدەبژێرێت، ئەمەش سیمایەکی دیکەی بنەمای تەوافقە. بەپێی بڕگەی یەکەمی

ماددەی (١٣٤)ی دەستوور دەستەواژەی (ئەنجومەنی سەرۆكایەتی) جێگەی دەستەواژەی (سەرۆك كۆمار)دەگرێتەوەكە لەهەر بڕگەو ماددەیەكی دەستووری نوێدا هاتبێ‌و دوای یەك خولی هەڵبژاردن كار بەحوكمە تایبەتییەكانی سەرۆك كۆمار دەكرێت.

بەپێی بڕگەی دووی ماددەی (٨٩)ی دەستوور ژمارەو شێوازی دەستنیشانكردن‌و كاری دادگای فیدرالی بەیاسایەك ڕێك دەخرێت، ئەو یاسایەش بەزۆرینەی ٢|٣ی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان پەسەند دەكرێت.ئەمەش شێوازی تەوافق نیشان دەدات.

بەپێی بڕگەی دووی ماددەی (١٢٢)ی دەستوور دەكرێت پرنسیپە ئەساسییەكانی بەشی یەكەم‌و ماف‌و ئازادییەكانی بەشی دووەمی دەستوور لەدوای دوو خولی هەڵبژاردنی یەك لەدوای یەك هەموار بكرێن، ئەوەش پێویستی بەرەزامەندی ٢|٣ی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان‌و راپرسیی گشتی گەل‌و رەزامەندی سەرۆك كۆمار هەیە. ئەم بڕگەیە چەند بنەمایەكی تەوافقی لەدەنگی ٢|٣ی ئەندامانی پەرلەمان‌و راپرسیی گەل‌و رەزامەندی سەرۆك كۆماری لەخۆگرتووە.

بەپێی بڕگەی دووی ماددەی (١٣١)ی دەستوور، پەرلەمان دەتوانێت بەزۆرینەی ٢|٣ی دەنگی ئەندامانی، دەستەی نیشتمانی باڵای ڕیشەكێشكردنی بەعس لەدوای تەواوبوونی كارەكانی هەڵوەشێنێتەوە.

بەپێی بڕگەی دووی ماددەی(١٣٢)ی دەستوور، پەرلەمان دەتوانێت بەزۆرینەی دەنگی ٢|٣ی ئەندامانی، دەستەی داواكاری موڵكداری هەڵوەشێنێتەوە. هەڵوەشانەوەی ئەو دوو دەستەیە بەزۆرینەی ٢|٣ی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان دیمەنێكی دیكەی بنەمای تەوافق نیشان دەدات.

بەپێی بڕگەی دوووی ماددەی(١٣٤)ی دەستوور، پەرلەمان ئەنجومەنی سەرۆكایەتی هەڵدەبژێریت كە لەسەرۆكی دەوڵەت‌و دوو جێگرەكەی پێك دێت،





هەڵبژاردنی ئەم ئەنجومەنە بەیەك لیست‌و بەزۆرینەی ٢|٣ی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان دەبێت، ئەمەش وا دەخوازێت كە نوێنەرانی پێكهاتە سەرەكییەكان لەپەرلەمان بەپێی بنەمای تەوافق لەسەر پاڵێوراوانی سەرۆك كۆمارو دوو جێگرەكەی ڕێك بكەون.

بەپێی خاڵی(ج)ی بڕگەی دووی ماددەی (١٣٤)ی دەستوور، لابردنی هەر ئەندامێك لەئەندامەكانی ئەنجومەنی سەرۆكایەتی بەهۆی ناپاكی یا ناشایستەییەوە پێویستی بەزۆرینەی ٣|٤ی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان هەیە، ئەمەش بنەمایەكی دیكەی تەوافقە كە تاڕادەیەك پێویستی بەكۆدەنگی نوێنەرانی پێكهاتە سەرەكییەكانی ناو پەرلەمان هەیە.

بەپێی بڕگەی چوارەمی ماددەی(١٣٤)ی دەستوور، دەركردنی بڕیارەكانی ئەنجومەنی سەرۆكایەتی بەكۆی دەنگ دەبێت ئەمەش وادەخوازێت كە هەموو بڕیارەكانی ئەو ئەنجومەنە بەتەوافق‌و رەزامەندیی سەرۆك كۆمارو هەردوو جێگرەكەی دەربچێت كە رەنگە هەریەكەیان سەر بەپێكهاتەیەكی جیاوازبن‌و هەریەكەشیان مافی ڤیتۆی هەر بڕیارێكی هەیە كە لەگەڵ خواستی پێكهاتەكەیدا نەگونجێت. ئەمەش روخسارو سیمایەكی دیكەی بنەمای تەوافقە.

هەموو ئەو بڕگەو ماددانەی كە ئاماژەمان پێكردن‌و هەر یەكەیان بەشێوەیەك لە شێوەكان تەعبیر لە پرنسیپی تەوافق دەكەن‌و ئەو راستییە دەخەنە روو كە ئەم دەستوورە نوێیە دەستوورێكی تەوافقییە، بەوەش دەتوانرێت هاوسەنگی نێوان هەموو پێكهاتەكانی كۆمەڵی عیراقی بپارێزرێت‌و زامنی مافەكانیان بكرێت.

* كوردستانی نوێ ژمارە(٣٨٢٢)لە١٤/١١/٢٠٠٥

# حزبی بەعسی هەڵوەشاوەو پرۆسەی سیاسی

حزبی بەعس لەساڵی ١٩٦٨دا لەرێی کودەتای سەربازییەوە دەسەڵاتی سیاسی گرتە دەست. ئەم حزبە لەو کاتەوە تا رۆژی ٩ی نیسانی ٢٠٠٣ کە بەزەبری هێزی سەربازی هاوپەیمانان روخێنرا، گەورەترین تاوانی بەرامبەر بە گەلانی عیراق بەگشتیو گەلی کوردستان بە تایبەتی ئەنجام داوە، ئەوە سەرباری ئەوەی کە خوێناویترین شەڕی لەگەڵ گەلی کوردستان و دەوڵەتانی (ئێرانو کوێت)ی دراوسێدا کردووە.

بەهۆی سیاسەتە دزێوەکانی ئەو حزبەوە بەشێکی زۆری گەلانی عیراقو گەلانی دراوسێ زەرەرمەند بوونو تا ئێستاش برینەکانی شوێن کەڵبەی سەرانی ئەو حزبە سارێژنەبوونو خوێنیان لێدە چۆڕێ، ئەوە بێجگە لەوەی کە پاشماوەکانی ئەو رژێمە خۆیان لەتۆرو باندە تیرۆریستەکاندا رێکخستووەو بە ناهەق خوێنی هاووڵاتیانی بێتاوانی ئەم وڵاتە دەرێژنو زەرەرو زیانی گەورە لەسامانی مادیو مرۆیی عیراق دەدەن.

حزبێك کە ئەوە تۆماری رابردووی بێو پاشماوەو باندەکانی ئەوە هەڵوێستی ئێستایان بێت، ئایا دەکرێت ئەم دڕندانە لەپرۆسەی سیاسی نوێی عیراقدا جێگەیان بکرێتەوە کە هەندێ کەسو لایەن بانگەشەی بۆ دەکەن.





بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێت پشت بە بنەمای یاسایی ببەستین.

لەدوای پرۆسەی ئازادیی عیراقو لەسەردەمی دەسەڵاتی کاتی هاویەیمانانـدا پۆل بریمەر یاسای دەستەی باڵای نیشتمانی ریشەکێشکردنی بەعسی دەرکرد. بەپێی ئەو یاسایە حزبی بەعس هەڵوەشایەوەو قەدەغە کراو بڕیاری ریشەکێشکردنی درا.

لەچەندین ماددەو بڕگەی یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عیراقدا ئاماژە بەوە کراوە کە پاڵێوراوانی پۆستە باڵاکان نابێت لەتاوانبارانی رژێمی بەعس بنو دەبێت بەلایەنی کەمەوە ماوەی دەساڵ بەر لەروخانی رژێم وازیان لەحزبی بەعس هێنابێ.

بەپێی بڕگەی یەکی ماددەی (١٣١)ی دەستوری نوێی عیراق جارێکی دیکە دەستەی نیشتمانی باڵای ریشەکێشکردنی بەعس وەك دەستەیەکی سەربەخۆ بەردەوام دەبێت لەسەر کارەکانیو هاوئاهەنگی دەکات لەگەڵ دەسەڵاتی دادوەریو دەزگاکانی جێبەجێکردن ئەم دەستەیە بە پەرلەمانی عیراقەوە پەیوەست دەبێت.

بەپێی بڕگەی سێیەمی ماددەی (١٣١)ی دەستور پاڵێوراوانی پۆستە باڵاکانی دامو دەزگاکانی فیدراڵیو هەرێمەکانو پۆستە باڵاکانی تر نابێت لەو کەسانە بن کە حوکمی یاسای ریشەکێشکردنی بەعس دەیانگرێتەوە.

بەپێی بڕگەی دووەمی ماددەی (١٣١)ی دەستور، تەنها پەرلەمان بۆی هەیە بە زۆرینەی ٢/٣ی دەنگی ئەندامانی دەستەی نیشتمانی باڵای ریشەکێش کردنی بەعس لەدوای تەواو بوونی کارەکانی هەڵبوەشێنێتەوە.

بەپێی ئەو هەموارکردنەی کە بەر لەچەند رۆژێك لەسازدانی راپرسی لەرەشنووسی دەستوری هەمیشەیی عیراقدا کرا بڕگەی پێنجەمو شەشەم بۆ ماددەی (١٣١)ی تایبەت بە ریشەکێش کردنی بەعس زیادکرا.

ئەوانیش بەم شێوەیە:

بەپێی بڕگەی پێنجەم: تەنها ئەندامێتی لەحزبی بەعسی هەڵوەشاوەدا بە بناغەیەکی تەواو بۆ ناردنە دادگاکان دانانرێت.

بەپێی ئەم بڕگەیە مەرج نیە هەر کەسێ ئەندامی حزبی بەعس بوو بێ دادگایی بکرێت، بەڵکو تەنها تاوانبارەکانیان دادگایی دەکرێن.

بەپێی بڕگەی شەشەم کە بۆ ماددەی (١٣١) زیاد کراوە پەرلەمان لیژنەیەك لەئەندامانی پێك دەهێنێ بۆ چاودێریکردنو پێداچوونەوەی ڕێو شوێنە تەنفیزییەکانی دەستەی باڵای ریشەکێش کردنی بەعسو دەزگاکانی دەوڵەت، ئەوەش بە مەبەستی مسۆگەرکردنی دادپەروەریو بابەتیبوونو شەفافیەتو کۆك بوون لەگەڵ یاسا.

بڕیارەکانی ئەو لیژنەیە پێویستی بەرەزامەندی پەرلەمان هەیە.

بەپێی بڕگەی یەکی ماددەی حەوتی دەستور هەر قەوارە یان ڕێبازێك قەدەغە دەکرێت ئەگەر رەگەز پەرەستی یان تیرۆریزم یان تەکفیر یان پاکتاوی تایفەگەری پەیڕەو بکات یان هانیانبدات یا زەمینەیان بۆ خۆش بکات یا پاساویان بۆ بهێنێتەوە یان بەرز بیان نرخێنێ یان پڕۆپاگەندەیان بۆ بکات. ئەو بڕگەیە بە تایبەتی ئاماژە بە بەعسی سەدامی لەعیراقو نموونەکانی دەکاتو جەخت لەوە دەکاتەوە کە نابێت لەژێر هەر ناوێکدا لەچوارچێوەی فرەیی سیاسی عیراقدا جێگەیان بێتەوە ئەمەش ئەو راستیە دەخاتە روو کە حزبی بەعسی سەدامی حزبێکی قەدەغە کراوەو نابێت لەژێر هیچ ناوێکی تریشدا خۆی رێك بخاتەوە.

هەر لەو بڕگەیەدا ئاماژە بە وەکراوە کە ئەو مەسەلەیە دەبێت بە یاسایەك رێك بخرێت ئەوەش ئەرکی پەرلەمانی داهاتووی عیراق دەبێت کە یاسایەکی تایبەت لەو بارەیەوە دەربکاتو وردە کارییەکانی ئەو مەسەلەیە بخاتە روو.





بەپێی ئەو ماددەو بڕگە یاساییانەی ئاماژەمان پێکردنو لەبەر رۆشنایی دەستوری نوێی عیراقدا لەرووی یاساییەوە رێگە نادرێت حزبی بەعسی هەڵوەشاوە بەناوی خۆیەوە یان هەر ناوێکی ترەوە بێتەوە ناو پرۆسەی سیاسیو دیموکراسی عیراق. ئەو حزبە بە حزبێکی قێزەوەنو قەدەغە کراو لەقەڵەم دەدرێتو دەبێت ریشەکێش بکرێتو کۆمەڵی عیراقی لێ خاوێن بکرێتەوە.

* کوردستانی نوێ ژمارە(٣٨٣٥)لە٢٩/١١/٢٠٠٥

# شوێنی سوپا لەدەستوری عیراقدا

سوپای عیراق لەزۆربەی قۆناغە جیاجیاکانی سەردەمی پاشایەتیو سەردەمی کۆماریدا، سوپای حکومەتو دەسەڵات بووەو لەدژی بەرەی گەل بووە، ئەو سوپایە تۆمارێکی دزێوی لەسەرکوتکردنی گەلانی عیراق بەگشتیو گەلی کوردستان بەتایبەتی هەیە.

سوپای عیراق لەسەر خاکی کوردستان وەك سوپای دەوڵەتێکی داگیرکەر مامەڵەی کردووەو دەیان تاوانی گەورەی رەشەکوژیو کاولکردنو سوتماك کردنو ئەنفالو کیمیابارانی ئەنجام داوە. هەربۆیەش لەداوی پرۆسەی ئازادی عیراقو رووخانی رژێمی دیکتاتۆری، نوێنەرانی کورد جەختیان لەوە کردۆتەوە کە دەبێ سوپای عیراق سوپای پاراستنی خاكو گەلانی عیراق بێتو جارێکی تر نەبێتەوە ئامرازی سەرکوتکردن، جەختیشیان لە بەرەسمی ناسینو هێشتنەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش کردۆتەوە.

بۆئەوەی پێگەو ئەرکی سوپای نوێی عیراق بزانین، ئەو ماددەو برگانەی دەستوری نوێی عیراق راڤە دەکەین کە ئاماژە بەسوپا دەکەن. بەحوکمی ئەوەی دەوڵەتی عیراق لەدەستوردا وەك دەوڵەتێکی فیدراڵی پێناسە کراوە، مەسەلەکانی سوپاو ئاسایشو بەرگری چوتە خانەی پسپۆڕیو دەسەڵاتەکانی دەسەڵاتە فیدراڵیەکانی بەغداوە، بەوپێیە دانانو جێبەجێکردنی سیاسەتی ئاسایشی نیشتمانی بەدامەزراندنو بەڕێوەبردنی هێزە چەکدارەکانیشەوە بۆ دابینکردنی





ئارامیو ئاسایشو بەرگری لە سنورەکانی عیراق، لەچوارچێوەی دەسەڵاتەکانی حکومەتی فیدراڵییەدایە. بەڵام دەبێت پێکهاتەی ئەو سوپایە چۆن بێت؟ بەپێی دەستوری نوێی عیراق سوپاو دامودەزگا ئەمنیەکان بەشێوەیەکی هاوسەنگ لەرۆڵەکانی پێکهاتەکانی گەلانی عیراق پێك دەهێنرێت.

هەر بەپێی ئەو دەستورە ئەو سوپایە لەژێر سایەی دەسەڵاتی مەدەنیدا دەبێتو بەرگری لەعیراق دەکاتو ئامرازی سەرکوتکردنی گەلانی عیراق نابێتو ئەو سوپایە لەبواری سەربازیی خۆیدا کاردەکاتو بەهیچ شێوەیەك بۆی نییە هیچ رۆڵێکی لەدەستاو دەستکردنی دەسەڵاتدا هەبێت.

چونکە بەپێی ئەم دەستورە دەستاو دەستکردنی دەسەڵات بەشێوازێکی دیموکراسیو ئاشتیانەو لەرێی سندوقەکانی دەنگ دانەوە دەبێت، هەر حزبو لایەنێکی سیاسی بیر لەرێگەی توندوتیژی یا کودەتای سەربازی بکاتەوە بەپێشێلکاری بنەماکانی دەستورو بەلایەنێکی یاخیو نایاسایی لەقەڵەم دەدرێت.

هەر بەپێی دەستوری نوێ، عیراق هێزی چەکداری رەسمی خۆی دەبێتو رێگە بەپێکهێنانی هیچ میلیشیایەکی سەربازی نادرێت لەدەرەوەی ئەو هێزە چەکدارە.

هەر بەپێی دەستور نابێت کەسانی سەربەهێزە چەکدارەکان خۆیان بپاڵێون لەهەڵبژاردنەکاندا بۆ بەدەست هێنانی پۆستی سیاسی، هەروەها بۆشیان نییە بانگەشە بۆ پاڵێوراوەکان بکەن، تەنها مافی دەنگدانیان هەیە.

ئەگەرچی مەسەلەکانی سوپاو ئاسایشو بەرگری لەپسپۆڕیو تایبەتمەندییەکانی دەسەڵاتە فیدراڵیەکانی بەغدایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەستوری نوێ رێگەی بەحکومەتی هەرێمەکان داوە کە هێزەکانی پۆلیسو ئاسایشو پاسەوانی هەرێمیان هەبێت.

ئەمەش بۆ هەرێمی کوردستان بایەخی تایبەتی خۆی هەیەو بێجگە لەپۆلیسو ئاسایش، دەتوانرێت هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەچوارچێوەی پاسەوانی هەرێمدا رێك بخرێتەوە، ئەوەش بەمانای بەرەسمی ناسینی یاسایی‌و دەستوریی هێزی پێشمەرگە دێت.

* کوردستانی نوێ ژمارە(٣٨٧٣)لە ١٨/١/٢٠٠٦





# دژایەتی تیرۆر لەدەستوری نوێی عیراقدا

تیرۆر بۆتە دیاردەیەکی مەترسیدارو کوشندەی ئەم سەردەمەو لەزۆربەی ولاتانی جیهاندا بەرنامەو نەخشەی تۆکمە بۆ روبەروبوونەوەی دانراوە، هەرلەو چوارچێوەیەدا نەتەوەیەکگرتووەکان و زۆربەی ولاتانی دیکەی جیهان یاسای تایبەت بەدژایەتی‌و بنەبڕکردنی تیرۆرییان دەرکردووە.

بەحوکمی ئەوەی ئەمرۆگۆرەپانی عیراق بۆتە یەکێك لە بەرە گەرمەکانی شەڕی تیرۆرو زۆربەی تۆڕەکانی تیرۆریستانی جیهانی ئەم ولاتەیان کردۆتە ئامانج‌و دەیانەوێت لێرەوە دژایەتی هاوپەیمانان‌و ئالاهەلگرانی دیموکراسی‌و ئازادی بکەن کە عیراقییان لەگەورەترین دڕندەو دیکتاتۆری سەردەم رزگار کردووە.پێیان وایە پەیامی ئازادی و دیموکراسی لەعیراقەوە، شەوە زەنگی قەلا سەختەکانی دیکەی دیکتاتۆری رۆشن دەکاتەوەو هەرەسیان پێ دەهێنێ.

هەربۆیەشە هێزەکانی تاریکی هەموو وزەو توانای خۆیان بۆشکست پێهێنانی نۆبەرەو ئەزموونی دیموکراسی عیراق خستۆتە گەڕو دەستیان بەخوێنی هەزاران هاولاتی بێتاوان سوورکردووەو زیانێکی زۆریان لەسامانی ماددی و مرۆیی ئەم ولاتە داوە . بەلام سەرباری ئەوکارە دزێوانە نەیانتوانیوە پرۆسەی سیاسی‌و دیموکراسی ئەم ولاتە بوەستێنن. بەلکو پرۆسەکە هەنگاو بەهەنگاو دڕ بەشەوەزەنگی تیرۆیستان دەدات‌و بەرەو پێشەوە دەچێت.

بەهۆی کاریگەری سلبی تیرۆر لەسەر چارەنووسی سیاسی عیراق، زۆر بەروونیو راشکاوی هەڵوێست سەبارەت بەو دیاردە قێزەونە وەرگیراوە، سەرباری ئەوەی کۆمەڵەی نیشتمانی عیراق یاسایەکی تایبەتی سەبارەت بنەبڕکردنی تیرۆر دەرکردووە، ئەو یاسایە لە پێنج مادده پێکهاتووە، لەماددەی یەکدا پێناسەی تیرۆری کردووە ، لەماددەی دوودا کارە تاوانکارییەکانی تیرۆری دەست نیشانکردووە، لەماددەی سێدا سزای قورسی لەسێدارەدانی داناوە بۆ ئەنجامدەرانی ئەسڵیوشەریكو هاندەرو نەخشەدانەرو تەمویلکاری ئەو کارە تیرۆریستیانە، لەماددەی چواردا ئەو کەسانە لەسزاکانی ئەو یاسایە دەبەخشرێن کە کەپێش ئاشکرابوون یا نەخشەکێشانی تاوانەکە داموودەزگا تایبەتییەکان ئاگادار دەکەنەوەو ئەو ئاگادار کردنەوەیە ببێتە هۆی دەستگیرکردنی تاوانباران یا بەئەنجام نەگەیاندنی کارە تاوانکارییەکە.

لەمادده پێنجی یاساکەدا هەموو تاوانەکانی دووتوێی ئەو یاسایە بەتاوانی ئابروو بەر لەقەڵەم دەدرێن و هەروەها هەموو پارەو مەوادو ئامێرەکانی تاوانکاری دەست بەسەرداگیراو موسادەرە دەکرێن. دەستووری پەسەندکراوی عیراقیش لەچەند ماددەو بڕگەیەکدا بەروونی ئاماژەی بەو مەسەلەیە کردووەو پابەندبوونی دەوڵەتی عیراقی بۆ دژایەتی تیرۆر دووپاتکردۆتەوە.

بەپێی بڕگەی یەکی ماددەی حەوتی دەستور هەر قەوارەو ڕێبازێك قەدەغە دەکرێت ئەگەر ڕەگەزپەرستی یان تیرۆریزم یان تەکفیر یان پاکتاوی تایفەگەری پەیرەو بکات ، یان هانیان بدات یان زەمینەیان بۆ خۆش بکات یان بەرز بیان نرخێنێ یان پروپاگەندەیان بۆ بکات یان پاساویان بۆ بهێنێتەوە. هەر لەو بڕگەیەدا ڕێگە بەحزبی بەعسی سەدامی لەعیراق و نمونەکانی نادرێت لەژێر هەرناوێکدا بێت





کاری سیاسی بکەن و لەچوارچێوەی دیموکراسی فرەیی سیاسییدا جێگەی خۆیان بکەنەوە.

ئەوەی لەم بڕگەیەدا سەبارەت بەتیرۆر خراوەتە روو ئەوەیە کە بەروونی و راشکاوی ڕێگە بەهیچ لایەنێك نادات پەیرەوی تیرۆیزم بکات یا هانی بدات یا پروپاگەندەی بۆ بکات یا زەمینەی بۆ خۆش بکات یا پاساوی بۆ بهێنێتەوە.هەر بەپێی ئەو بڕگەیە دەبێ پەرلەمانی داهاتووی عیراق یاسایەکی تایبەت سەبارەت بەقەدەغەکردنی ڕەگەزپەرستی و تیرۆریزمو تەکفیرو پاکتاوی تایفەگەری دەربکاتو هەموو ڕەهەندەکانی ئەو مەسەلانە روون بکاتەوە.

بەپێی بڕگەی دووی ماددەی حەوتی دەستور دەوڵەت پابەند دەبێت بەشەڕی دژە تیرۆر بەهەموو شێوەکانیەوە و ڕێگەش بەوە نادرێت کەخاکی عیراق ببێتە بارەگا یان ڕێڕەو یان گۆڕەپانی چالاکی تیرۆریستان . لەم بڕگەیەدا زۆر بەروونی پابەند بوونی دەوڵەتی عیراق بەشەڕی دژە تیرۆر خراوەتە روو، ڕێگەش لەوە دەگیرێت کەخاکی عیراق ببێتە بارەگا یان ڕێڕەو یان گۆرەپانی چالاکی بۆ تیرۆریستان. ئەمەش پەیامێکی بەهێزە بۆ تیرۆریستانو هاوکارەکانیان کە لەسایەی دەستوری هەمیشەیی و پەرلەمانو حکومەتی هەڵبژێردراوی داهاتوودا دژایەتیکردنی تیرۆر بەردەوام دەبێت ئەوەش پابەندییەکی دەستورییەو ناتوانرێت لێی لابدرێت.

بەپێی بڕگەی دووی ماددەی (١٢٨)ی دەستوور ، دەوڵەتی عیراق ڕێز لە قوربانیانی کارە تیرۆریستییەکان دەگرێتولەو چوارچێوەیەدا خێزانی شەهیدانو بریندارانی کارە تیرۆریستییەکان قەرەبوو دەکرێنەوە، بۆ ئەو مەبەستەش دەبێت پەرلەمانی داهاتووی عیراق یاسایەکی تایبەت دەربکات.

* ڕۆژنامەی ئاسۆ ژمارە(١٥٨)لە١٠/١١/٢٠٠٥

# دەزگاکانی هەواڵگریو ئاسایش لەعیراقی نوێدا

دامودەزگا ئەمنیو هەواڵگرییەکانی رژێمی بەعس تۆمارێکی رەشیان لەپێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤدا هەیەودەستیان بەخوێنی هەزاران تێکۆشەرو هاوولاتی گەلانی عیراق بەگشتی و گەلی کوردستان بەتایبەتی سوور بوو. ئەو دەزگا سەرکوتکەرانە لە ژوورە تاریکەکاندا بەنهێنیوبەپێی یاسای جەنگەڵ بەفەرمانی سەرانی بەعس کارە دزێوەکانیان ئەنجامداوەو لەماوەی حوکمڕانیاندا سەرزەمینی عیراقیان کردبووە زیندانێکی گەورەو ژێر زەمینەکەشی بەگۆڕی بەکۆمەڵ.

پرۆسەی ئازادیی عیراق کۆتایی بەرژێمی دیکتاتۆری بەعسو ئەو قۆناغە دژوارە هێناو هەموو ئەو دامودەزگا سەرکوتکەرانەش هەڵتەکانو بەشێکی زۆری بەڵگەنامەی تاوانە دزێوەکانیان کەوتە بەردەست خەڵكو حزبو رێکخراوە سیاسییەکان .

لەقۆناغی ئازادیو لە یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عیراقدا تێزو تێڕوانین و پێناسەی نویێ بۆ دامودەزگا ئەمنیو هەواڵگرییەکان هاتە گۆڕێو جەخت لەوە کرایەوە کە دەبێت نوێنەرانی هەموو پێکهاتەکانی گەلانی عیراق لەو دامودەزگایانەدا کار بکەنو بەتەنها بۆ پێکهاتەیەك قۆرخ نەکرێت، هەروەها ئاماژەش بەوەکرا کە دەبێ ئەو دامودەزگا نوێیانە جیاوازبن لە دامودەزگاکانی رژێمی دیکتاتۆریو بە پێی پێوەرەکانی مافی مرۆڤو بنەماکانی دیموکراسی



شۆرشی
پەنجەمۆرەکان

کاربکەن و لەخزمەتی گەلانی عیراقدا بنو پارێزەری ئاسایشی گەلو نیشتمان بن ، هەروەها جەخت لەوە کرایەوە کە ئەو دامودەزگایانە لەژێر چاودێری پەرلەمانو ئەنجومەنی وەزیراندا بەشەفافیەتەوە ئیشو کارو چالاکیەکانیان ئەنجام بدەن.

دەستووری نوێی عیراقیش کە جێگەی یاسای بەرێوەبردن دەگرێتەوەو لەدوای پێکهێنانی حکومەتی نوێی عیراق کاری پێدەکرێت، بەروونیو راشکاوی ئاماژەی بەئەركو فەرمانەکانی ئەو دامودەزگایانە کردووەو جەختی لەوەش کردۆتەوە کە دەبێت ئەو دامودەزگایانە بەشێوەیەکی هاوسەنگ لەلایەن پێکهاتەکانی گەلانی عیراقەوە بەرێوەببرێن.

بەپێی بڕگەی یەکی ماددەی (٩)ی دەستوور عیراق بێجگەلە لە دامودەزگا ئەمنییەکان ، دەزگایەکی هەواڵگری ناوەندی بەناوی دەزگای هەواڵگری نیشتمانی عیراق دەبێت ، کاری ئەو دەزگایە کۆکردنەوەی زانیاریو هەڵسەنگاندنی هەرەشەکانی سەر ئاسایشی نیشتمانیو پێشکەشکردنی بیرورا و پێشنیاز دەبێت بە حکومەتی عیراق . هەر بەپێی ئەو ماددەیە دەبێت ئەو دەزگایە لەژێر کۆنترۆڵی کەسێکی مەدەنیدا بێتو لەلایەن پەرلەمانەوە بەشەفافی چاودێری کارەکانی بکرێتو دەبێت ئەو دەزگایە دەزگایەکی شارستانی بێتو بەپێی یاساو بنەماکانی مافی مرۆڤ کاربکات.

بەپێی بڕگەی یەکی ماددەی (٨١)ی دەستوور پەرلەمانی عیراق لەدوای دەست بەکاربوونی لەچوارچێوەی ئەو یاسایانەدا کە دەری دەکات دەبێت یاسایەکی تایبەت دەربکات بۆ دیاریکردنی کارو ئەركو دەسەڵاتەکانی دەزگای هەواڵگری نیشتمانی و دامودەزگا ئەمنییەکانی تر، هەر بەپێی ئەو ماددەیەی دەستوور دەزگای هەواڵگری نیشتمانی لەژێر چاودێری راستەوخۆی پەرلەماندا دەبێت و لەرووی ئیداریشەوە بەئەنجومەنی وەزیرانەوە دەبەسترێتەوە. هەر بەپێی ئەو دەستووورە

دامەزراندنی سەرۆکی دەزگای هەواڵگری کە کەسێکی مەدەنی دەبێت لەسەر پێشنیازی ئەنجومەنی وەزیرانو بەرەزامەندیی پەرلەمان دەبێت.

دەستووری عیراق فۆرمێکی یاسایی ئاشکراو شەفافی بەدەزگای هەواڵگری نیشتمانیو دامودەزگا ئەمنییەکانی تر بەخشیوەو پابەندی ئەوەشی کردوون کە بەپێی بنەماکانی مافەکانی مرۆڤ کارەکانیان ئەنجام بدەن. سەرباری ئەوە دەستووری عیراق چەند بنەمایەکی دیکەشی بۆ پاراستنی مافو ئازادییەکانی هاووڵاتیان دیاری کردووە.

لەو چوارچێوەیەداو بەپێی ماددەی (٣٥)ی دەستوور جەخت لەسەر پاراستنی کەرامەتو ئازادیی مرۆڤ کراوەتەوەو ڕێگە نادرێت هیچ کەسێك بەبێ بڕیاری دادوەر دەستگیر بکرێت یاخود لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکرێت. هەر ئەو دەستوورە هەموو جۆرە ئەشکەنجەیەکی دەروونیو جەستەییو هەڵسوکەوتی نامرۆڤانەی قەدەغە کردووەو جەختی لەپاراستنی تاکەکەس لەزۆرلێکردنی فیکریو سیاسیو ئایینی کردۆتەوە.

لەچەندین ماددەو بڕگەی تری ئەو دەستوورەدا جەخت لە پاراستنی مافەکانی مرۆڤو یەکسانیو دادپەروەری کراوەتەوە.

هەرێمی کوردستان کە هەرێمێکی بەرەسمی ناسراوی دەستوورەو خاوەنی هەموو دامودەزگا رەسمییەکانی یاسادانانو جێبەجێکردنو دادوەرییە. جێگەی خۆیەتی دەزگای هەواڵگری نیشتمانی کوردستانی هەبێت. دەشکرێ ئەو دەزگایە لەگەڵ دامودەزگا ئەمنییەکانی تری هەرێمدا لەسایەی وەزارەتێکدا بەناوی وەزارەتی ئاسایشی نیشتمانی کۆبکرێنەوە،لەبەر رۆشنایی دەستووردا دەکرێت ئەو وەزارەتە سەر بەئەنجومەنی وەزیران بێتو لەژێر چاودێری پەرلەمانی کوردستاندا کارەکانی ئەنجام بدات. دامەزراندنی ئەو وەزارەتە بۆ ئەم قۆناغە هەستیارەی کوردستانو





عیراق پێویستییەکی هەنووکەییە و رۆڵی ئیجابی لەپاراستنی ئاسایشی هەرێمو روبەروبوونەوەی تیرۆردا دەبێت.

* کوردستانی نوێ ژمارە(٣٨٨٢)لە ٢٩/١/٢٠٠٦

# مافە مەدەنیو سیاسییەکان لەدەستووری عیراقدا

دەستوری عیراق لەچەندین ماددەو بڕگەیدا ئاماژەی بەدابینکردنی مافو ئازادییەکان بۆ سەرجەم هاوولاتیان بەبێ جیاوازی کردووە. ئێمە لەم وتارەدا تەنها رووناکی دەخەینە سەر مافە مەدەنیو سیاسییەکانو بەخوێنەرانی ئاشنا دەکەین.

ماددەکانی (١٤ ـ ٢٢)ی دەستوور تایبەتن بەدابینکردنو پاراستنی مافە مەدەنیو سیاسییەکانی هاوولاتیان لەو چوارچێوەیەداو بەپێی ماددەی (١٤)ی دەستوور هەموو هاوولاتیانی عیراق لەبەردەم یاسادا یەکسانو هیچ جیاوازییەك لەنێوانیاندا ناکرێت بەهۆی (رەگەز، نەژاد، نەتەوە، رەسەن، رەنگ، ئایین، ئاینزا، باوەڕ، باری ئابووریو کۆمەلایەتی). بەپێی ناوەڕۆکی ئەم ماددەیە هەموو هاوولاتیانی عیراق یەکسانن لەمافو ئەرکداو هەمووان هاوولاتی پلەیەكو هاوشانی یەکترین.

بەپێی ماددەی (١٥)ی دەستوور، هەموو هاوولاتیەك مافی ژیانو ئاسایشو ئازادی هەیەو هیچ کەس ناتوانێت لەم مافانەی بێبەش بکات، ئەگەر کەسێکیش تۆمەتبار بێت ئەوە بەپێی یاساو لەسەر بڕیاری لایەنێکی دادوەری تایبەتمەند مامەڵەی یاسایی لەگەڵدا دەکرێتو لەو مافانە بێبەش دەکرێت. بەپێی ماددەی (١٦)ی دەستوور، دەبێت هەموو هاوولاتیان هەلی وەك یەكو یەکسانی بۆ دەستەبەر بکرێتو دەوڵەتیش زەمینەی ئەو کارە خۆش دەکات. ئەم ماددەیە جەخت





لەیەکسانیو عەدالەت دەکاتەوە، ئەمەش گیانی بەرزی هاوولاتیبوون بەرجەستە دەکات.

بەپێی بڕگەی یەکی ماددەی (١٧)ی دەستوور، هەر هاوولاتیەك مافی خۆیەتی تایبەتمەندی کەسایەتی خۆی هەبێتو پارێزگاری لێ بکات، بەمەرجێك لەگەڵ مافی کەسانی دیکەو ئادابی گشتی دژو ناکۆك نەبێت. بەپێی بڕگەی دووی ماددەی (١٧)، شوێنی نیشتەجێبوون رێزو پیرۆزی خۆی هەیەو دەبێت پارێزگاری لێ بکرێت. چوونە ژوورەوە یا پشکنین یا پەلاماردانی ئەوشوێنە رێگەی پێنادرێت، بەبڕیاری دادوەریو بەپێی یاسا نەبێت.

ماددەکانی (١٨)ی دەستوور تایبەتە بەرەگەزنامەی عیراقی، ئەم ماددەیە تێڕوانینی نوێو شارستانی سەبارەت بەرەگەزنامە هەیەو کە جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ یاسای رەگەزنامەی سەردەمی رژێمی دیکتاتۆری بەعس هەیە. بەپێی ئەم ماددەیە، هەر هاوولاتیەکی عیراقی مافی خۆیەتی رەگەزنامەی هەبێت، ئەو رەگەزنامەیە دەبێتە بنەمای هاوولاتیبوونی ئەو کەسە. هەر بەپێی ئەو ماددەیە هەر کەسێك لەباوکێك یاخود دایکێکی عیراقی لەدایك بووبێ بەهاوولاتیەکی عیراقی لەقەڵەم دەدرێت، ئەوەی جێگەی سەرنجە یاسای رەگەزنامەی پێشوو تەنها ئەو کەسەی بەعیراقی لەقەڵەم دەدا کە لەباوکێکی عیراقی لەدایك بوایەو حسابی بۆ دایك نەدەکرد!

بەپێی بڕگەیەکی تری ماددەی (١٨)، بەهیچ هۆیەك رێگە نادرێت رەگەزنامەی عیراقی لەهەر هاوولاتیەکی لەدایکبووی عیراقی بسەندرێتەوە ئەوەشی لێی سەندراوەتەوە مافی خۆیەتی داوای گەڕانەوەی رەگەزنامەکەی بکات. بەپێی ئەم بڕگەیە کوردە فەیلیەکان دەتوانن داوای گەڕانەوەی رەگەزنامەکانیان بکەن کە لەسەردەمی رژێمی دیکتاتۆریدا بەغەدر رەگەزنامەیان لێسەندراوەتەوەو بەشێکی

تریشیان بێسەرو شوێن کراون. بڕگەیەکی تری ئەم ماددەیە ڕێگەی بەوە داوە ڕەگەزنامەی عیراقی لەو کەسانە بسەندرێتەوە کە بەڕەگەزنامە بونەتە عیراقی، ئەوەش دەبێت بەیاسا دیاری بکرێتو روونکردنەوەی پێویستی لەبارەوە بدرێت.

بەپێی بڕگەیەکی تری ماددەی (١٨)، هەر عیراقییەك بۆی هەیە چەند ڕەگەزنامەیەکی هەبێت، بەلاّم ئەو کەسەی پۆستی سیادی یان ئاسایشی بالا وەربگرێت، دەبێت واز لەڕەگەزنامەی وەدەستهێنراو بهێنێ، بۆ ڕێکخستنی دەبێت یاسایەکی تایبەت لەلایەن پەرلەمانەوە دەربکرێت. بەپێی بڕگەیەکی تری ئەم ماددەیە ڕێگە نادرێت ڕەگەزنامەی عیراقی ببەخشرێت بەمەبەستی سیاسەتی نیشتەجێکردن کە دەبێتە مایەی تێکدانی پێکهاتەی دیموگرافی لەعیراقدا. بۆ ڕێکخستنی ماددەی (١٨)ی دەستوور پێویستە پەرلەمانی عیراق یاسایەکی تایبەت بەڕەگەزنامە دەربکاتو وردەکارییەکانی ئەو مەسەلەیەی تێدا روون بکاتەوە.

ماددەی (١٩) تایبەتە بەمەسەلەکانی دادوەرییو تیشك دەخاتە سەر لایەنەکانی. بەپێی بڕگەیەکی ئەم ماددەیە دادوەری سەربەخۆیەو هیچ دەسەلاّتێك بۆی نییە دەست لەکاروباری وەربداتو تەنها یاسا بەسەروەرو مەرجەعی خۆی دەزانێت. بەپێی بڕگەیەکی تری ئەم ماددەیە تاوانو سزا دەبێت بەدەقی یاسایی دیاری کرابن، بەوەش تەنها ئەو کردەوانە بەتاوان دادەنرێت کە یاسا دیاری کردبنو سزای بۆ دانابن. هەروەها نابێت سزایەك جێبەجێ بکرێت توندتر بێت لەو سزایەی لەکاتی ئەنجامدانی تاوانەکەدا جێبەجێ کراوە.

بەپێی بڕگەیەکی تری ئەم ماددەیە دادگەرایی مافێکی پارێزراوەو دەستەبەر کراوە بۆ هەموو هاوولاّتیەك. بەپێی بڕگەیەکی تر تۆمەتبار بێتاوانە تا ئەو کاتەی لەدادگایەکی یاساییو دادپەروەرانەدا تاوانەکەی بەسەردا دەچەسپێ. دەبێت لەگەڵ





هەر تاکێکدا بەشێوەیەکی دادپەروەرانە مامەڵە بکرێت لەبواری دادوەریو کارگێڕیدا. هەروەها دەبێت دانیشتنەکانی دادگا ئاشکرابنو مەگەر مەسەلەیەکی حەساس هەبێت دادگا بڕیاری ئەوە بدات دادگاییکردنەکە بکرێتە نهێنی. بەپێی بڕگەیەکی تری ئەم ماددەیە هەر یاسایەك کە دەردەچێت کاریگەری بۆ رابردوو نابێت، مەگەر دەقی پێچەوانە هەبێت. ئەو بەدەربوونە یاسای باجو ڕەسمەکان ناگرێتەوە. هەر لەو چوارچێوەیەدا یاسای سزادان کاریگەری رابردووی نابێت، لەحالەتێکدا نەبێت کە زیاتر لەقازانجی تۆمەتباردا بێت.

بەپێی بڕگەیەکی تری ئەم ماددەیە هەر کەسێك بەتاوانکاری یان کەتن تۆمەتبارە، ئەگەر پارێزەری نەبوو دادگا لەسەر حسابی خەرجی دەوڵەت پارێزەرێکی بۆ دەگرێ بۆئەوەی بەرگری لێ بکات. بەپێی بڕگەیەکی تری ئەم ماددەیە، ڕێگە نادرێت هیچ کەسێك دەست بەسەر بکرێت بەبێ هۆ.

هەروەها بەندکردن یاخود دەستگیرکردن تەنها لەو شوێنە ڕەسمیانەوە دەبێت کە بۆ مەبەستی بەندکردن دیاریکراونو هەموو مەرجەکانی چاودێری تەندروستیو کۆمەلاّیەتی تێدایەو لەژێر دەسەلاّتی دەوڵەتدایە. بەپێی دوا بڕگەی ئەم ماددەیە ئەوراقی لێکۆڵینەوەی سەرەتایی دەبێت لەماوەی (٢٤) سەعاتدا لەدەستگیرکردنی تۆمەتبار بخرێتە بەردەستی دادوەری تایبەتمەندو دەکرێت ماوەکە بۆ هەمان ماوەو بۆ یەکجار درێژ بکرێتەوە.

بەپێی ماددەی (٢٠) سەرجەم هاوولاّتیان بەپیاوو ژنەوە مافی بەشداربوونیان هەیە لەکاروباری گشتیو بۆشیان هەیە سودمەندبن لەمافە رامیارییەکان بەمافی دەنگدانو هەڵبژاردنو خۆپالاّوتنیشەوە. ئەم ماددەیە بەشێوەیەکی روونو ئاشکرا یەکسانی ژنو پیاو لەکاروباری گشتیو سیاسییدا دەخاتە روو.

بەپێی ماددەی (٢١)ی دەستوور ڕێگە نادرێت هیچ هاووڵاتیەکی عیراقی تەسلیم بەدەسەڵاتی بێگانە بکرێت. هەر بەپێی ئەم ماددەیە دەبێت یاسایەکی تایبەت لەپەرلەمانەوە دەربکرێت بۆ ڕێکخستنی مافی پەنابەری سیاسی لەعیراقدا، هەر بەپێی ئەو ماددەیە نابێت پەنابەری سیاسی بدرێتە دەست لایەنێکی بیانی یان بەزۆر تەسلیم بەو دەوڵەتە بکرێتەوە کە لێوەی هاتووە. هەر بەپێی بڕگەیەکی تری ئەو ماددەیە مافی پەنابەری سیاسی نادرێت بەتۆمەتبارێك کە تۆمەتبار بێت بەتاوانی نێودەوڵەتی یان تیرۆریستی یان هەر کەسێك زیانی بەعیراق گەیاندبێت.





# مافە ئابوورییەکان لەدەستووری عیراقدا

ئەگەر سەیری دەستووری عیراق بکەین، دەبینین بێجگە لەمافە مەدەنیو سیاسییەکان، ئاماژەشی بەمافە ئابووریو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگییەکان کردووەو لەدووتوێی ئەو دەستوورەدا ماددەکانی (٢٢ ـ ٣٥) بۆ دابینکردنو پاراستنی ئەو مافانە دانراوە. ئێمە لەم وتارەدا تەنها تیشك دەخەینە سەر مافە ئابوورییەکان کە لەماددەکانی (٢٢ ـ ٢٩)ی دەستووردا باسیان لێوەکراوەو بەخوێنەرانی ئاشنا دەکەین. بەپێی ماددەی (٢٢)ی دەستوور، هەموو هاووڵاتیەکی عیراقی بەبێ جیاوازی مافی کارکردنی هەیە، ئەوەش بەشێوەیەك بێت ژیانێکی ئاسودەو سەرفرازی بۆ مسۆگەر بکات. ئەوەی لەم ڕووەوە تێبینی دەکەین ئەوەیە کە مافی کارکردنی بۆ هەموو هاووڵاتیەك بەرەوا بینیوەو هیچ کۆتێکی بۆ کەس دانەناوە.

بەپێی بڕگەیەکی تری ئەو ماددەیە، پەیوەندی نێوان کرێکارو خاوەن کار لەسەر بنەمای ئابووری ڕێك دەخرێت، بەڵام سەرباری ئەو بنەمایە دەبێت بنەمای دادپەروەری کۆمەڵایەتی لەبەرچاو بگیرێو کاری پێ بکرێت، ئەمەش ئەو ڕاستیە دەخاتە ڕوو دەبێت هاوسەنگی کۆمەڵایەتی لەبەرچاو بگیرێو نابێت ڕێگەی ماف خواردنی کرێکارو چەوسانەوەی بدرێت.

بەپێی بڕگەیەکی تری ئەو ماددەیە دەبێت دەوڵەت ڕێگە بەپێکهێنانی سەندیکاو یەکێتییە پیشەییەکان بداتو شێوازی بوون بەئەندامیانو مافەکانیان فەراهەم

بکات، بۆ وردکردنەوەی ئەو مەسەلانە پێویستە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق یاسایەکی تایبەت دەربکاتو هەموو لایەنەکانی ئەو مەسەلانە بخاتە روو.

ماددەی (٢٣)ی دەستوور، شوێنی مولّکدارێتی تایبەتی دیاریکردووەو بەپێی ئەو ماددەیە ئەو جۆرە مولّکدارییە پارێزراوەو خاوەنەکەی مافی سوود لێوەرگرتنو بەکارهێنانو بەڕێوەبردنی هەیە بۆ بەرژەوەندی خۆی، ئەوەش بەپێی بنەماکانی یاساو بەو مەرجەی لەسنووری ڕێپێدراوی یاسایی دەرنەچێت. هەر بەپێی ئەو ماددەیە نابێت دەوڵەت مولّکی هیچ کەسێك زەوت بکات، ئەگەر بەرژەوەندی گشتی وایخواست مولّکێك دەستی بەسەردا بگیرێت دەبێت ئەو کارە بەپێی یاساو لەبەرامبەر قەرەبوویەکی باشو دادپەروەرانە بێت کە خاوەن مولّکەکە رازی بکات، دەبێت ئەنجومەنی نوێنەران یاسایەکی تایبەت بەو مەسەلانە دەربکاتو رێوشوێنو وردەکارییەکانی بخاتە روو.

بەپێی بڕگەیەکی تری ماددەی (٢٣)، هەموو عیراقییەك مافی ئاسایی خۆیەتی لەهەر شوێنێکی عیراقدا مولّکی هەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا رێگە بەهیچ کەس نادرێت مولّکداری بۆ مەبەستی شێواندنو گۆڕینی دیموگرافی بەدەست بهێنێ، وەك ئەوەی کە رژێمی دیکتاتۆری بەعس لەکەرکوكو ناوچەکانی تر بۆ تەعریبو سڕینەوەی روخساری کوردەواری ئەو ناوچانە ئەنجامی داو تائێستاش شوێن برینەکانیان سارێژ نەبوون.

هەر بەپێی بڕگەیەکی تری ئەو ماددەیە رێگە بەهاووڵاتی بیانی نادرێت ببێتە خاوەن مولّکی نەگوازراوە وەك زەویو خانووبەرە. مەگەر حاڵەتێك یاسا بەدەری کردبێتو رێگەی پێدابێ. بەپێی ماددەی (٢٤)ی دەستوور، دەوڵەتی عیراق رێگە دەدات بەئازادی کرێکارو شتومەكو سەرمایەی عیراقی هاتوچۆی پێ بکرێت





لەنێوان هەرێمو پارێزگاکانی وڵاتدا، بۆ رێکخستنی ئەو مەسەلانەو وردکردنەوەی پێویستە ئەنجومەنی نوێنەران یاسایەکی تایبەت دەربکات.

بەپێی ماددەی (٢٥)ی دەستوور، رێگە بەدەوڵەت دراوە ریفۆرمی ئابووری بەپێی بنەمای مۆدرێنی ئابووری بکاتو لەو چوارچێوەیەدا گەشە بەوەبەرهێنانی سامانی وڵاتو سەرچاوەکانی هاندانی کەرتی تایبەت بدات.

بەپێی ماددەی (٢٦)ی دەستوور، دەبێت ئەنجومەنی نوێنەران یاسایەکی تایبەت سەبارەت بەهاندانی وەبەرهێنان لەکەرتە جۆربەجۆرەکاندا دەربکاتو ئەو مەسەلانەی تێدا وردو روون بکاتەوە.

ماددەی (٢٧)ی دەستوور، جەختی لەسەر پاراستنی حورمەتی مولّكو ماڵی گشتی کردۆتەوەو بەئەرکی سەرشانی هەر هاووڵاتییەکی عیراقی داناوە. بەپێی بڕگەیەکی تری ئەم ماددەیە، دەبێت ئەنجومەنی نوێنەران یاسایەکی تایبەت دەربکات، دەبێت لەو یاسایەدا شێوازی پاراستنو بەڕێوەبردنو مەرجی کارپێکردنی مولّکەکانی دەوڵەتو سنووری تەنازول لێنەکردنیان بەوردی بخرێتە روو.

بەپێی ماددەی (٢٨)ی دەستوور، مەسەلەکانی تایبەت بەسەپاندنو هەموارکردنو بەخشینی باجو رسومات تەنها بەپێی بنەماکانی یاسا دەبێت. بەپێی بڕگەیەکی تری ئەم ماددەیە دەبێت ئەنجومەنی نوێنەران یاسایەك دەربکات بۆ بەخشینی خاوەن دەرامەتە نزمەکان لەباج، بەوەش جۆرێك لەبەرزکردنەوەی ئاستی ژیانو عەدالەتی کۆمەڵایەتی پەیڕەو دەکرێت.

# مافە کۆمەڵایەتیو فەرهەنگییەکان لەدەستووری عیراقدا

دەستووری عیراق تیشکی خستۆتە سەر هەموو بوارەکانو مافو ئەرکەکانی هاووڵاتیانی لەو بوارانەدا دیاری کردووە. ئێمە لەم وتارەدا تیشك دەخەینە سەر مافە کۆمەڵایەتیو فەرهەنگییەکانو ماددەو بڕگەکانی تایبەت بەو مەسەلانە لەدەستووردا شی دەکەینەوە. ماددەکانی (٢٩ ـ ٣٥)ی دەستوور تایبەتە بەمافە کۆمەڵایەتیو فەرهەنگییەکان، ئێمە هەوڵ دەدەین تیشك بخەینە سەر ئەو ماددانەو بەخوێنەرانی ئاشنا بکەین.

ماددەی (٢٩)ی دەستوور تایبەتە بەپاراستنی خێزانو ئەندامەکانی. ئەو ماددەیە خێزان بەبنەماو کۆڵەکەی کۆمەڵ دادەنێتو دەوڵەتیش پابەند دەکات کە پارێزگاری لەقەوارەی خێزانو بەها ئایینیو ئەخلاقیو نیشتمانیەکانی بکات. بڕگەیەکی تری ئەم ماددەیە جەخت لەپاراستنی مافەکانی دایکایەتیو منداڵو پیر دەکاتەوە، بێگومان دەبێت ئەنجومەنی نوێنەران بۆ وردکردنەوەی ئەو مەسەلانەو چۆنیەتی پاراستنی مافی ئەو کەسانە یاسای تایبەت دەربکاتو هەموو رەهەندەکانی ئەو مەسەلانە بخاتە روو.

لەبڕگەیەکی تری ئەم ماددەیەدا باسی چاودێری گەنجان دەکاتو ئاماژە بەوە دەکات کە دەبێت زەمینەی گونجاو بۆ گەشەپێدانی بەهرەو توانای گەنجان بڕەخسێت. بێگومان دەبێت ئەنجومەنی نوێنەرانو ئەنجومەنی وەزیران رێوشوێنی پێویست بگرنەبەر بۆ جێبەجێکردنی خواستەکانی گەنجان. بڕگەیەکی تری ئەو





ماددەیە ئاماژە بەمافەکانی منداڵان دەکاتو باسی ئەوە دەکات کە منداڵان مافیان بەسەر دایكو باوکیانەوە هەیە لەپەروەردەو چاودێریو فێرکردنیاندا، هەروەها باسی ئەوەش دەکات کە دەبێت منداڵانیش رێزی دایكو باوکیان بگرنو لەکاتی هەژاریو پەککەوتەییو پیریدا چاودێریو هاوکاریان بکەن. بێگومان ئەمە راستە بەڵام دەبێت دەوڵەتیش لەکاتی پێویستدا هاوکاری منداڵانو دایکانو باوکان بکاتو پێداویستیەکانیان دابین بکات.

بەپێی بڕگەیەکی تری ئەم ماددەیە رێگە بەوە نادرێت منداڵان لەڕووی ئابوورییەوە بچەوسێندرێنەوەو دەبێت دەوڵەت هەموو رێوشوێنێکی پێویست بگرێتەبەر بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیانو دابینکردنی پێداویستیەکانیانو پاراستنی مافەکانیان.

بەپێی دوا بڕگەی ماددەی (٢٩)ی دەستوور، رێگە بەهیچ جۆرە توندوتیژییەك نادرێت لەخێزانو خوێندنگاو کۆمەڵدا، بێگومان بۆ ئەم مەسەلەیەش دەبێت پەرلەمانو حکومەت یاساو بڕیاری پێویست دەربکات.

ماددەی (٣٠)ی دەستوور تایبەتە بەبیمەی کۆمەڵایەتیو تەندروستی، بەپێی ئەم ماددەیە دەوڵەت دەبێت بیمەی کۆمەڵایەتیو تەندروستیو پێداویستیەکانی ژیانێکی ئازادو ئاسوودە بۆ هەر هاووڵاتیەك دابین بکات لەدەرامەتو خانووی گونجاو، لەماددەکەدا جەختی لەدابینکردنی ئەو شتانە بۆ تاكو خێزان بەگشتیو منداڵانو ژنان بەتایبەتی کردۆتەوە.

بەپێی بڕگەیەکی تری ئەو ماددەیە دەبێت ئەنجومەنی نوێنەران یاسایەکی تایبەت سەبارەت بەدابینکردنی بیمەی کۆمەڵایەتیو تەندروستی بۆ هاووڵاتیانی عیراق دەربکات دەبێت ئەو یاسایە هەموو وردەکارییەکانی ئەو مەسەلەیە روون بکاتەوەو زامنی ئەوە بکات کە بیمە بۆ پیرو نەخۆشو پەککەوتە ئاوارەو بێکارو بێ

سەرپەرشت دەستەبەر بکرێت. هەر بەپێی ئەو بڕگەیە دەبێت کار بۆ پاراستنی ئەو هاووڵاتیانە بکرێت لەنەخوێندەواری و هەژاری و هەوڵ بدرێت شوێنی نیشتەجێبوونیان بۆ دابین بکرێت.

بەپێی ماددەی (٣١)ی دەستوور، لەسەر دەوڵەت پێویستە چاودێری تەندروستی هەموو هاووڵاتیان بکات و بایەخ بەتەندروستی گشتی بدات و هەموو هەوڵێکی بخاتە گەڕ بۆ خۆپاراستن و چارەسەرکردن. بۆ ئەو مەبەستەش دەبێت هەوڵی بنیاتنانی نەخۆشخانەو دامەزراوەی تەندروستی جۆراوجۆر بدات.

بەپێی بڕگەیەکی تری ئەم ماددەیە، دەبێت ئەنجومەنی نوێنەران یاسایەکی تایبەت دەربکات بۆ ڕێگەدان بەدەستەو کەسان بۆئەوەی نەخۆشخانەو بنکەی تەندروستی و خانووی عیلاجی تایبەت بەچاودێری و سەرپەرشتی دەوڵەت دروست بکەن.

بەپێی ماددەی (٣٢)ی دەستوور، دەبێت ئەنجومەنی نوێنەران یاسایەکی تایبەت دەربکات بۆ چاودێری کردنی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان، مەبەستی ئەم کارەش ئەوەیە کە ئەو کەسانە تێکەڵاو بەکۆمەڵ بکرێنەوەو هەوڵی گەشەپێدان و پێگەیاندنیان بدرێت.

ماددەی (٣٣)ی دەستوور، جەخت لەوە دەکاتەوە کە هەموو کەسێك مافی ژیانی هەیەو دەبێت زەمینەی ژینگەیەکی ئارامی بۆ دابین بکرێت. هەر بەپێی بڕگەیەکی تری ئەم ماددەیە دەبێت دەوڵەت ئەرکی پاراستنی ژینگەو هەمەجۆری زیندەوەر دەستەبەر بکات.

ماددەی (٣٤)ی دەستوور، کە لەچوار بڕگە پێکهاتووە تایبەتە بەفێرکردن و توێژینەوە. بەپێی ئەم ماددەیە فێرکردن بایەخێکی گەورەی هەیەو هۆکاری ئەساسی پێشخستنی کۆمەڵە، لەبەر ئەم بایەخە دەبێت دەوڵەت زەمینەی لەبار بۆ فێرکردن





بڕەخسێنێت و لەو چوارچێوەیەدا دەبێت لەقۆناغی سەرەتاییدا خوێندن تەوزیمی بێت و هەوڵی قەڵاچۆکردنی نەخوێندەواریش بدرێت. بڕگەیەکی تری ئەم ماددەیە جەخت لەوە دەکاتەوە کە خوێندن و فێرکردن مافی ڕەوای هەموو هاووڵاتیانی عیراقەو لەسەرجەم قۆناغەکانیشدا بەخۆڕایی دەبێت. ئەمەش خۆی لەخۆیدا پشتگیرییەکی بەهێزی دەوڵەتە بۆئەوەی هاووڵاتیان منداڵەکانیان بنێرنە بەرخوێندن و سەرجەم قۆناغەکانیان پێ تەواو بکەن، چونکە ئەگەر ئەو پشتگیرییە نەبێت و خوێندن بەپارە بێت، زۆر خێزان ناتوانن منداڵەکانیان بنێرنە بەر خوێندن و هەموو قۆناغەکانیان پێ تەواو بکەن.

بڕگەیەکی تری ئەو ماددەیە ئەوە دەخاتە ڕوو کە دەوڵەت هانی توێژینەوەی زانستی دەدات بۆ مەبەستی ئاشتیانەو خزمەتکردنی مرۆڤایەتی و داهێنان و دۆزینەوە. بەپێی دوا بڕگەی ماددەی (٣٤)، پێویستە ئەنجومەنی نوێنەران یاسایەکی تایبەت دەربکات بۆ دەستەبەرکردنی فێرکردنی تایبەت و ئەهلی. بێگومان لەو یاسایەدا هەموو وردەکارییەکانی ئەو مەسەلەیە دەخرێتە ڕوو.

* کوردستانی نوێ ژمارە(٣٨٩١)لە ٢٠٠٦/٢/٨

# ئازادییەکان لەدەستووری عیراقدا

پرۆسەی ئازادیی عیراق کۆتایی بەرژێمی دیکتاتۆری بەعس هێناو پاش چەندین ساڵ ژێر دەستی خۆری ئازادی لەم وڵاتەش هەڵهاتو ئیدی زەمینەی ئەوە رەخسا کە هاووڵاتیان بەئازادیو ئارەزووی خۆیان متمانە بەو کەسانە ببەخشن کە دەیانەوێت حوکمیان بکەن.

لەو چوارچێوەیەدا هاووڵاتیانی عیراق لەماوەی ساڵێکدا بەشداری سێ پرۆسەی هەڵبژاردنی دیموکراسییان کردو لەرێی سندوقەکانی دەنگدانەوە بەشێوازێکی ئاشتیو شارستانیانە دەنگیان بۆ نوێنەرانی دڵخوازی خۆیان داو تەنانەت دەستووری وڵاتیش بەدەنگی ئەوان پەسەند کرا. هەر بۆیەش لەچەندین برگەو ماددەی ئەو دەستوورەدا ئاماژە بەزاراوەی ئازادی کراوەو وەك مافێکی ئاسایی هاووڵاتیان بەرجەستە کراوەو دەبێت هەوڵی رێزگرتنو جێبەجێکردنی بدرێت.

ماددەکانی (٣٥ ـ ٤٥)ی دەستوور تایبەتن بەئازادییەکانو ئێمە هەوڵ دەدەین ماددە بەماددە تیشکی بخەینە سەرو بۆ خوێنەرانی شی بکەینەوە.

ماددەی (٣٥)ی دەستوور جەخت لەسەر پاراستنی کەرامەتو ئازادی مرۆڤ دەکاتەوەو لەو روانگەیەوە ئاماژە بەوە دەکات کە نابێت بەبێ بریاری دادوەری هیچ کەسێك دەستگیربکرێت یاخود لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بکرێت. ئەمەش خۆی لەخۆیدا پیرۆزی سەروەری یاساو بواری دادوەری دەخاتە روو. بەپێی برگەیەکی تری ئەو ماددەیە رێگە نادرێت هیچ کەسێك ئەشکەنجەی دەروونیو جەستەیی بدرێتو





هەڵسوکەوتی نامرۆڤانەی لەگەڵدا بکرێت هەر ئەو برگەیە ئەوە دەخاتە روو کە ئەو دانپیانانە بێ بایەخە لەژێر زەبری هەرەشەو ئەشکەنجەدا وەرگیرابێت، هەر کەسێکیش هەڵسوکەوتی لەو جۆرەی لەگەڵدا کرابێت بۆی هەیە سکاڵاو داوای خۆی پێشکەش بەدادگا بکاتو داوای قەرەبووی ماددیو مەعنەوی ئەو زیانانە بکاتەوە کە لێی کەوتووە. بەپێی برگەیەکی تری ئەو ماددەیە، دەبێت دەوڵەت بەیاسا هەوڵی پاراستنی مافی تاکە کەس بداتو رێگەش بەسەپاندنی فیکریو سیاسیو ئاییینی نەدات. ئەوەش زەمینەی ئازادی تاکە کەس خۆش دەکات.

بەپێی برگەیەکی تری ئەم ماددەیە دەبێت دەوڵەت یاخود ئەنجومەنی نوێنەران بە پێی یاسایەك کارەکانی بێگاری، کۆیلەیی، بازرگانی کۆیلە، بازرگانی ژنو منداڵو بازرگانی کردن بەسێکس قەدەغە بکات. ئەوەش دەچێتە خانەی پاراستنی مافو بەهاکانی مرۆڤەوە.

ماددەی (٣٦)ی دەستوور، جەختی لەئازادی رادەربرینو ئازادی رۆژنامەگەریو چاپکردنو بلاوکردنەوەو راگەیاندنو ئازادی کۆرو کۆبوونەوەو خۆپیشاندانی ئاشتیانە کردۆتەوە، بەلام ئەوەی جێگەی سەرنجە لەم ماددەیەدا ئەوەیە دەستەبەرکردنی ئەو ئازادییانەی بەستۆتەوە بەوەی کە پێچەوانەی سیستەمو ئادابی گشتی نەبێت، ماددەکە ئەوەشی روون نەکردۆتەوە کە سیستەمو ئادابی گشتی چی دەگرێتەوە، هەر بۆیەش پێویستە ئەنجومەنی نوێنەران یاسایەکی تایبەت لەو بارەیەوە دەربکاتو هەموو وردەکارییەکانی ئەو مەسەلانە روون بکاتەوە.

ماددەی (٣٧)ی دەستوور تایبەتە بەئازادیی دامەزراندنی کۆمەڵەو حزبە سیاسییەکان، بەپێی ئەم ماددەیە دەبێت ئەنجومەنی نوێنەران یاسایەکی تایبەت لەو بارەیەوە دەربکات، دەبێت ئەو یاسایە یاسایەکی دیموکراسیو شارستانی بێتو تێیدا ئازادی کاری سیاسی حزبە سیاسیو کۆمەڵەو رێکخراوە پیشەییەکان

بخاتەروو، بەپێی ئەو یاسایە دەبێت هەر هاووڵاتیەك ئازاد بێت لەوەی لە چ حزبو کۆمەڵەیەکدا کار دەکات، یاخود وازیان لێ دەهێنێو نابێت هیچ هاووڵاتیەك بەزۆر بکرێتە ئەندامی هیچ کۆمەڵەو حزبێکی سیاسی یان فشاری بخرێتە سەر بەردەوام بێت لەئەندامێتی کۆمەڵەو حزبێکی سیاسیدا بێجگە لەمانەش هەر هاووڵاتیەك دەبێت ئازاد بێت لەوەی کە بێلایەن بێتو کاری سیاسی نەکات.

بەپێی ماددەی (٣٨)، هەموو پەیوەندیو نێردراوێکی گەیاندن لە (نامە، بروسکە، تەلەفۆن، نامەی ئەلکترۆنی) دەبێت ئازاد بێتو نابێت بەنهێنی چاودێری بکرێت یاخود هەستی لێ رابگیرێت یاخود ئاشکرا بکرێت. تەنها لەیەك حاڵەتدا دەتوانرێت چاودێری ئەو بوارانە بکرێت ئەویش لەبەر پێویستی یاساییو ئاسایش ئەوەش تەنها بەبڕیاری دادوەری دەبێت.

ماددەی (٣٩)ی دەستوور، ئازادی کاروباری کەسی دەخاتە روو،بەپێی ئەم ماددەیە هەر هاووڵاتیەکی عیراقی بەپێی (ئایین، ئاینزا، بیروباوەڕ، ویستی خۆی) پابەندی کاروباری کەسییان دەبن، بۆ روونکردنەوەی هەموو رەهەندەکانی ئەو مەسەلەیە دەبێت ئەنجومەنی نوێنەران یاسایەکی تایبەت دەربکات. ئەوەی جێگەی سەرنجە پێشتر هەموو هاووڵاتیان لەسەرانسەری عیراقدا پابەندبوون بەیەك یاساوە، ئەویش یاسای باری کەسێتی بوو. ماددەی (٤٠)ی دەستوور، جەخت لەوە دەکاتەوە کە هەر هاووڵاتییەکی عیراقی ئازادە لەفیکرو ویژدانو باوەڕدا، ئەمەش ئەو راستیە دەخاتە روو کە هیچ کەسێك بەزۆر هیچ فیکرو باوەڕێکی بەسەردا ناسەپێنرێت.

بەپێی ماددەی (٤١)ی دەستوور، دەبێت هەوادارانی هەر ئایینو ئایینزایەك دابە ئایینیەکانیان بەئازادی ئەنجام بدەن، هەر ئەو بڕگەیە ئاماژەشی بەوە کردووە کە دابی حوسەینیەش بەئازادی ئەنجام بدرێت. جێگەی سەرنجە رژێمی بەعس ئەو رێوڕەسمە ئایینیەی قەدەغە کردبوو. هەر ئەو ماددەیە جەختی لەوە کردۆتەوە کە





هەوادارانی هەرئایینو ئایینزایە بۆیان هەیە ئیدارەی ئەوقافو دامودەزگا ئایینیەکانی تر بەئازادی بەڕێوەبەرنو دەبێت ئەنجومەنی نوێنەران یاسایەکی تایبەت لەو بارەیەوە دەربکات. بەپێی بڕگەیەکی تری ئەو ماددەیە، پەرستنی شوێنە ئاینییەکان ئازادەو رێگەی لێ ناگیرێتو دەبێت دەوڵەت پاراستنی ئەو شوێنانە دەستەبەر بکات.

ماددەی (٤٢)ی دەستوور، هەر هاووڵاتییەکی عیراقی ئازادە لەڕووی گواستنەوەو گەشتو گوزارو نیشتەجێبوون لەناوەوەو دەرەوەی عیراقدا. ئەم دەستوورە ئەم ئازادییەی بۆ هاووڵاتیانی عیراقی گێڕاوەتەوە کە لەسەردەمی رژێمی بەعسدا زەوت کرابوو.

هەر بەپێی ئەو ماددەیە، نابێت هیچ هاووڵاتیەکی عیراقی نەفی بکرێتو دوور بخرێتەوە. یان رێگەی پێنەدرێ بگەڕێتەوە بۆ نیشتمانەکەی. بێگومان لەسەردەمی بەعسدا هەزاران کوردی فەیلی دوور خرابوونەوە، تەنانەت رەگەزنامەی عیراقیشیان لێ سەندرابۆوەو رێگەیان نەدەدرا بۆ خاکی خۆیان بگەڕێنەوە.

بەپێی ماددەی (٤٣)ی دەستوور، دەبێت ئەنجومەنی نوێنەران یاسایەکی تایبەت دەربکات سەبارەت بەدامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی. بەپێی ئەو یاسایە دەبێت هەوڵی ئەکتیڤ کردنی ئەو رێکخراوانەو گەشەپێدانیان بدرێت بۆئەوەی بەشێوەیەکی هێمنانەو ئاشتیانە هەوڵی بەدیهێنانی ئامانجو ئاواتەکانیان بدەن.

ئەوەی جێگەی سەرنجە لەبڕگەیەکی تری ئەم ماددەیەدا باس لەوە دەکات کە دەبێت دەوڵەت هەوڵی بەرزکردنەوەی ئاستی خێڵو هۆزەکان بداتو گرنگیان پێ بدات. جەختیشی لەوە کردۆتەوە کە رێگە بەو نەریتە خێلەکیانە نەدرێت کە لەگەڵ بنەماکانی مافی مرۆڤدا ناگونجێن. ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەم ماددەیە دوو شتی دژو ناکۆکی کۆکردۆتەوە، لەلایەك باسی کاراکردنی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی

مەدەنی دەکات، لەلایەکی ترەوە باسی بەرزکردنەوەی ئاستی خێڵو هۆزەکان دەکات کە دوو شتی دژ بەیەکن. ماددەی (٤٤)ی دەستوورەکە، وەك زەمانەتێك وایە بۆ پاراستنی مافو ئازادییەکانی دووتوێی دەستووری عیراقو جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەو مافو ئازادییانە نابێت کۆتو سنووردار بکرێت بەپێی یاسا نەبێت بەو مەرجەی زیان بەجەوهەری مافو ئازادییەکان نەگەیەنێت.

* ڕۆژنامەی (ئاسۆ) ژمارە(١٨٩) لە٩/٢/٢٠٠٦





# دەسەڵاتە فیدرالییەکان لەدەستووری عیراقدا

بەپێی دەستووری نوێی عیراق، دەسەڵاتە فیدرالییەکان پێك دێت لە دەسەڵاتانی یاسادانان و دەسەڵاتی جێبەجێکردنو دەسەڵاتی دادوەری، ئەم سێ دەسەڵاتە پسپۆڕیو ئەرکەکانیان لەسەر بنەمای پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان ئەنجام دەدەن.

## یەکەم : دەسەڵاتی یاسادانان

بەپێی دەستوری نوێ دەسەڵاتی یاسادانانی فیدراڵی لەدوو ئەنجومەن پێك دێت ئەوانیش ئەنجومەنی نوێنەرانو ئەنجومەنی فیدرالییە، ئەمەش سیماو رووخساری سیستمی فیدراڵی عیراق نیشان دەدات.

یەکەم: ئەنجومەنی نوێنەران(پەرلەمان): ئەم ئەنجومەنە کە خۆی لەپەرلەمانی فیدرالیدا دەبینێتەوە، نوێنەرایەتی سەرجەم پێکهاتەکانی گەلانی عیراق دەکات، هەر (١٠٠٠٠٠) سەد هەزار کەس یەك نوێنەریان لەپەرلەمان دەبێت کە هاووڵاتیان بە رێگەی دەنگدانی گشتی نهێنیو راستەوخۆو لەرێی سندوقەکانی دەنگدانەوە متمانەی پێدەبەخشن. تەمەنی ئەنجومەنی نوێنەران وەك هەر پەرلەمانێکی دیکە چوار ساڵە. بڕیارەکان لەکۆبوونەوەکانی ئەم ئەنجومەنەدا بە زۆرینەی سادە دەدرێت، ئەوەش بە ئامادەبوونی زۆرینەی رەهای ئەندامانی.

دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی نوێنەران:ئەم ئەنجومەنە وەك هەر پەرلەمانێکی وڵاتانی دیموکراسی پێگەو دەسەڵاتی خۆی هەیەو هەژموونو باڵا دەستی بەسەر

زۆربەی ناوەندەکانی دەسەڵاتدا هەیە، بۆی هەیە چاودێرییان بکاتو لەکاتی سەرپێچی یاساییدا لەبەر پرسانی ئەو ناوەندانە بپرسێتەوە. دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی نوێنەران لەم خاڵانەدا چڕدەکەینەوە:

١ـ ئیشی سەرەکی ئەم ئەنجومەنە داڕشتنو دەرکردنی یاسا فیدرالییەکانە، ئەم یاسایانەش بە یاسای سیادی دادەنرێنو دەبێت لەسەرانسەری عیراقدا جێبەجێ بکرێنو هەموو هاوولاتیان پێوەی پابەند بن.

٢ـ ئەم ئەنجومەنە چاودێری کارەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەکات، دەسەڵاتی جێبەجێکردنیش لەم دەستوورە نوێیەدا هەر دوو ئەنجومەنی سەرۆکایەتیو ئەنجومەنی وەزیران دەگرێتەوە. واتە ئەو دوو ئەنجومەنە لەژێر هەژموونو قەڵەمڕەوی ئەنجومەنی نوێنەراندان، ئەمەش رووی گەشی شارستانیو دیموکراسی ئەو دەستوورە نیشان دەدات.

٣ـ لەدوای دەستبەکاربوونی، ئەنجومەنی نوێنەران بە دەنگی زۆرینەی ٢/٣ی ئەندامانی یاسایەك دەردەکات بۆ پەسەندکردنی رێکەوتننامەو پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان، ئەمەش بایەخی تایبەتی خۆی هەیە، چونکە ئەنجومەنی نوێنەران بە نوێنەرانی هەموو پێکهاتەکانیەوە ئاگاداری هەموو ئەو رێکەوتننامەو پەیماننامە نێودەوڵەتییانە دەبن کە عیراق لەگەڵ وڵاتانی تردا مۆری دەکات.

٤ـ هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار لەلایەن ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانەوە دەبێتو ئەو ئەنجومەنە وەك نوێنەری گەل متمانەی پێدەبەخشێت.

٥ـ ئەنجومەنی نوێنەران بە زۆرینەی رەهای دەنگی ئەندامانیو لەسەر پێشنیازی ئەنجومەنی دادوەری باڵا، سەرۆكو ئەندامانی دادگای تەمیزی فیدراڵیو سەرۆکی داواکاری گشتیو سەرۆکی دەستەی سەرپەرشتیاری دادوەری دادەمەزرێنێت.





٦ـ ئەم ئەنجومەنە لەسەر پێشنیازی ئەنجومەنی وەزیران باڵیۆزو خاوەن پلە تایبەتەکان دادەمەزرێنێت.

٧ـ ئەم ئەنجومەنە لەسەر پێشنیازی ئەنجومەنی وەزیران سەرۆکی ئەرکانی سوپاو یاریدەدەرانیو خاوەن پلەی فەرماندەی فیرقەو بەرەو ژوورو سەرۆکی دەزگای هەواڵگری دادەمەزرێنێت.

٨ـ ئەنجومەنی نوێنەران لەسەر داوای زۆرینەی ئەندامانیو لەسەر بنچینەی داوایەکی رەواو هۆدار دەتوانێت لەسەرۆك کۆمار بپرسێتەوە.

٩ـ ئەم ئەنجومەنە بە زۆرینەی رەهای دەنگی ئەندامانی دەسەڵاتی لەسەر کار لابردنی سەرۆك کۆماری هەیە، دوای ئەوەی لەلایەن دادگای باڵای فیدرالییەوە بەیەکێك لەم سێ تۆمەتەی خوارەوە تۆمەتبار دەکرێت (١ـ شکاندنی سوێندی دەستووری.٢ـ پێشێلکردنی دەستوور. ٣ـ خیانەتی گەورە)

١٠ـ هەر ئەندامێکی ئەنجومەنی نوێنەران بۆی هەیە پرسیار ئاراستەی سەرۆك وەزیرانو وەزیرەکان بکات لەسەر هەر بابەتێك کە پەیوەندی پێیانەوە هەیە.

١١ـ لانی کەم (٢٥) ئەندام لەئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران بۆیان هەیە بابەتێکی گشتی بخە روو سەبارەت بە سیاسەتو چۆنیەتی کاری ئەنجومەنی وەزیران یان یەکێك لەوەزارەتەکانو دەبێت سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران یا وەزیرەکان لەوادەیەکی دیاریکراودا لەئەنجومەنی نوێنەران ئامادەبن بۆ گفتوگۆ کردن سەبارەت بەو بابەتە.

١٢ـ ئەنجومەنی نوێنەران پاش وەرگرتنی رەزامەندی (٢٥) ئەندام بۆی هەیە لێکۆڵینەوە ئاراستەی سەرۆك وەزیران یا وەزیرەکان بکاتو لێیان بپرسێتەوە لەسەر ئەو کارو بارانەی پەیوەندی پێیانەوە هەیە.

١٣ـ ئەنجومەنی نوێنەران بە زۆرینەی رەهای دەنگی ئەندامانی دەتوانێت متمانە لەهەر وەزیرێکی ئەنجومەنی وەزیران وەربگرێتەوە.

١٤ـ ئەنجومەنی نوێنەران لەسەر داوای ١/٥ی ئەندامانی دەتوانێت متمانە لەسەرۆك وەزیران وەربگرێتەوە.

١٥ـ ئەنجومەنی نوێنەران بە زۆرینەی رەهای دەنگی ئەندامان دەتوانێت متمانە لەسەرۆك وەزیران وەربگرێتەوە.

١٦ـ ئەنجومەنی نوێنەران بە زۆرینەی رەهای دەنگی ئەندامانی مافی لێکۆڵینەوەی هەیە لەبەرپرسانی ئۆرگانە سەربەخۆکانو بەپێی هەمان رێوشوێنی تایبەت بەوەزیرەکان بۆی هەیە بەرپرسی ئەو ئۆرگانە سەربەخۆیانە لەسەر کار لابدات.

١٧ـ لەسەر داخوازیی هاوبەشی سەرۆك کۆمارو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومەنی نوێنەران بە زۆرینەی ٢/٣ی دەنگی ئەندامانی دەتوانێت رەزامەندی نیشان بدات لەسەر راگەیاندنی جەنگو باری نائاسایی.

١٨ـ ئەنجومەنی نوێنەران دەسەڵاتی پەسەندکردنی پرۆژەی یاسای بودجەی گشتیو حساباتی کۆتایی هەیە لەدوای ئەوەی کە ئەنجومەنی وەزیران پێشکەشی دەکات، ئەنجومەنی نوێنەران دەسەڵاتی گۆڕینو گواستنەوەی بەشو بەندەکانی بودجەی گشتیو پێشنیازی زیادکردنی بڕی تێچوی خەرجیەکانی بۆ ئەنجومەنی وەزیران هەیە.

١٩ـ ئەنجومەنی نوێنەران دەسەڵاتی متمانە بەخشینی بەکابینەو پرۆگرامی ئەنجومەنی وەزیران هەیە.

٢٠ـ سەرۆكو ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران دەبێت لەبەردەم ئەنجومەنی نوێنەراندا سوێندی یاسایی بخۆن.





٢١ـ ئەنجومەنی نوێنەران پرۆژەی بودجەی ساڵانەی دەسەڵاتی دادوەری فیدراڵی پەسەند دەکات.

٢٢ـ ئەنجومەنی نوێنەران بە زۆرینەی ٢/٣ی دەنگی ئەندامانی یاسایەك دەردەکات بۆ دیاریکردنی ژمارەو کاری دادگای باڵای فیدراڵی.

٢٣ـ کۆمسیۆنی باڵای مافی مرۆڤو کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانو دەستەی دەستپاکی کە سێ دەستەی سەربەخۆن لەژێر چاودێری ئەنجومەنی نوێنەراندا دەبنو یاسایەك بۆ رێکخستنی کاروبارەکانیان دەردەکات.

٢٤ـ دیوانی چاودێری داراییو دەستەی راگەیاندنو گەیاندنو بانکی ناوەندی عیراق سەربە ئەنجومەنی نوێنەران دەبنو لەبەردەمیدا بەرپرسیار دەبن.

٢٥ـ ئەنجومەنی نوێنەران لەدوای دەستبەکاربوونی دەبێت لەماوەیەکدا کە لەشەش مانگ تێپەڕ نەکات بەزۆرینەی سادەی دەنگی ئەندامانی یاسایەك دەربکات بۆ پێکهێنانی هەرێمەکان.

٢٦ـ ١/٥ی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران بۆیان هەیە پێشنیازی هەموارکردنی دەستور پێشکەش بکەن.

٢٧ـ ئەنجومەنی نوێنەران بە زۆرینەی ٢/٣ی دەنگی ئەندامانی دەتوانێت دەستەی نیشتمانی باڵای ریشەکێشکردنی بەعسو دەستەی داواکاری موڵکدارێتی پاش تەواو بوونی کارەکانیان هەڵبوەشێنێتەوە.

## ئەرکەکانی ئەنجومەنی نوێنەران

دەستوری نوێی عیراق، وەك دەستوری هەر وڵاتێکی دیموکراسی لەلوتکەی هەرەمدایەو هەژموونو باڵادەستی بەسەر هەموو ناوەندو دامەزراوەکانی دەسەڵاتدا هەیە. ئەم دەستورە تەنها هێڵە گشتیەکانی بۆ ڕێکخستنی سەرجەم بوارەکان ڕەنگڕێژ کردووەو نەچۆتە نێو وردەکارییەکانەوە. ئەنجومەنی نوێنەران وەك ناوەندی دەرکردنی یاسا لەبەر ڕۆشنایی دەستوردا هێڵە گشتیەکان ورد دەکاتەوەو یاسای تایبەتیان بۆ دەردەکات. ئەوەی جێگەی سەرنجە لەچەندین ماددەو بڕگەی دەستوری نوێدا ئاماژە بەوە کراوە کە چەندین مەسەلەی جۆراوجۆر بەیاسا ڕێك دەخرێن، واتە دەبێت ئەنجومەنی نوێنەران بۆ بەرچاو ڕوونی یاسایان بۆ دەربکات. بەشێکی ئەو مەسەلانە پەیوەندییان بەپرسی سیاسیی گەلی کوردستانەوە هەیە، بەپێویستی دەزانم هەموو ئەو ماددەو بڕگانەی دەستوری نوێ بخەمە ڕوو کە ئاماژە بەو مەسەلانە دەکەنو بەیاسای ئەنجومەنی نوێنەران ڕێك دەخرێن:

١. بەپێی بڕگەی دووی ماددەی (٤)ی دەستوری نوێ، دەبێت پەرلەمان یاسایەك دەربکات بۆ دیاریکردنی چوارچێوەی زمانی ڕەسمی (کە هەردوو زمانی عەرەبیو کوردی) دەگرێتەوە، و چۆنیەتی پیادەکردنی حوکمەکانی ڕوون بکاتەوە.

٢. بەپێی بڕگەی یەکی ماددەی (٧)، دەبێت پەرلەمان یاسایەك دەربکات بۆ قەدەغەکردنی حزبی بەعسو هەر قەوارەو ڕێبازێك کە پەیڕەوی ڕەگەز پەرستی یان تیرۆریزم یان تەکفیر یان پاکتاوی تایفەگەری بکات.

٣. بەپێی بڕگەی دووی ماددەی (٩)، دەبێت پەرلەمان یاسایەك دەربکات بۆ ڕێکخستنی خزمەتی ئاڵا.





٤. بەپێی بڕگەی یەکی ماددەی (١٢)، پێویستە پەرلەمان یاسایەك دەربکات بۆ دیاریکردنی ئاڵای عیراقو دروشمو سروودی نیشتمانی کە تەعبیر لەهەموو پێکهاتەکانی عیراق بکات.

٥. بەپێی بڕگەی دووی ماددەی (١٢)، پەرلەمان دەبێت یاسایەك دەربکات بۆ ڕێکخستنی نیشانەو پشووی ڕەسمیو بۆنە ئایینیو نیشتمانیەکانو ڕۆژمێری کۆچیو زاینی.

٦. بەپێی بڕگەی سێی ماددەی (١٨)، دەبێت پەرلەمان یاسایەکی تایبەت دەربکاتو بەپێی ئەو یاسایە ڕێگە بەلێسەندنەوەی ڕەگەزنامەی لەدایك بووی عیراقی نادرێتو ئەوەشی لێی سەندراوەتەوە دەتوانێت داوای گەڕانەوەی بکات.

٧. بەپێی بڕگەی چواری ماددەی (١٨)، پەرلەمان بەپێی یاسایەك ئەوە ڕێك دەخات کە هەر عیراقیەك بۆی هەیە چەند ڕەگەزنامەیەکی هەبێت، تەنها ئەو کەسانەی پۆستی سیادی یان ئاسایشی باڵا وەردەگرن دەبێت واز لەهەر ڕەگەزنامەی بەدەست هێنراو بهێنن.

٨. بەپێی بڕگەی شەشی ماددەی (١٨)، دەبێت پەرلەمان حوکمەکانی ڕەگەزنامە بەیاسا ڕێك بخات.

٩. بەپێی بڕگەی دووی ماددەی (٢١)، پەرلەمان دەبێت یاسایەك دەربکات بۆ ڕێکخستنی مافی پەنابەری سیاسی لەعیراقدا.

١٠. بەپێی بڕگەی دووی ماددەی (٢٢)، دەبێت پەرلەمان بەیاسایەك پەیوەندی نێوان کرێکارو خاوەن کار لەسەر بنەمای ئابوریو ڕەچاوکردنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی ڕێك بخات.

١١. بەپێ بڕگەی سێی ماددەی (٢٢)، دەبێت پەرلەمان یاسای پێکهێنانی سەندیکاو یەکێتیە پیشەییەکان دەربکات.

١٢. بەپێی بڕگەی دووی ماددەی (٢٣)، پێویستە پەرلەمان یاسایەك بۆ دەست بەسەراگرتنی موڵکایەتی بۆ سوودی گشتی بەقەرەبوویەکی دادپەروەرانە دەربکات.

١٣. بەپێی ماددەی (٢٤)، پەرلەمان دەبێت یاسایەك دەربکات بۆ ڕێکخستنی ئازادی گواستنەوەی کرێکارو شتومەكو سەرمایەی عیراق لەنێوان هەرێمو پارێزگاکاندا.

١٤. بەپێی ماددەی (٢٦)، دەبێت پەرلەمان بەیاسایەك هاندانی وەبەرهێنانی کەرتە جیاجیاکان ڕێك بخات.

١٥. بەپێی بڕگەی دووی ماددەی (٢٧)، دەبێت پەرلەمان بەیاسایەك حوکمی تایبەتی پاراستنی موڵکەکانی دەوڵەتو بەڕێوەبردنو مەرجەکانی کارپێکردنیان ڕێك بخات.

١٦. بەپێی بڕگەی دووی ماددەی (٢٨)، پێویستە پەرلەمان یاسایەك دەربکات بۆ بەخشینی خاوەن دەرامەتە نزمەکان لەباج.

١٧. بەپێی بڕگەی دووی ماددەی (٣٠)، پەرلەمان دەبێت یاسایەك دەربکات بۆ دابینکردنی بیمەی کۆمەڵایەتیو تەندروستی بۆ عیراقیەکان.

١٨. بەپێی بڕگەی دووی ماددەی (٣١)، دەبێت پەرلەمان بەیاسایەك ئەوە ڕێك بخات کە دەستەو تاکەکان بۆیان هەیە نەخۆشخانە یان بنکەی تەندروستی یان خانووی چارەسەرکردنی تایبەت بەسەرپەرشتی دەوڵەت دروست بکەن.

١٩. بەپێی ماددەی (٣٢)، ئەرکی پەرلەمانە کەیاسایەك دەربکات بۆ چاودێری کەمئەندامان.

٢٠. بەپێی بڕگەی چواری ماددەی (٣٤)، دەبێت پەرلەمان یاسایەکی تایبەت دەربکات بۆ فێرکردنی ئەهلیو تایبەت.





٢١. بەپێی بڕگەی سێی ماددەی (٣٦)، پێویستە پەرلەمان یاسایەك دەربکات سەبارەت بەئازادی کۆبوونەوەو خۆپیشاندانی ئاشتیانە.

٢٢. بەپێی بڕگەی یەکی ماددەی (٣٧)، ئەرکێکی تری پەرلەمان ئەوەیە یاسای ئازادیی دامەزراندنی کۆمەڵەو پارتە سیاسییەکان دەربکات.

٢٣. بەپێی ماددەی (٣٩)، پەرلەمان بەیاسایەکی تایبەت ئەوە ڕێك دەخات کە عیراقییەکان ئازادن لەپابەندبوونیان بەکاروباری کەسایەتییان بەپێی ئایینیان یان ئایینزایان یان بیروباوەڕییان یان ویستی خۆیان.

٢٤. بەپێی بڕگەی یەکی ماددەی (٤١)، دەبێت پەرلەمان یاسایەك دەربکات بۆ ڕێکخستنی ئەوەی کە شوێنەکەوتوانی هەر ئاینو ئایینزایەك ئازادن لەئەنجامدانی دابو نەریتی ئایینیانو بەڕێوەبردنی ئەوقافو کاروباری دامودەزگا ئایینەیەکان.

٢٥. بەپێی بڕگەی یەکی ماددەی (٤٣)، دەبێت پەرلەمان یاسایەکی تایبەت سەبارەت بەکاراکردنی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەربکات.

٢٦. بەپێی بڕگەی سێی ماددەی (٤٧)، پێویستە پەرلەمان یاسایەکی تایبەت سەبارەت بەمەرجەکانی پاڵێوراوو دەنگدەرو مەسەلە پەیوەندیدارەکانی هەڵبژاردن دەربکات.

٢٧. بەپێی بڕگەی پێنجی ماددەی (٤٧)، دەبێت پەرلەمان یاسایەك دەربکات بۆ ڕێکخستنی حاڵەتەکانی گۆڕینی ئەندامانی پەرلەمان لەکاتی دەست لەکارکێشانەوە یان لادان یان مردن.

٢٨. بەپێی بڕگەی سێی ماددەی (٥٨)، دەبێت پەرلەمان بەدەنگی ٢/٣ی ئەندامانی یاسایەکی تایبەت دەربکات بۆ پەسەندکردنی پەیماننامەو ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتیەکان.

٢٩. بەپێی خاڵی (ج)ی برگەی نۆیەمی ماددەی (٥٨)، دەبێت پەرلەمان یاسایەك دەربکات بۆ دیاریکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەماوەی راگەیاندنی جەنگو باری نائاسایی، بەمەرجێك لەگەڵ دەستوردا ناکۆك نەبێت.

٣٠. بەپێی برگەی یەکی ماددەی (٥٩)، دەبێت پەرلەمان ساڵانە پرۆژەی یاسای بودجەی گشتی وڵاتو حساباتی کۆتایی پەسەند بکات.

٣١. بەپێی برگەی یەکی ماددەی (٦٠)، پەرلەمان یاسایەکی تایبەت دەردەکات بۆ دیاریکردنی مافو ئیمتیازەکانی سەرۆکی پەرلەمانو دوو جێگرەکەیو ئەندامانی پەرلەمان.

٣٢. بەپێی ماددەی (٦٢)، دەبێت پەرلەمان بەزۆرینەی ٢/٣ی دەنگی ئەندامانی یاسایەکی تایبەت دەربکات بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنی فیدراڵیو دیاریکردنی دەسەڵاتەکانیو مەرجەکانی ئەندامێتی تیایدا.

٣٣. بەپێی ماددەی (٦٦)، پێویستە پەرلەمان یاسایەك دەربکات بۆ دیاریکردنی حوکمەکانی خۆپاڵاوتن بۆ پۆستی سەرۆك کۆمار.

٣٤. بەپێی ماددەی (٧١)، دەبێت پەرلەمان یاسایەك دەربکات بۆ دیاریکردنی مووچەو دەرماڵەی سەرۆك کۆمار.

٣٥. بەپێی ماددەی (٧٩)، ئەرکی پەرلەمانە یاسایەك دەربکات بۆ دیاریکردنی مووچەی سەرۆكو ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیرانو هاوپلەکانیان.

٣٦. بەپێی برگەی یەکی ماددەی (٨١)، دەبێت پەرلەمان یاسایەك دەربکات بۆ رێکخستنی ئەركو دەسەڵاتەکانی دەزگا ئەمنیەکانو دەزگای هەواڵگری نیشتمانیو دەبێت بەپێی سەرەتاکانی مافی مرۆڤ کار بکەنو لەژێر چاودێری پەرلەماندابن.





٣٧. بەپێی ماددەی (٨٣)، دەبێت پەرلەمان یاسایەك دەربکات بۆ رێکخستنی پێکهێنانی وەزارەتەکانو کارو پسپۆریو دەسەڵاتەکانی وەزیر.

٣٨. بەپێی ماددەی (٨٦)، دەبێت پەرلەمان یاسایەك دەربکات بۆ رێکخستنی کارەکانی دەسەڵاتی دادوەری فیدراڵی.

٣٩. بەپێی ماددەی (٨٧)، پێویستە پەرلەمان یاسایەك دەربکات بۆ دیاریکردنی پێکهاتەو دەسەڵاتەکانیو رێسای بەڕێوەچوونی کارەکانی ئەنجومەنی دادوەری باڵا.

٤٠. بەپێی برگەی سێی ماددەی (٨٨)، پەرلەمان پرۆژەی یاسای بودجەی ساڵانەی دەسەڵاتی دادوەری فیدراڵی پەسەند دەکات.

٤١. بەپێی برگەی دووی ماددەی (٨٩)، دەبێت پەرلەمان بەزۆرینەی ٣/٢ی دەنگی ئەندامانی یاسایەك دەربکات بۆ دیاریکردنی ژمارەی دادوەرو شارەزایانی دادگای باڵای فیدراڵیو چۆنیەتی دەست نیشان کردنیانو کاری دادگاکە.

٤٢. بەپێی برگەی شەشی ماددەی (٩٠)، دەبێت پەرلەمان یاسایەك دەربکات بۆ رونکردنەوەی ئەو تۆمەتانەی کە دادگای باڵای فیدراڵی ئاراستەی سەرۆك کۆمارو سەرۆك وەزیرانو وەزیرەکانی دەکات.

٤٣. بەپێی ماددەی (٩٣)، دەبێت پەرلەمان یاسایەك دەربکات بۆ دیاریکردنی پێکهاتەی دادگاو جۆرو پلەو تایبەتمەندییەکانیو چۆنیەتی دامەزراندنو خزمەتی دادوەرانو ئەندامانی داواکاری گشتیو دیسپلینەکانیانو خانەنشین کردنیان.

٤٤. بەپێی ماددەی (٩٦)، دەبێت پەرلەمان یاسایەکی تایبەت دەربکات بۆ رێکخستنی ئەركو دەسەڵاتەکانی دادوەری سەربازی.

٤٥. بەپێی ماددەی (٩٨)، پێویستە پەرلەمان یاسایەك دەربکات بۆ دامەزراندنی ئەنجومەنێکی دەوڵەت کە تایبەت بێت بە فەرمانەکانی دادوەری،

کارگێڕی، فەتوادان، داڕشتنەوەو نوێنەرایەتیکردنی دەوڵەتو هەموو دەستە گشتییەکان.

٤٦. بەپێی ماددەی (٩٩)، دەبێت پەرلەمان یاسایەك دەربکات بۆ دیاریکردنی کارو ئەرکو دەسەڵاتەکانی کۆمسیۆنی باڵای مافی مرۆڤو کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانو دەستەی دەستپاکی.

٤٧. بەپێی بڕگەی یەکی ماددەی (١٠٠)، پێویستە پەرلەمان یاسایەك دەربکات بۆ ڕێکخستنی کارەکانی بانکی ناوەندیی عیراقو دیوانی چاودێری دارایيو دەستەی ڕاگەیاندنو گەیاندنو دیوانەکانی ئەوقاف.

٤٨. بەپێی ماددەی (١٠١)، دەبێت پەرلەمان بەیاسایەکی تایبەت دەستەیەك بەناوی دەزگای شەهیدان دابمەزرێنێت کەڕاستەوخۆ سەر بەئەنجومەنی وەزیران بێت.

٤٩. بەپێی ماددەی (١٠٢)، دەبێت پەرلەمان بەیاسایەکی تایبەت دەستەیەکی گشتی بۆزامنکردنی مافی هەرێمەکانو پارێزگاکان دابمەزرێنێت.

٥٠. بەپێی ماددەی (١٠٣)، پێویستە پەرلەمان بەیاسایەك دەستەیەکی گشتی بۆچاودێریو تەرخانکردنی داهاتی فیدراڵی دابمەزرێنێت.

٥١. بەپێی ماددەی (١٠٤)، دەبێت پەرلەمان بەیاسایەکی تایبەت ئەنجومەنی ڕاژەی گشتی فیدراڵی دابمەزرێنێت.

٥٢. بەپێی ماددەی (١٠٥)، پەرلەمان دەسەڵاتی هەیە دەستەی سەربەخۆی نوێ بەپێی پێداویستی دابمەزرێنێت.

٥٣. بەپێی بڕگەی یەکی ماددەی (١٠٩)، پێویستە پەرلەمان یاسایەکی تایبەت دەربکات بۆ ڕێکخستنی بەڕێوەبردنی نەوتو گاز.

٥٤- بەپێی بڕگەی سێی ماددەی (١٠٩)، پەرلەمان یاسایەك دەردەکات بۆ پاراستنو بەڕێوەبردنی شوێنەوارو بونیادە کەلەپورییەکان.





٥٥. بەپێی بڕگەی یەکی ماددەی (١١٠)، دەبێت پەرلەمان یاسایەك دەربکات بۆ بەڕێوەبردنو ڕێکخستنی گومرگەکان.

٥٦. بەپێی بڕگەی حەوتی ماددەی (١١٠)، پەرلەمان یاسایەك دەردەکات بۆ نەخشەکێشانی سیاسەتی پەیوەست بەسەرچاوە ئاوییە ناوخۆییەکان.

٥٧. بەپێی ماددەی (١١٤)، پەرلەمانی داهاتووی عیراق دەبێت لەماوەیەکدا کە لەیەکەم دانیشتنیەوە لەشەش مانگ تێپەڕنەکات یاسایەك دەربکات بۆ دانانی ڕێوشوێنەکانی پێکهێنانی هەرێمە نوێیەکان.

٥٨. بەپێی بڕگەی دووی ماددەی (١١٨)، پەرلەمان یاسایەك دەردەکات بۆ ڕێکخستنی دەسەڵاتی ئیداریو دارایی ئەو پارێزگایانەی لەهەرێمێکدا ڕێکنەخراون.

٥٩. بەپێی بڕگەی چواری ماددەی (١١٨)، پەرلەمان یاسایەك دەردەکات بۆ ڕێکخستنی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاو پارێزگارو تایبەتمەندییەکانیان.

٦٠. بەپێی ماددەی (١١٩)، پەرلەمان یاسایەك دەردەکات بۆ بەخشینی دەسەڵاتەکانی حکومەتی فیدراڵی بەپارێزگاکان یان بەپێچەوانەوە.

٦١. بەپێی ماددەی (١٢٠)، پەرلەمان یاسایەك بۆ ڕێکخستنی باری بەغدای پایتەخت دەردەکاتو بەپێی ئەو یاسایە بەغدا سەربەخۆ دەبێتو ناچێتە سنوری هیچ هەرێمێکەوە.

٦٢. بەپێی ماددەی (١٢١)، پەرلەمان یاسایەکی تایبەت دەردەکاتو تێیدا مافە ئیداریو سیاسیو ڕۆشنبیرییەکانو فێرکردن بۆ نەتەوە جیاجیاکانی وەك تورکمانو کلدانو ئاشوورو هەموو پێکهاتەکانی تر مسۆگەرو زامن دەکات.

٦٣. بەپێی بڕگەی یەکەمی ماددەی (١٢٨)، پەرلەمان یاسایەك دەردەکات بۆ چاودێریکردنی زیندانییە سیاسییەکانو زیان لێکەوتوان کارە ناڕەواکانی رژێمی بەعسی رووخاو.

٦٤. بەپێی بڕگەی دووی ماددەی (١٢٨)، پەرلەمان یاسایەك دەردەکات بۆ قەرەبووکردنەوەی خێزانی شەهیدانو بریندارەکانی کردەوە تیرۆریستیەکان.

٦٥. بەپێی ماددەی (١٣٠)، پەرلەمان دەتوانێت یاسایەك دەربکات بۆ هەڵوەشانەوەی دادگای سزای باڵای عیراقی تایبەت بەدادگایی کردنی سەرانی بەعس لەپاش ئەوەی ئەو دادگایە کارەکانی تەواو دەکات.

٦٦. بەپێی بڕگەی دووی ماددەی (١٣١)، پەرلەمان دەتوانێت بەزۆرینەی ٣/٢ی دەنگی ئەندامانی بەیاسایەك دەستەی نیشتمانی باڵای ریشەکێشکردنی بەعس لەدوای تەواوبوونی کارەکانی هەڵبوەشێنێتەوە.

٦٧. بەپێی بڕگەی یەکی ماددەی (١٣٢)، پەرلەمان دەتوانێت بەدەنگی ٣/٢ی ئەندامانی دەستەی داواکانی موڵکداری لەدوای تەواو بوونی کارەکانی هەڵبوەشێنێتەوە.

٦٨. بەپێی ماددەی (١٣٣)، کار بەحوکمەکانی تایبەت بەئەنجومەنی فیدراڵی لەدەستوری نوێدا ناکرێت، تائەوکاتەی پەرلەمان بڕیارێك بەدەنگی ٣/٢ی ئەندامانی بۆ کارکردن بەحوکمەکانی ئەو ئەنجومەنە دەردەکات.

٦٩. بەپێی ماددەی (١٣٦)، ماددەی (٥٨)ی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراق بۆ قۆناغی گواستنەوە دەبێتە حوکمێکی ئینتقالی دەستوری نوێو دەبێت تاکۆتایی ساڵی ٢٠٠٧ کۆتایی بەکێشەی کەرکوكو ناوچەکانی دیکە بێتو لەڕێی راپرسییەوە چارەنووسیان دیاری بکرێت.





هەر بەپێی ماددەی (٥٨)، پەرلەمان لایەنێکی سەرەکییە بۆچارەسەرکردنی ئەو کێشەیەو بێگومان بۆ ئەو مەبەستە دەبێت یاساو بڕیاری پێویست دەربکات.

٧٠. بەپێی ئەو هەموارکردنەی کە بەر لەدوو رۆژ لەئەنجامدانی راپرسی رۆژی ٢٠٠٥/١٠/١٥ ئەنجامدرا پەرلەمانی داهاتووی عیراق دەسەڵاتی هەیە لەماوەی چوار مانگدا هەموارکردن لەدەستوری نوێدا بکاتو بۆ ئەو مەبەستەش دەبێت لیژنەیەك لەئەندامانی پێك بهێنێ کە نوێنەری پێکهاتە سەرەکییەکانی کۆمەڵی عیراقی بکەن، هەموارکردنەکانی ئەو لیژنەیە بەیەکجار دەخرێتە بەردەم پەرلەمان بۆئەوەی بەزۆرینەی رەهای دەنگی ئەندامانی پەسەندی بکات، پاشان ماددە هەموارکراوەکان لەماوەی دوومانگدا لەڕێی راپرسییەوە دەخرێتە بەردەم گەل بۆپەسەندکردنی، ئەوکاتەش هەموارکردنەکان بەپەسەند دەزانرێت کەزۆربەی دەنگدەران پەسەندی بکەنو بەمەرجێك ٣/٢ی سێ پارێزگا یان زیاتر رەتی نەکەنەوە.

ئەو (٧٠) ماددەو بڕگەیەی دەستوور کە پێشتر ئاماژەمان پێکردنو بەشێکی گەورەی دەستوورەکەن هەموویان پێویستیان بەوەهەیە لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقەوە یاسای تایبەتیان بۆ دەربکرێت، ئەو یاسایانەش رەنگدانەوەیان لەسەر هەموو بوارەکانی ژیانی سیاسیو ئابوریو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیو بوارەکانی تر دەبێت،

## دووەم: ئەنجومەنی فیدراڵی

ئەم ئەنجومەنەش ئەنجومەنێکی دیکەی یاسادانانەو نوێنەرایەتی هەرێمەکانو ئەو پارێزگایانە دەکات کە لەهەرێمێکدا رێك نەخراون.

ئەم ئەنجومەنە بە دەنگی ٢/٣ی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی داهاتوو دادەمەزرێتو ڕێو شوێنی دامەزراندنی هەرێمەکانی دەخاتە روو. سەبارەت بە هەرێمی کوردستانیش لەگەڵ کارکردن بە دەستوری نوێ ڕاستەوخۆ وەك هەرێمێکی فیدراڵ مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

## دووەم: دەسەڵاتی جێبەجێکردن

دەسەڵاتی جێبەجێکردنی فیدراڵی لەدوو بەش پێك دێت ئەوانیش هەردوو ناوەندی دەسەڵاتی سەرۆك کۆمارو ئەنجومەنی وەزیرانە.

### ١- دەسەڵاتەکانی سەرۆک کۆمار

بەپێی دەستوری نوێ سەرۆك کۆمار لەلوتکەی هەرەمی دەسەڵاتدایەو سەرۆکی دەوڵەتەو ڕەمزی یەکێتی نیشتمانەو نوێنەرایەتی سەروەری وڵات دەکاتو شەوخونی دەکات بۆ مسۆگەرکردنی پابەندبوون بەدەستورو پاراستنی سەربەخۆیی عیراقو سەروەریو یەکێتیو سەلامەتی خاکەکەی.

بەپێی ماددەی (٦٤)ی دەستوور سەرۆك کۆمار سەرۆکی دەوڵەتەو ڕەمزی یەکێتی نیشتمانەو نوێنەرایەتی سەروەری وڵات دەکات.

بەپێی ماددەی (٦٥)ی دەستور ئەوکەسەی خۆی بۆ پۆستی سەرۆك کۆماری وڵات دەپاڵێوێت دەبێت چەند مەرجێکی تێدابێت لەوانە:

١- لەعیراق لەدایك بووبێتو دایكو باوکی عیراقی بێت.

٢- ئەهلیەی تەواوی هەبێو تەمەنی چل ساڵی تەواو کردبێت.

٣- ناوبانگی باش بێتو لەسیاسەتدا شارەزابێتو بەدەست پاکیو ڕاستیو دادپەروەریو دڵسۆزی بۆ نیشتمان ناسراوبێت.

٤- بەتاوانێکی ئابڕووبەر حوکم نەدرابێت.





٥- نابێت لەوکەسانەبێت حوکمی دەستەی باڵای ڕیشەکێش کردنی بەعسی دەیگرێتەوە.

بەپێی ماددەی (٦٧)ی دەستوور، هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار لەڕێی پەرلەمانەوە دەبێتو پاڵێوراوی ئەو پۆستە پێویستە زۆرینەی ٢/٣ ی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان مسۆگەر بکات، ئەوەش پشتیوانی زۆربەی نوێنەرانی پێکهاتە سەرەکییەکانی ناو پەرلەمانی دەوێت.

بەپێی ماددەی (٦٩)ی دەستور ماوەی سەرۆکایەتی سەرۆك چوار ساڵ دەبێتو ئەو سەرۆکە هەڵبژێردراوە دەتوانێت بۆ خولێکی دیکەی سەرۆکایەتی خۆی بپاڵێوێتەوە.

بەپێی دەستور سەرۆك کۆمار ئەم دەسەڵاتانەی هەیە:

١. سەرۆك کۆمارلەماوەی ١٥ ڕۆژدا لەدوای یەکەم دانیشتنی پەرلەمانەوە، پاڵێوراوی گەورەترین فراکسیۆنی پەرلەمانی لەرووی ژمارەوە ڕادەسپێریت بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنی وەزیران.

٢- لەسەر داخوازی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەتوانێت لێبوردنی تایبەت دەربکات بەپێی دەستورەکە بۆ لێبوردنی تایبەت مەرجی ئەوەی دانراوە کە لێبوردنەکە حوکمدراوانی مافی تایبەتو تاوانی نێودەوڵەتیو تیرۆریستیو گەندەڵی داراییو کارگێڕی ناگرێتەوە.

٣- پەسەندکردنی پەیماننامەو ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتیەکان دوای ئەوەی لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەند دەکرێن.

٤- پەسەندکردنی ئەو یاسایانەی کە لەلایەن پەرلەمانەوە دەردەچن.

٥- بانگهێشتکردنی پەرلەمان بۆ کۆبوونەوە لەدوای (١٥) ڕۆژ لەمێژووی پەسەندکردنی دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردن.

٦ـ لەسەر راسپاردەی سەرۆك وەزیران مەدالیاو نیشانە دەبەخشێت.

٧ـ پەسەندکردنی باڵیۆزی وڵاتان.

٨ـ دەرکردنی مەراسیمی کۆماری.

٩ـ پەسەندکردنی ئەو حوکمانەی لەسێدارەدان کەلەلایەن دادگا تایبەتەکانەوە دەردەچن.

١٠ـ ئەرکی سەرکردایەتی باڵای هێزە چەکدارەکان دەگرێتە ئەستۆ بەمەبەستی تەشریفاتو ئاهەنگێڕان.

١١ـ سەرۆك کۆمار بۆی هەیە داوای دانیشتنی نائاسایی پەرلەمان بکات، کۆبوونەوەکەش تایبەت دەبێت بەو بابەتەی کە داوای کۆبوونەوەکەی بۆکراوە.

١٢ـ سەرۆك کۆمار دەسەڵاتی درێژکردنەوەی وەرزی یاسادانانی پەرلەمانی هەیە بۆ ماوەیەك کە لە ٣٠ رۆژ زیاتر نەبێت ئەوەش بۆ تەواوکردنی ئەو ئەرکانەی کەوا دەخوازن.

١٣ـ سەرۆك کۆمار دەتوانێت پرۆژەی یاسا پێشکەش بە پەرلەمان بکات.

١٤ـ سەرۆك کۆمار دەتوانێت داخوازییەك پێشکەش بە پەرلەمان بکات بۆ متمانە وەرگرتنەوە لەسەرۆك وەزیران.

١٥ـ سەرۆك کۆمارو سەرۆك وەزیران بەهاوبەشی دەتوانن داوای راگەیاندنی جەنگو باری نائاسایی بکەن، ئەوەش پێویستی بە رەزامەندی زۆرینەی ٢/٣ ی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان هەیە.

١٦ـ هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان بە زۆرینەی رەهای ئەندامان، پێویستی بە رەزامەندیی سەرۆك کۆمار هەیە.





١٧ـ لەکاتی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەماندا، سەرۆك کۆمار داوای سازدانی هەڵبژاردنی گشتی دەکات کە نابێت لە٦٠رۆژ تێپەر بکات لەمێژووی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانەوە.

١٨ـ بەهەر هۆیەك پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران چۆڵ بێت، سەرۆك کۆمار جێگەی دەگرێتەوە.

٢٠ـ سەرۆك کۆمارو سەرۆك وەزیران پێکەوە بۆیان هەیە پێشنیازی هەموارکردنی دەستور بکەن.

٢١ـ دوای هەر هەموارکردنێکی دەستور بە ٢/٣ی دەنگی ئەندامانی پەرلەمانو راپرسی گشتی گەل، دەبێت سەرۆك کۆماریش پەسەندی بکات.

بەپێی برگەی شەشی ماددەی(٥٨)ی دەستوری نوێ، پەرلەمان بە زۆرینەی رەهای دەنگی ئەندامانی دەسەڵاتی ئەوەی هەیە لەسەر داوایەکی هۆدار لەسەرۆك کۆمار بپرسێتەوە.

هەروەها پەرلەمان دەتوانێت بە دەنگی زۆرینەی رەهای ئەندامانی سەرۆك کۆمار لەسەر کارلابدات لەدوای ئەوەی لەلایەن دادگای باڵای فیدرالییەوە بەیەکێك لەم سێ تۆمەتەی خوارەوە تۆمەتبار دەکرێت:

(١ـ شکاندنی سوێندی یاسایی ٢ـ پێشێلکردنی دەستوور ٣ـ خیانەتی گەورە).

بەپێی ماددەی(١٣٤)ی دەستوور دەستەواژەی(ئەنجومەنی سەرۆکایەتی) جێگەی دەستەواژەی(سەرۆك کۆمار) دەگرێتەوە لەهەر شوێنێکی دەستووردا هاتبێ.

لەخولی داهاتووی پەرلەماندا کە چوار ساڵە کار بە دەستەواژەی(ئەنجومەنی سەرۆکایەتی)دەکرێت دواتر کار بە دەستەواژەی(سەرۆك کۆمار) دەکرێتەوە. بەو پێیە پەرلەمانی داهاتوو سەرۆك کۆمارو دوو جێگر هەڵدەبژێردرێت کە پێکەوە

ئەنجومەنێك پێك دەهێنن بەناوی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی ئەم هەڵبژاردنەش بە لیستو بە زۆرینەی ٢/٣ی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان دەبێت.

ئەنجومەنی سەرۆکایەتی بڕیارەکانی بە کۆی دەنگ دەردەکاتو هەر ئەندامێکی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی دەتوانێت دوو ئەندامەکەی تر بە نوێنەری خۆی دابنێت.

## ٢- دەسەڵاتەکانی سەرۆک وەزیران

بەپێی ماددەو بڕگەکانی دەستور سەرۆكو ئەنجومەنی وەزیران ئەم دەسەڵاتانەی هەیە:

١. سەرۆك وەزیران بەرپرسی راستەوخۆی جێبەجێکردنی سیاسەتی گشتی دەوڵەتە.

٢. سەرۆك وەزیران فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانە.

٣. سەرۆك وەزیران ئیدارەی ئەنجومەنی وەزیران بەڕێوە دەباتو سەرۆکایەتی کۆبونەوەکانی دەکات.

٤. سەرۆك وەزیران مافی لابردنی وەزیرەکانی هەیە، بەڕەزامەندی ئەنجومەنی نوێنەران.

٥. ئەنجومەنی وەزیران دەسەڵاتی پلاندانانو جێبەجێکردنی سیاسەتی گشتی دەوڵەتو پلانە گشتییەکانو سەرپەرشتی کردنی کاری وەزارەتەکانو ئەو شوێنانەی بەهیچ وەزارەتێکەوە گرێنەدراون، هەیە.

٦. ئەنجومەنی وەزیران دەتوانێت پرۆژەی یاساکان پێشنیاز بکات.

٧. ئەنجومەنی وەزیران دەسەڵاتی دەرکردنی سیستەمو رێنماییو بڕیاری هەیە بەمەبەستی جێبەجێکردنی یاساکان.





٨. ئەنجومەنی وەزیران پرۆژەی بودجەی گشتیو حسابی کۆتاییو نەخشەکانی گەشەپێدان ئامادە دەکات.

٩. ئەنجومەنی وەزیران دەسەڵاتی راسپاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی هەیە بۆ پەسەندکردنی دامەزراندنی بریکاری وەزارەتەکانو باڵوێزو خاوەن پلە تایبەتەکانو سەرۆکی ئەرکانی سوپاو یاریدەدەرەکانیو ئەوانەی لەپلەی سەرکردەی فرقە بەرەو ژوورو سەرۆکی دەزگای موخابەراتی نیشتمانیو سەرۆکی دەزگا ئەمنییەکان.

١٠. ئەنجومەنی وەزیران دەسەڵاتی گفتوگۆکردنی سەبارەت بەپەیماننامەو رێکەوتننامە نێودەوڵەتیەکانو ئیمزاکردنیانی بۆ خۆی هەیە یان ئەوانەی رایان دەسپێرێت.

## سێیەم: دەسەڵاتی دادوەری فیدراڵی

بەپێی دەستوری نوێ دەسەڵاتەکانی دادوەری لەهەموو روویەکەوە سەربەخۆیەو هیچ دەسەڵاتێکیان بەسەرەوە نییەو تەنها یاسا نەبێت، هیچ ناوەندو دەسەڵاتێك بۆی نییە دەست لەکاروبارەکانیان وەربدات. دەسەڵاتی دادوەری فیدراڵ پێك دێت لە:

١. ئەنجومەنی دادوەری باڵا.

٢. دادگای باڵای فیدراڵی.

٣. دادگای تەمییزی فیدراڵی.

٤. دەزگای داواکاریی گشتی

٥. دەستەی سەرپەرشتیاری دادوەریی.

٦. دادگاکانی دیکەی فیدراڵی کە بەپێی یاسا رێك دەخرێن.

## یەکەم: ئەنجومەنی دادوەری باڵا

ئەنجومەنی دادوەری باڵا ئەرکی سەرەکی بەڕێوەبردنی دەستە دادوەرییەکانەو دەبێت بەپێی یاسایەك کە پەرلەمان دەری دەکات شێوەی پێکهاتەو دەسەڵاتەکانیو بنەمای بەڕێوەچوونی کارەکانی دیاری بکرێت.

ئەنجومەنی دادوەری باڵا سێ دەسەڵاتی هەیە کە ئەمانەن:

١. بەڕێوەبردنی کاروباری دادوەریو سەرپەرشتی کردنی دادوەری فیدراڵی.

٢. سەرۆکی دادگای تەمییزی فیدراڵیو ئەندامانیو سەرۆکی داواکاری گشتیو سەرۆکی دەستەی سەرپەرشتیاری دادوەری دەپاڵێوێتو دەیخاتە بەردەم پەرلەمان بۆ ئەوەی دامەزراندنییان پەسەند بکات.

٣. پێشنیازی پرۆژەی بودجەی ساڵانەی دەستەی دادوەری فیدراڵی بۆ پەرلەمان بەرز دەکاتەوە بۆئەوەی پەسەندی بکات.

## دووەم: دادگای باڵای فیدراڵی

دادگای باڵای فیدراڵی دەستەیەکی دادوەری سەربەخۆیە لەڕووی داراییو کارگێڕییەوە. ئەم دادگایە لەژمارەیەك دادوەرو شارەزای بواری فیقهی ئیسلامیو یاسا پێك دێت. پێویستە پەرلەمان یاسایەکی تایبەت بەدەنگی ٢/٣ی ئەندامانی دەربکات بۆ ڕێکخستنی دادگای باڵای فیدراڵیو بەپێی ئەو یاسایە ژمارەی دادوەرانو شارەزایانو چۆنیەتی هەڵبژاردنیانو کاری دادگاکە دیاری دەکرێت.

## دادگای باڵای فیدراڵی ئەم دەسەڵاتانەی هەیە:

١. چاودێریکردنی دەستوری بوونی یاساو سیستمە کارپێکراوەکان.

٢. شیکردنەوەی دەقە یاساییەکان.





٣. یەکلایی کردنەوەی ئەو کێشانەی لەجێبەجێکردنی یاسا فیدراڵییەکانو بڕیارو سیستمو ڕێنماییو ڕێوشوێنە دەرچووەکانی دەسەڵاتی فیدراڵی پەیدا دەبن. یاسا مافی تانوون لێدانی ڕاستەوخۆ لەدادگا دەستەبەر دەکات بۆ هەریەك لەئەنجومەنی وەزیرانو کەسانی پەیوەندیدار.

٤. یەکلایی کردنەوەی ئەو ناکۆکیانەی کە لەنێوان حکومەتی فیدراڵیو حکومەتی هەرێمەکانو پارێزگاکانو شارەوانیەکانو بەڕێوبەرایەتیە ناوخۆییەکان روو دەدەن.

٥. یەکلایی کردنەوەی ئەو کێشانەی لەنێوان حکومەتی هەرێمەکان یان پارێزگاکاندا روو دەدەن.

٦. یەکلایی کردنەوەی ئەو تۆمەتانەی ئاراستەی سەرۆك کۆمارو سەرۆك وەزیرانو وەزیرەکان دەکرێت، ئەوەش بەیاسا ڕێك دەخرێت.

٧. پەسەندکردنی ئەنجامە کۆتاییەکانی هەڵبژاردنی گشتی بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی نوێنەران (پەرلەمان).

٨. أ/ یەکلایی کردنەوەی کێشەی تایبەتمەندی لەنێوان دادوەری فیدراڵیو دەستە دادوەرییەکانی هەرێمەکانو پارێزگا ڕێکنەخراوەکان لەهەرێمێکدا.

ب/ یەکلایی کردنەوەی کێشەی نێوان دەستە دادوەرییەکانی هەرێمەکان یان پارێزگا ڕێکنەخراوەکان لەهەرێمێکدا. بەپێی دەستور هەموو بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی یەکلایی کەرەوە بنڕەو دەبێت هەموو دەسەڵاتەکان پێوەی پابەندبن.

ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەنجومەنی باڵای دادوەری بەگشتیو دادگای باڵای فیدراڵی بەتایبەتی پەیوەندی بەکۆمەڵێك بواری هەستیاری عیراقو کوردستانەوە هەیەو دامەزراندنی دادگای فیدراڵیش بەپێی یاسایەکی تایبەتی پەرلەمان ڕێك دەخرێتو پێویستی بەدەنگی ٢/٣ی ئەندامانی پەرلەمان هەیە.

## چوارەم: پسپۆڕیو تایبەتمەندییەکانی دەسەڵاتە فیدرالییەکان

بەپێی ماددەی (١٠٧)ی دەستوور دەسەڵاتە فیدراڵیەکان ئەم پسپۆڕیو دەسەڵاتە حەصرییانەی خوارەوەیان هەیە:

١ـ نەخشەکێشانی سیاسەتی دەرەوەو نوێنەرایەتی دیبلۆماسیو گفتوگۆی پەیوەست بەرێکەوتنو پەیماننامە نێودەوڵەتیەکانو سیاسەتی قەرز وەرگرتنو ئیمزاکردنی گرێبەستو رەسمکردنی سیاسەتی ئابووریو بازرگانی دەرەوەی پەیوەست بەسیادە.

٢ـ دانانو جێبەجێکردنی سیاسەتی ئاسایشی نیشتمانی، بەدامەزراندنو بەڕێوەبردنی هێزە چەکدارەکانیشەوە، بۆ مەبەستی دابینکردنی پاراستنو دەستەبەرکردنی ئارامییو ئاسایشی سەر سنوورەکانی عیراقو بەرگری لێکردنیان.

٣ـ نەخشەکێشانی سیاسەتی داراییو گومرگیو لەسککەدانی دراوو رێکخستنی سیاسەتی بازرگانی بەرێگای سنووری هەرێمەکانو پارێزگاکان لەعیراقداو دانانی بودجەی گشتی بۆ دەوڵەتو نەخشەدانانی سیاسەتی دراوو دامەزراندنی بانکی مەرکەزیو بەڕێوەبردنی.

٤ـ رێکخستنی کاروباری پێوانو کێشانو سەنگەکان.

٥ـ رێکخستنی کاروباری رەگەزنامەو بەهاوڵاتی بوونو ئیقامەو پەنابەری سیاسی.

٦ـ رێکخستنی سیاسەتی شەپۆلەکانی پەخشو پۆستە.

٧ـ دانانی پرۆژەی بودجەی گشتیو وەبەرهێنان.

٨ـ دارشتنی سیاسەتەکانی پەیوەست بەو ئاوانەی کە سەرچاوەکانیان لەدەرەوەی عیراقدان، بەمەبەستی دابینکردنی هاتنی رێژەیەکی بەردەوامی ئاو بۆ عیراقو





دابەشکردنی بەشێوەیەکی دادپەروەرانە لەناو عیراقدا بەپێی یاساکانو دابە نێودەوڵەتییەکان.

٩ـ ئامارو سەرژمێری گشتی دانیشتوان.

بەپێی ماددەی (١١٠)ی دەستور، دەسەڵاتی فیدراڵیو دەسەڵاتی هەرێمەکان ئەم بوارانەی خوارەوە بە هاوبەشی بەرێوە دەبەن:

١ـ بەرێوەبردنو رێکخستنی گومرگەکان.

٢ـ رێکخستنی سەرچاوە سەرەکییەکانی وزەی کارەباو دابەشکردنی.

٣ـ نەخشەکێشانی سیاسەتەکانی ژینگە.

٤ـ نەخشەکێشانی سیاسەتەکانی پەرەسەندنو پلاندانانی گشتی.

٥ـ نەخشەکێشانی سیاسەتی تەندروستی.

٦ـ نەخشەکێشانی سیاسەتی فێرکردنو پەروەردەی گشتی.

٧ـ نەخشەکێشانی سیاسەتی پەیوەندیدار بەسەرچاوە ئاوە ناوخۆییەکان.

بەپێی ماددەی (١١١) هەر شتێك لەدەسەڵاتە حەسرییەکانی حکومەتی فیدراڵییدا نەنووسرابێت بە دەسەڵاتی هەرێمو پارێزگا رێکنەخراوەکان لەهەرێمێکدا دادەنرێت، هەر کاتێك ناکۆکی لەنێوان دەسەڵاتی هاوبەشی نێوان حکومەتی فیدراڵیو هەرێمەکاندا روو بدات، کار بە یاسای هەرێم دەکرێت.

**سەرچاوە:**

ـ دەستوری عیراق ـ ٢٠٠٥

* گۆڤاری نوڤین ژمارە (٧) لەئازاری ٢٠٠٦

# پێگەو دەسەڵاتی پەرلەمانی داهاتووی عیراق

ڕۆژی ١٥ی مانگی داهاتوو، جارێکی تر کۆمەڵانی خەڵکی عیراق بە هەموو پێکهاتەو ڕەنگەکانەوە دەچنەوە بەردەم سندوقەکانی دەنگدانو لەم هەڵبژاردنەدا پەرلەمانێکی نوێ بۆ وڵات هەڵدەبژێرن بەوەش کۆتایی بە قۆناغی گواستنەوە دێتو قۆناغێکی نوێی هەمیشەیی‌و جێگیر دەست پێدەکاتو ئیدی دامەزراوە ڕەسمییەکانی وەك پەرلەمانو سەرۆکایەتی کۆمارو سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بۆ ماوەی چوار ساڵ حوکمڕان دەبن.

هەڵبژاردنی پەرلەمانی نوێی عیراق دەروازەی ژیانی نوێی سیاسی واڵا دەکات، ئەو پەرلەمانە ڕۆڵو نەخشی دیارو میحوەری دەبێ لەپێکهێنانی دامەزراوەکانی تردا، ئەوە بێجگە لەوەی لەدەستووردا چەندین مەسەلە بەجێهێڵراوە بۆ ئەوەی پەرلەمانی داهاتوو بە یاسای تایبەت ڕێکی بخات.

لەبەر ئەوە پێویستە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەشداری دیارو کاریگەر لەهەڵبژاردنی داهاتووی عیراقدا بکەنو دەنگ بەلیستی هاوپەیمانی کوردستان بدەنو زۆرترین نوێنەر بگەیەننە ئەو پەرلەمانە بۆ ئەوەی بەرگری لەمافە ڕەواکانی گەلەکەمان بکەنو خواستو داوا بە دینەهاتووەکانی بەدی بهێنن.

بۆ ئەوەی ڕۆڵو دەسەڵاتی پەرلەمانی داهاتوو بزانین، بە پێویستی دەزانین چاوێك بەدەستوری نوێدا بخشێنین.





بەپێی دەستوری نوێی عیراق دەسەڵاتی یاسادانانی فیدراڵی لەدوو ئەنجومەن پێك دێت ئەوانیش ئەنجومەنی نوێنەرانو ئەنجومەنی فیدراڵییە، ئەمەش سیماو ڕوخساری سیستمی فیدراڵی عیراق نیشان دەدات.

یەکەم: ئەنجومەنی نوێنەران: (پەرلەمان) ئەم ئەنجومەنە کە خۆی لەپەرلەمانی فیدرالیدا دەبینێتەوە، نوێنەرایەتی سەرجەم پێکهاتەکانی گەلانی عیراق دەکات، هەر (١٠٠٠٠٠) سەد هەزار کەس یەك نوێنەریان لەپەرلەمان دەبێت کە هاووڵاتیان بە ڕێگەی دەنگدانی گشتی نهێنی‌و ڕاستەوخۆو لەڕێی سندوقەکانی دەنگدانەوە متمانەی پێدەبەخشن. تەمەنی ئەنجومەنی نوێنەران وەك هەر پەرلەمانێکی دیکە چوار ساڵە. بڕیارەکان لەکۆبوونەوەکانی ئەم ئەنجومەنەدا بە زۆرینەی سادە دەدرێت، ئەوەش بە ئامادەبوونی زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی.

## دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی نوێنەران

ئەم ئەنجومەنە وەك هەر پەرلەمانێکی وڵاتانی دیموکراسی پێگەو دەسەڵاتی خۆی هەیەو هەژموونو باڵا دەستی بەسەر زۆربەی ناوەندەکانی دەسەڵاتدا هەیە، بۆی هەیە چاودێرییان بکاتو لەکاتی سەرپێچی یاساییدا لەبەر پرسانی ئەو ناوەندانە بپرسێتەوە.

## دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی نوێنەران لەم خاڵانەدا چڕدەکەینەوە:

١ـ ئیشی سەرەکی ئەم ئەنجومەنە داڕشتنو دەرکردنی یاسا فیدرالییەکانە، ئەم یاسایانەش بە یاسای سیادی دادەنرێنو دەبێت لەسەرانسەری عیراقدا جێبەجێ بکرێنو هەموو هاووڵاتیان پێوەی پابەند بن.

٢ـ ئەم ئەنجومەنە چاودێری کارەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەکات، دەسەڵاتی جێبەجێکردنیش لەم دەستوورە نوێیەدا هەر دوو ئەنجومەنی سەرۆکایەتی‌و ئەنجومەنی وەزیران دەگرێتەوە. واتە ئەو دوو ئەنجومەنە لەژێر هەژموونو قەڵەمڕەوی

ئەنجومەنی نوێنەراندان، ئەمەش رووی گەشی شارستانیو دیموکراسی ئەو دەستووره نیشان دەدات.

٣- لەدوای هەڵبژاردنی داهاتوو، ئەنجومەنی نوێنەران بە دەنگی زۆرینەی ٢/٣ی ئەندامانی یاسایەك دەردەكات بۆ پەسەندکردنی رێکەوتننامەو پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان، ئەمەش بایەخی تایبەتی خۆی هەیە، چونکە ئەنجومەنی نوێنەران بە نوێنەرانی هەموو پێکهاتەکانیەوە ئاگاداری هەموو ئەو رێکەوتننامەو پەیماننامە نێودەوڵەتییانە دەبن کە عیراق لەگەڵ وڵاتانی تردا مۆری دەکات.

٤- هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمارلەلایەن ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانەوە دەبێتو ئەو ئەنجومەنە وەك نوێنەری گەل متمانەی پێدەبەخشێت.

٥- ئەنجومەنی نوێنەران بە زۆرینەی رەهای دەنگی ئەندامانیو لەسەر پێشنیازی ئەنجومەنی دادوەری باڵا ، سەرۆكو ئەندامانی دادگای تەمیزی فیدراڵیو سەرۆکی داواکاری گشتیو سەرۆکی دەستەی سەرپەرشتیاری دادوەری دادەمەزرێنێت.

٦- ئەم ئەنجومەنە لەسەر پێشنیازی ئەنجومەنی وەزیران باڵیۆزو خاوەن پلە تایبەتەکان دادەمەزرێنێت.

٧- ئەم ئەنجومەنە لەسەر پێشنیازی ئەنجومەنی وەزیران سەرۆکی ئەرکانی سوپاو یاریدەدەرانیو خاوەن پلەی فەرماندەی فیرقەو بەرەو ژوورو سەرۆکی دەزگای هەواڵگری دادەمەزرێنێت.

٨- ئەنجومەنی نوێنەران لەسەر داوای زۆرینەی ئەندامانیو لەسەر بنچینەی داوایەکی رەواو هۆدار دەتوانێت لەسەرۆك کۆمار بپرسێتەوە.

٩- ئەم ئەنجومەنە بە زۆرینەی رەهای دەنگی ئەندامانی دەسەڵاتی لەسەر کار لابردنی سەرۆك کۆماری هەیە، دوای ئەوەی لەلایەن دادگای باڵای فیدرالییەوە





بەیەکێك لەم سێ تۆمەتەی خوارەوە تۆمەتبار دەکرێت (١ - شکاندنی سوێندی دەستووری. ٢- پێشێلکردنی دەستوور. ٣- خیانەتی گەورە)

١٠- هەر ئەندامێکی ئەنجومەنی نوێنەران بۆی هەیە پرسیار ئاراستەی سەرۆك وەزیرانو وەزیرەکان بکات لەسەر هەر بابەتێك کە پەیوەندی پیانەوە هەیە.

١١- لانی کەم (٢٥) ئەندام لەئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران بۆیان هەیە بابەتێکی گشتی بخەنەروو سەبارەت بە سیاسەتو چۆنیەتی کاری ئەنجومەنی وەزیران یان یەکێك لەوەزارەتەکانو دەبێت سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران یا وەزیرەکان لەوادەیەکی دیاریکراودا لەئەنجومەنی نوێنەران ئامادەبن بۆ گفتوگۆ کردن سەبارەت بەو بابەتە.

١٢- هەر ئەندامێکی ئەنجومەنی نوێنەران پاش وەرگرتنی رەزامەندی (٢٥) ئەندام بۆی هەیە لێکۆڵینەوە ئاراستەی سەرۆك وەزیران یا وەزیرەکان بکاتو لێیان بپرسێتەوە لەسەر ئەو کارو بارانەی پەیوەندی پێیانەوە هەیە.

١٣- ئەنجومەنی نوێنەران بە زۆرینەی رەهای دەنگی ئەندامانی دەتوانێت متمانە لەهەر وەزیرێکی ئەنجومەنی وەزیران وەربگرێتەوە.

١٤- ئەنجومەنی نوێنەران لەسەر داوای ١/٥ی ئەندامانی دەتوانێت متمانە لەسەرۆك وەزیران وەربگرێتەوە.

١٥- ئەنجومەنی نوێنەران بە زۆرینەی رەهای دەنگی ئەندامان دەتوانێت متمانە لەسەرۆك وەزیران وەربگرێتەوە.

١٦- ئەنجومەنی نوێنەران بە زۆرینەی رەهای دەنگی ئەندامانی مافی لێکۆڵینەوەی هەیە لەبەرپرسانی ئۆرگانە سەربەخۆکانو بەپێی هەمان رێوشوێنی تایبەت بەوەزیرەکان بۆی هەیە بەرپرسی ئەو ئۆرگانە سەربەخۆیانە لەسەر کار لابدات.

١٧ـ لەسەر داخوازیی هاوبەشی سەرۆك كۆمارو سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومەنی نوێنەران بە زۆرینەی ٢/٣ی دەنگی ئەندامانی دەتوانێت رەزامەندی نیشان بدات لەسەر راگەیاندنی جەنگو باری نائاسایی.

١٨ـ ئەنجومەنی نوێنەران دەسەڵاتی پەسەندکردنی پرۆژەی یاسای بودجەی گشتیو حساباتی كۆتایی هەیە لەدوای ئەوەی كە ئەنجومەنی وەزیران پێشكەشی دەكات، ئەنجومەنی نوێنەران دەسەڵاتی گۆڕینو گواستنەوەی بەشو بەندەكانی بودجەی گشتیو پێشنیازی زیادكردنی بڕی تێچوی خەرجیەكانی بۆ ئەنجومەنی وەزیران هەیە.

١٩ـ ئەنجومەنی نوێنەران دەسەڵاتی متمانە بەخشینی بەكابینەو پرۆگرامی ئەنجومەنی وەزیران هەیە.

٢٠ـ سەرۆكو ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران دەبێت لەبەردەم ئەنجومەنی نوێنەراندا سوێندی یاسایی بخۆن.

٢١ـ ئەنجومەنی نوێنەران پرۆژەی بودجەی ساڵانەی دەسەڵاتی دادوەری فیدراڵی پەسەند دەكات.

٢٢ـ ئەنجومەنی نوێنەران بە زۆرینەی ٢/٣ی دەنگی ئەندامانی یاسایەك دەردەكات بۆ دیاریكردنی ژمارەو كاری دادگای باڵای فیدراڵی.

٢٣ـ كۆمسیۆنی باڵای مافی مرۆڤو كۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەكانو دەستەی دەستپاكی كە سێ دەستەی سەربەخۆن لەژێر چاودێری ئەنجومەنی نوێنەراندا دەبنو یاسایەك بۆ رێكخستنی كاروبارەكانیان دەردەكات.

٢٤ـ دیوانی چاودێری داراییو دەستەی راگەیاندنو گەیاندنو بانكی ناوەندی عیراق سەربە ئەنجومەنی نوێنەران دەبنو لەبەردەمیدا بەرپرسیار دەبن.





٢٥ـ ئەنجومەنی نوێنەرانی داهاتوو لەدوای دەست بەكاربوونی دەبێت لەماوەیەكدا كە لەشەش مانگ تێپەڕ نەكات بەزۆرینەی سادەی دەنگی ئەندامانی یاسایەك دەربكات بۆ پێكهێنانی هەرێمە نوێیەكان.

٢٦ـ ١/٥ی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران بۆیان هەیە پێشنیازی هەمواركردنی دەستور پێشكەش بكەن.

٢٧ـ ئەنجومەنی نوێنەران بە زۆرینەی ٢/٣ی دەنگی ئەندامانی دەتوانێت دەستەی نیشتمانی باڵای ریشەكێشكردنی بەعسو دەستەی داواكاری موڵكدارێتی، دوای تەواوبوونی كارەكانیان هەڵبوەشێنێتەوە.

لەچوارچێوەی دەستووری نوێدا ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق ئەم هەموو ئەركو دەسەڵاتەی هەیە، هەر بۆیەش دەبێت هەموو هەوڵەكانمان بخەینە گەڕ بۆ ئەوەی زۆرترین نوێنەرمان لەو پەرلەمانەدا هەبێت، بۆ ئەو مەبەستەش دەبێت بە شێوەیەكی بەر فراوان بەشداری هەڵبژاردنی ئەمجارە بكەین.

## دووەم: ئەنجومەنی فیدراڵی

ئەم ئەنجومەنەش ئەنجومەنێكی دیكەی یاسادانانەو نوێنەرایەتی هەرێمەكانو ئەو پارێزگایانە دەكات كە لەهەرێمێكدا رێك نەخراون.

ئەم ئەنجومەنە بە دەنگی ٢/٣ی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی داهاتوو دادەمەزرێتو رێو شوێنی دامەزراندنی هەرێمەكانی دەخاتە روو. سەبارەت بە هەرێمی كوردستانیش لەگەڵ كاركردن بە دەستوری نوێ راستەوخۆ وەك هەرێمێكی فیدراڵ مامەڵەی لەگەڵ دەكرێت.

* كوردستانی نوێ ژمارە(٣٨٢٩)لە٢٢/١١/٢٠٠٥

# شەڕە یاساییەکانی پەرلەمانی داهاتووی عیراق

دەستوری نوێی عیراق، وەك دەستوری هەر وڵاتێکی دیموکراسی لەلوتکەی هەرەمدایەو هەژموونو باڵادەستی بەسەر هەموو ناوەندو دامەزراوەکانی دەسەڵاتدا هەیە. ئەم دەستورە تەنها هێڵە گشتیەکانی بۆ رێکخستنی سەرجەم بوارەکان رەنگرێژ کردووەو نەچۆتە نێو وردەکارییەکانەوە.

پەرلەمان وەك ناوەندی دەرکردنی یاسا لەبەر رۆشنایی دەستوردا هێڵە گشتیەکان ورد دەکاتەوەو یاسای تایبەتیان بۆ دەردەکات. ئەوەی جێگەی سەرنجە لەچەندین ماددەو بڕگەی دەستوری نوێدا ئاماژە بەوە کراوە کە چەندین مەسەلەی جۆراوجۆر بەیاسا رێك دەخرێت، واتە دەبێت پەرلەمان بۆ بەرچاو روونی یاسایان بۆ دەربکات. بەشێکی ئەو مەسەلانە پەیوەندییان بەپرسی سیاسیی گەلی کوردستانەوە هەیە، هەربۆیەش بەشداری چڕو کاریگەری کۆمەڵانی خەڵك لەهەڵبژاردنی رۆژی ١٥/١٢/٢٠٠٥ و دەنگدانیان بەلیستی (٧٣٠)ی هاوپەیمانیی کوردستان گەیاندنی زۆرترین پەرلەمانتاری کورد بۆ پەرلەمانی عیراق، دەبێتە هۆی ئەوەی کە گەلی کوردستان لەو پەرلەمانەدا سەنگو قورسایی هەبێتو شوێن پەنجەی بەدارشتنی ئەو یاسایانەوە دیار بێت کە پەیوەندییان بەچارەنووسی گەلەکەمانەوە هەیە. بەپێویستی دەزانم هەموو ئەو ماددەو بڕگانەی دەستوری نوێ بخەمە روو کە ئاماژە بەو مەسەلانە دەکەنو بەیاسای پەرلەمان رێك دەخرێن:





١. بەپێی بڕگەی دووی ماددەی (٤)ی دەستوری نوێ، دەبێت پەرلەمان یاسایەك دەربکات بۆ دیاریکردنی چوارچێوەی زمانی رەسمی (کە هەردوو زمانی عەرەبیو کوردی دەگرێتەوە)و چۆنیەتی پیادە کردنی حوکمەکانی روون بکاتەوە.

٢. بەپێی بڕگەی یەکی ماددەی (٧)، دەبێت پەرلەمان یاسایەك دەربکات بۆ قەدەغەکردنی حزبی بەعسو هەر قەوارەو رێبازێك کە پەیڕەوی رەگەز پەرستی یان تیرۆریزم یان تەکفیر یان پاکتاوی تایفەگەری بکات.

٣. بەپێی بڕگەی دووی ماددەی (٩)، دەبێت پەرلەمان یاسایەك دەربکات بۆ رێکخستنی خزمەتی ئاڵا.

٤. بەپێی بڕگەی یەکی ماددەی (١٢)، پێویستە پەرلەمان یاسایەك دەربکات بۆ دیاریکردنی ئاڵای عیراقو دروشمو سروودی نیشتمانی کە تەعبیر لەهەموو پێکهاتەکانی عیراق بکات.

٥. بەپێی بڕگەی دووی ماددەی (١٢)، پەرلەمان دەبێت یاسایەك دەربکات بۆ رێکخستنی نیشانەو پشووی رەسمیو بۆنە ئایینیو نیشتمانیەکانو رۆژمێری کۆچیو زاینی.

٦. بەپێی بڕگەی سێی ماددەی (١٨)، دەبێت پەرلەمان یاسایەکی تایبەت دەربکاتو بەپێی ئەو یاسایە رێگە بەلێسەندنەوەی رەگەزنامەی عیراقی نادرێتو ئەوەشی لێی سەندراوەتەوە دەتوانێت داوای گەڕانەوەی بکات.

٧. بەپێی بڕگەی چواری ماددەی (١٨)، پەرلەمان بەپێی یاسایەك ئەوە رێك دەخات کە هەر عیراقیەك بۆی هەیە چەند رەگەزنامەیەکی هەبێت، تەنها ئەو کەسانەی پۆستی سیادی یان ئاسایشی باڵا وەردەگرن دەبێت واز لەهەر رەگەزنامەی بەدەست هێنراو بهێنن.

٨. بەپێی بڕگەی شەشی ماددەی (١٨)، دەبێت پەرلەمان حوکمەکانی ڕەگەزنامە بەیاسا ڕێك بخات.

٩. بەپێی بڕگەی دووی ماددەی (٢١)، پەرلەمان دەبێت یاسایەك دەربکات بۆ ڕێکخستنی مافی پەنابەری سیاسی لەعیراقدا.

١٠. بەپێی بڕگەی دووی ماددەی (٢٢)، دەبێت پەرلەمان بەیاسایەك پەیوەندی نێوان کرێکارو خاوەن کار لەسەر بنەمای ئابوریو ڕەچاوکردنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی ڕێك بخات.

١١. بەپێ بڕگەی سێی ماددەی (٢٢)، دەبێت پەرلەمان یاسای پێکهێنانی سەندیکاو یەکێتییە پیشەییەکان دەربکات.

١٢. بەپێی بڕگەی دووی ماددەی (٢٣)، پێویستە پەرلەمان یاسایەك بۆ دەست بەسەراگرتنی موڵکایەتی بۆ سوودی گشتی بەقەرەبوویەکی دادپەروەرانە دەربکات.

١٣. بەپێی ماددەی (٢٤)، پەرلەمان دەبێت یاسایەك دەربکات بۆ ڕێکخستنی ئازادی گواستنەوەی کرێکارو شمەكو سەرمایەی عیراق لەنێوان هەرێمو پارێزگاکاندا.

١٤. بەپێی ماددەی (٢٦)، دەبێت پەرلەمان بەیاسایەك هاندانی وەبەرهێنانی کەرتە جیاجیاکان ڕێك بخات.

١٥. بەپێی بڕگەی دووی ماددەی (٢٧)، دەبێت پەرلەمان بەیاسایەك حوکمی تایبەتی پاراستنی موڵکەکانی دەوڵەتو بەڕێوەبردنو مەرجەکانی کارپێکردنیان ڕێك بخات.

١٦. بەپێی بڕگەی دووی ماددەی (٢٨)، پێویستە پەرلەمان یاسایەك دەربکات بۆ بەخشینی خاوەن دەرامەتە نزمەکان لەباج.





١٧. بەپێی بڕگەی دووی ماددەی (٣٠)، پەرلەمان دەبێت یاسایەك دەربکات بۆ دابینکردنی بیمەی کۆمەڵایەتیو تەندروستی بۆ عیراقیەکان.

١٨. بەپێی بڕگەی دووی ماددەی (٣١)، دەبێت پەرلەمان بەیاسایەك ئەوە ڕێك بخات کە دەستەو تاکەکان بۆیان هەیە نەخۆشخانە یان بنکەی تەندروستی یان خانووی چارەسەرکردنی تایبەت بەسەرپەرشتی دەوڵەت دروست بکەن.

١٩. بەپێی ماددەی (٣٢)، ئەرکی پەرلەمانە کەیاسایەك دەربکات بۆ چاودێری کەمئەندامان.

٢٠. بەپێی بڕگەی چواری ماددەی (٣٤)، دەبێت پەرلەمان یاسایەکی تایبەت دەربکات بۆ فێرکردنی ئەهلیو تایبەت.

٢١. بەپێی بڕگەی سێی ماددەی (٣٦)، پێویستە پەرلەمان یاسایەك دەربکات سەبارەت بەئازادی کۆبوونەوەو خۆپیشاندانی ئاشتیانە.

٢٢. بەپێی بڕگەی یەکی ماددەی (٣٧)، ئەرکێکی تری پەرلەمان ئەوەیە یاسای ئازادیی دامەزراندنی کۆمەڵەو پارتە سیاسییەکان دەربکات.

٢٣. بەپێی ماددەی (٣٩)، پەرلەمان بەیاسایەکی تایبەت ئەوە ڕێك دەخات کە عیراقییەکان ئازادن لەپابەندبوونیان بەکاروباری کەسایەتییان بەپێی ئایینیان یان ئایینزایان یان بیروباوەڕییان یان ویستی خۆیان.

٢٤. بەپێی بڕگەی یەکی ماددەی (٤١)، دەبێت پەرلەمان یاسایەك دەربکات بۆ ڕێکخستنی ئەوەی کە شوێن کەوتوانی هەر ئایینو ئایینزایەك ئازادن لەئەنجامدانی دابو نەریتی ئایینیانو بەڕێوەبردنی ئەوقافو کاروباری دامودەزگا ئایینەیەکان.

٢٥. بەپێی بڕگەی یەکی ماددەی (٤٣)، دەبێت پەرلەمان یاسایەکی تایبەت سەبارەت بەکاراکردنی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەربکات.

٢٦. بەپێی بڕگەی سێی ماددەی (٤٧)، پێویستە پەرلەمان یاسایەکی تایبەت سەبارەت بەمەرجەکانی پاڵێوراوو دەنگدەرو مەسەلە پەیوەندیدارەکانی هەڵبژاردن دەربکات.

٢٧. بەپێی بڕگەی پێنجی ماددەی (٤٧)، دەبێت پەرلەمان یاسایەك دەربکات بۆ ڕێکخستنی حاڵەتەکانی گۆڕینی ئەندامانی پەرلەمان لەکاتی دەست لەکارکێشانەوە یان لادان یان مردن.

٢٨. بەپێی بڕگەی سێی ماددەی (٥٨)، دەبێت پەرلەمان بەدەنگی ٢/٣ی ئەندامانی یاسایەکی تایبەت دەربکات بۆ پەسەندکردنی پەیماننامەو ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتیەکان.

٢٩. بەپێی خاڵی (ج)ی بڕگەی نۆیەمی ماددەی (٥٨)، دەبێت پەرلەمان یاسایەك دەربکات بۆ دیاریکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەماوەی ڕاگەیاندنی جەنگو باری نائاسایی، بەمەرجێك لەگەڵ دەستوردا ناکۆك نەبێت.

٣٠. بەپێی بڕگەی یەکی ماددەی (٥٩)، دەبێت پەرلەمان ساڵانە پڕۆژەی یاسای بودجەی گشتی وڵاتو حساباتی کۆتایی پەسەند بکات.

٣١. بەپێی بڕگەی یەکی ماددەی (٦٠)، پەرلەمان یاسایەکی تایبەت دەردەکات بۆ دیاریکردنی مافو ئیمتیازەکانی سەرۆکی پەرلەمانو دوو جێگرەکەیو ئەندامانی پەرلەمان.

٣٢. بەپێی ماددەی (٦٢)، دەبێت پەرلەمان بەزۆرینەی ٢/٣ی دەنگی ئەندامانی یاسایەکی تایبەت دەربکات بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنی فیدراڵیو دیاریکردنی دەسەڵاتەکانیو مەرجەکانی ئەندامێتی تیایدا.





٣٣. بەپێی ماددەی (٦٦)، پێویستە پەرلەمان یاسایەك دەربکات بۆ دیاریکردنی حوکمەکانی خۆپاڵاوتن بۆ پۆستی سەرۆك کۆمار.

٣٤. بەپێی ماددەی (٧١)، دەبێت پەرلەمان یاسایەك دەربکات بۆ دیاریکردنی مووچەو دەرماڵەی سەرۆك کۆمار.

٣٥. بەپێی ماددەی (٧٩)، ئەرکی پەرلەمانە یاسایەك دەربکات بۆ دیاریکردنی مووچەی سەرۆكو ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیرانو هاوپلەکانیان.

٣٦. بەپێی بڕگەی یەکی ماددەی (٨١)، دەبێت پەرلەمان یاسایەك دەربکات بۆ ڕێکخستنی ئەركو دەسەڵاتەکانی دەزگا ئەمنییەکانو دەزگای هەواڵگری نیشتمانیو دەبێت بەپێی سەرەتاکانی مافی مرۆڤ کار بکەنو لەژێر چاودێری پەرلەماندابن.

٣٧. بەپێی ماددەی (٨٣)، دەبێت پەرلەمان یاسایەك دەربکات بۆ ڕێکخستنی پێکهێنانی وەزارەتەکانو کارو پسپۆڕیو دەسەڵاتەکانی وەزیر.

٣٨. بەپێی ماددەی (٨٦)، دەبێت پەرلەمان یاسایەك دەربکات بۆ ڕێکخستنی کارەکانی دەسەڵاتی دادوەری فیدراڵی.

٣٩. بەپێی ماددەی (٨٧)، پێویستە پەرلەمان یاسایەك دەربکات بۆ دیاریکردنی پێکهاتەو دەسەڵاتەکانیو ڕێسای بەڕێوەچوونی کارەکانی ئەنجومەنی دادوەری باڵا.

٤٠. بەپێی بڕگەی سێی ماددەی (٨٨)، پەرلەمان پڕۆژەی یاسای بودجەی ساڵانەی دەسەڵاتی دادوەری فیدراڵی پەسەند دەکات.

٤١. بەپێی بڕگەی دووی ماددەی (٨٩)، دەبێت پەرلەمان بەزۆرینەی ٢/٣ی دەنگی ئەندامانی یاسایەك دەربکات بۆ دیاریکردنی ژمارەی دادوەرو شارەزایانی دادگای باڵای فیدراڵیو چۆنیەتی دەست نیشان کردنیانو کاری دادگاکە.

٤٢. بەپێی بڕگەی شەشی ماددەی (٩٠)، دەبێت پەرلەمان یاسایەك دەربکات بۆ رونکردنەوەی ئەو تۆمەتانەی کە دادگای باڵای فیدراڵی ئاراستەی سەرۆك کۆمارو سەرۆك وەزیرانو وەزیرەکانی دەکات.

٤٣. بەپێی ماددەی (٩٣)، دەبێت پەرلەمان یاسایەك دەربکات بۆ دیاریکردنی پێکهاتەی دادگاو جۆرو پلەو تایبەتمەندییەکانیو چۆنیەتی دامەزراندنو خزمەتی دادوەرانو ئەندامانی داواکاری گشتیو دیسپلینەکانیانو خانەنشین کردنیان.

٤٤. بەپێی ماددەی (٩٦)، دەبێت پەرلەمان یاسایەکی تایبەت دەربکات بۆ رێکخستنی ئەركو دەسەڵاتەکانی دادوەری سەربازی.

٤٥. بەپێی ماددەی (٩٨)، پێویستە پەرلەمان یاسایەك دەربکات بۆ دامەزراندنی ئەنجومەنێکی دەوڵەت کە تایبەت بێت بە فەرمانەکانی دادوەری، کارگێڕی، فەتوادان، دارشتنەوەو نوێنەرایەتیکردنی دەوڵەتو هەموو دەستە گشتییەکان.

٤٦. بەپێی ماددەی (٩٩)، دەبێت پەرلەمان یاسایەك دەربکات بۆ دیاریکردنی کارو ئەركو دەسەڵاتەکانی کۆمسیۆنی باڵای مافی مرۆڤو کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانو دەستەی دەستپاکی.

٤٧. بەپێی بڕگەی یەکی ماددەی (١٠٠)، پێویستە پەرلەمان یاسایەك دەربکات بۆ رێکخستنی کارەکانی بانکی ناوەندیی عیراقو دیوانی چاودێری داراییو دەستەی راگەیاندنو گەیاندنو دیوانەکانی ئەوقاف.

٤٨. بەپێی ماددەی (١٠١)، دەبێت پەرلەمان بەیاسایەکی تایبەت دەستەیەك بەناوی دەزگای شەهیدان دابمەزرێنێت کەراستەوخۆ سەر بەئەنجومەنی وەزیران بێت.

٤٩. بەپێی ماددەی (١٠٢)، دەبێت پەرلەمان بەیاسایەکی تایبەت دەستەیەکی گشتی بۆزامنکردنی مافی هەرێمەکانو پارێزگاکان دابمەزرێنێت.





٥٠. بەپێی ماددەی (١٠٣)، پێویستە پەرلەمان بەیاسایەك دەستەیەکی گشتی بۆچاودێریو تەرخانکردنی داهاتی فیدراڵی دابمەزرێنێت.

٥١. بەپێی ماددەی (١٠٤)، دەبێت پەرلەمان بەیاسایەکی تایبەت ئەنجومەنی راژەی گشتی فیدراڵی دابمەزرێنێت.

٥٢. بەپێی ماددەی (١٠٥)، پەرلەمان دەسەڵاتی هەیە دەستەی سەربەخۆی نوێ بەپێی پێداویستی دابمەزرێنێت.

٥٣. بەپێی بڕگەی یەکی ماددەی (١٠٩)، پێویستە پەرلەمان یاسایەکی تایبەت دەربکات بۆ رێکخستنی بەڕێوەبردنی نەوتو گاز.

٥٤- بەپێی بڕگەی سێی ماددەی (١٠٩)، پەرلەمان یاسایەك دەردەکات بۆ پاراستنو بەڕێوەبردنی شوێنەوارو بونیادە کەلەپورییەکان.

٥٥. بەپێی بڕگەی یەکی ماددەی (١١٠)، دەبێت پەرلەمان یاسایەك دەربکات بۆ بەڕێوەبردنو رێکخستنی گومرگەکان.

٥٦. بەپێی بڕگەی حەوتی ماددەی (١١٠)، پەرلەمان یاسایەك دەردەکات بۆ نەخشەکێشانی سیاسەتی پەیوەست بەسەرچاوە ئاوییە ناوخۆییەکان.

٥٧. بەپێی ماددەی (١١٤)، پەرلەمانی داهاتووی عیراق دەبێت لەماوەیەکدا کە لەیەکەم دانیشتنیەوە لەشەش مانگ تێپەڕنەکات یاسایەك دەربکات بۆ دانانی رێوشوێنەکانی پێکهێنانی هەرێمە نوێیەکان.

٥٨. بەپێی بڕگەی دووی ماددەی (١١٨)، پەرلەمان یاسایەك دەردەکات بۆ رێکخستنی دەسەڵاتی ئیداریو دارایی ئەو پارێزگایانەی لەهەرێمێکدا رێکنەخراون.

٥٩. بەپێی بڕگەی چواری ماددەی (١١٨)، پەرلەمان یاسایەك دەردەکات بۆ رێکخستنی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاو پارێزگارو تایبەتمەندییەکانیان.

٦٠. بەپێی ماددەی (١١٩)، پەرلەمان یاسایەك دەردەکات بۆ بەخشینی دەسەڵاتەکانی حکومەتی فیدراڵی بەپارێزگاکان یان بەپێچەوانەوە.

٦١. بەپێی ماددەی (١٢٠)، پەرلەمان یاسایەك بۆ رێکخستنی باری بەغدای پایتەخت دەردەکاتو بەپێی ئەو یاسایە بەغدا سەربەخۆ دەبێتو ناچێتە سنوری هیچ هەرێمێکەوە.

٦٢. بەپێی ماددەی (١٢١)، پەرلەمان یاسایەکی تایبەت دەردەکاتو تێیدا مافە ئیداریو سیاسیو رۆشنبیرییەکانو فێرکردن بۆ نەتەوە جیاجیاکانی وەك تورکمانو کلدانو ئاشوورو هەموو پێکهاتەکانی تر مسۆگەرو زامن دەکات.

٦٣. بەپێی برگەی یەکەمی ماددەی (١٢٨)، پەرلەمان یاسایەك دەردەکات بۆ چاودێریکردنی زیندانییە سیاسییەکانو زیان لێکەوتوانی کارە نارەواکانی رژێمی بەعسی رووخاو.

٦٤. بەپێی برگەی دووی ماددەی (١٢٨)، پەرلەمان یاسایەك دەردەکات بۆ قەرەبووکردنەوەی خێزانی شەهیدانو بریندارەکانی کردەوە تیرۆریستیەکان.

٦٥. بەپێی ماددەی (١٣٠)، پەرلەمان دەتوانێت یاسایەك دەربکات بۆ هەڵوەشانەوەی دادگای سزای باڵای عیراقی تایبەت بەدادگایی کردنی سەرانی بەعس لەپاش ئەوەی ئەو دادگایە کارەکانی تەواو دەکات.

٦٦. بەپێی برگەی دووی ماددەی (١٣١)، پەرلەمان دەتوانێت بەزۆرینەی ٢/٣ی دەنگی ئەندامانی بەیاسایەك دەستەی نیشتمانی باڵای ریشەکێشکردنی بەعس لەدوای تەواوبوونی کارەکانی هەڵبوەشێنێتەوە.

٦٧. بەپێی برگەی یەکی ماددەی (١٣٢)، پەرلەمان دەتوانێت بەدەنگی ٢/٣ی ئەندامانی دەستەی داواکانی موڵکداری لەدوای تەواو بوونی کارەکانی هەڵبوەشێنێتەوە.





٦٨. بەپێی ماددەی (١٣٣)، کار بەحوکمەکانی تایبەت بەئەنجومەنی فیدراڵی لەدەستوری نوێدا ناکرێت، تائەوکاتەی پەرلەمان بڕیارێك بەدەنگی ٢/٣ی ئەندامانی بۆ کارکردن بەحوکمەکانی ئەو ئەنجومەنە دەردەکات.

٦٩. بەپێی ماددەی (١٣٦)، ماددەی (٥٨)ی یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عیراق بۆ قۆناغی گواستنەوە دەبێتە حوکمێکی ئینتقالی دەستوری نوێو دەبێت تاکۆتایی ساڵی ٢٠٠٧ کۆتایی بەکێشەی کەرکوكو ناوچەکانی دیکە بێتو لەرێی راپرسییەوە چارەنووسیان دیاری بکرێت.

هەر بەپێی ماددەی (٥٨)، پەرلەمان لایەنێکی سەرەکییە بۆچارەسەرکردنی ئەو کێشەیەو بێگومان بۆ ئەو مەبەستە دەبێت یاساو بڕیاری پێویست دەربکات.

٧٠. بەپێی ئەو هەموارکردنەی کە بەر لەدوو رۆژ لەئەنجامدانی راپرسی رۆژی ١٥/١٠/٢٠٠٥ ئەنجامدرا پەرلەمانی داهاتووی عیراق دەسەڵاتی هەیە لەماوەی چوار مانگدا هەموارکردن لەدەستوری نوێدا بکاتو بۆ ئەو مەبەستەش دەبێت لیژنەیەك لەئەندامانی پێك بهێنێ کە نوێنەری پێکهاتە سەرەکییەکانی کۆمەڵی عیراقی بکەن، هەموارکردنەکانی ئەو لیژنەیە بەیەکجار دەخرێتە بەردەم پەرلەمان بۆئەوەی بەزۆرینەی رەهای دەنگی ئەندامانی پەسەندی بکات، پاشان ماددە هەموارکراوەکان لەماوەی دوومانگدا لەرێی راپرسییەوە دەخرێتە بەردەم گەل بۆپەسەندکردنی، ئەوکاتەش هەموارکردنەکان بەپەسەند دەزانرێت کەزۆربەی دەنگدەران پەسەندی بکەنو بەمەرجێك ٢/٣ی سێ پارێزگا یان زیاتر رەتی نەکەنەوە.

ئەو (٧٠) ماددەو برگەیەی دەستوور کە پێشتر ئاماژەمان پێکردنو بەشێکی گەورەی دەستوورەکەن هەموویان پێویستیان بەوەهەیە لەلایەن پەرلەمانی داهاتووی عیراقەوە یاسای تایبەتیان بۆ دەربکرێت، ئەو یاسایانەش رەنگدانەوەیان لەسەر

هەموو بوارەکانی ژیانی سیاسیو ئابوریو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیو بوارەکانی تر دەبێت، هەرپێکهاتەیەك لەپەرلەمانی داهاتوودا پەرلەمانتارو سەنگی خۆی هەبێت دەتوانێت لەویاسایانەدا بەرژەوەندی پێکهاتەکەی بچەسپێنێ، ئەمەش وادەخوازێت کە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەچڕیو بەحەماسەوە بەشداری هەڵبژاردنی پەرلەمانی داهاتووی عیراق بکەنو دەنگ بەلیستی (٧٣٠)ی هاوپەیمانیی کوردستان بدەنو بەدەنگی ئاڵتونی خۆیان ئەو ئاواتو ئامانجانە بەرجەستە بکەن کە سەدان ساڵە گەلەکەمان خوێنو ئارەقەو فرمێسکی بۆدەڕێژێت.

* کوردستانی نوێ ژمارە(٣٨٤٠)لە٥/١٢/٢٠٠٥





# ڕۆڵی پەرلەمان لەژیانی سیاسی عیراقی نوێدا

پەرلەمان وەك دەزگای یاسادانانو چاودێری دەسەڵاتی جێبەجێکردن، ڕۆڵی دیارو میحوەری لەژیانی سیاسی وڵاتاندا وازی دەکاتو سیماو روخساری گەشی دیموکراسی نیشان دەداتو ئاڵوگۆڕو دەستاو دەستکردنی دەسەڵات لەڕێی دەنگی هاووڵاتیانو سندوقەکانی دەنگدانەوە بەشێوازی ئاشتیانە بەجێدەهێنێ. بۆئەوەی لەڕەوشی ژیانی پەرلەمانیی لەعیراق تێبگەین، بەپێویستی دەزانم سەرەتا ئەگەر بەشێوەیەکی کورتیش بێت ئاماژە بەڕۆڵی پەرلەمان لەسەرەتای دامەزراندنی عیراقەوە تاکاتی رووخاندنی رژێمی دیکتاتۆری صدام حسین بکەم. دواتریش بەدرێژی باسی رۆڵی پەرلەمان لەدوای پرۆسەی ئازادی عیراق بکەم.

## ١.پەرلەمان لەسەردەمی پاشایەتیدا:

ئەگەر بەوردی سەیری مێژووی نوێی عیراق بکەین دەبینین تەنها لەسەردەمی پاشایەتیدا شتێك هەبووە بەناوی پەرلەمانو تاڕادەیەك رۆڵی خۆی لەژیانی سیاسیدا بینیوە. بەپێی قانونی ئەساسی ساڵی ١٩٢٥ دەسەڵاتی یاسادانان خۆی لەئەنجومەنی ئومەدا بینیوەتەوە. ئەنجومەنی ئومە لەدوو ئەنجومەن پێکهاتبوو کە هەردوو ئەنجومەنی نوێنەرانو ئەعیانی لەخۆگرتبوو.

ئەنجومەنی ئومە وەك هەر دەسەڵاتێکی یاسادانان دەسەڵاتی یاسادانانو هەموارکردنو هەڵوەشانەوەی یاسایی هەبووە. دوای روخاندنی رژێمی پاشایەتیو هاتنە سەرکاری رژێمی کۆماری، شتێك نەمایەوە ناوی پەرلەمان بێتو کەسی

یەکەمی وڵات زۆربەی دەسەڵاتەکانی لەدەستی خۆیدا کۆکردبۆوەو بۆ بەرژەوەندی خۆی یاساو بڕیاری دەرکردووەو هەموو دەستوورەکانی سەردەمی کۆماریش دەستووری کاتی بوون بۆئەوەی دەسەڵاتداران بەئاسانی دەستکاری بکەنو گۆڕانکاری تێدا بکەن.

### ٢. پەرلەمان لەسەردەمی کۆماریدا:

بەپێی دەستووری کاتی ساڵی ١٩٥٨، دەبوو ئەنجومەنێك بەناوی ئەنجومەنی ئومە پێك بێتو رۆڵی پەرلەمان ببینێ، بەڵام ئەو ئەنجومەنە پێك نەهات. دەسەڵاتی یاسادانان بەئەنجومەنی وەزیران سپێردراو ئەو ئەنجومەنە دەیتوانی یاسا دەربکات بەڕەزامەندی ئەنجومەنی سەروەری کە لە سەرۆك کۆمارو دوو ئەندام پێکهاتبوو، لەوکاتەشەوەی کە رژێمی بەعس لەرێی کودەتای سەربازییەوە دەسەڵاتی سیاسیو وڵاتی گرتە دەست، زۆربەی دەسەڵاتەکان لەلایەن سەرۆك کۆمارەوە قۆرغ کراو بازنەکانی ئازادیو رادەربڕین بەتەواوی بەرتەسك کرانەوە.

ئەوەی جێگەی سەرنجە بەشێکی زۆری دەسەڵاتەکانی پەرلەمان لەدەستی سەرۆك کۆمارو ئەنجومەنی بەناو سەرکردایەتی شۆڕشدا کۆکرانەوە، کە هیچیان متمانەی گەلیان لەرێی سندوقەکانی دەنگدانەوە پێنەدرابوو. ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەو ئەنجومەنە ئەم دەسەڵاتانەی هەبوو، کە دەسەڵاتی پەرلەمانێکە کە گەل هەڵیبژاردبێت:

١. دەرکردنی یاساو بڕیار کە هێزی یاسایی هەبێت.
٢. پەسەندکردنی پەیماننامەو رێکەوتننامە نێودەوڵەتیەکان.
٣. پەسەندکردنی بودجەی وڵات.
٤. راگەیاندنی شەڕو ئاشتیو ئاگربەست.





ئەگەرچی بەعسیەکان لەساڵی ١٩٨٠وە ئەنجومەنێکی نیشتمانیان لەرێی هەڵبژاردنێکی گاڵتەجاڕییەوە هەڵبژارد، کە گوایە ئەو ئەنجومەنە رۆڵی پەرلەمان بگێڕێت. بەڵام ئەو ئەنجومەنە دەزگایەکی کارتۆنی بێگیانو بێ دەسەڵات بوو، ئەنجومەنی پەسەندکردنی یاساو بڕیارەکانی سەدامی دیکتاتۆرو ئەنجومەنی بەناو سەرکردایەتی شۆڕش بوو.

### ٣. پەرلەمان لەسەردەمی ئازادیدا:

لەدوای پرۆسەی ئازادی عیراقو روخاندنی رژێمی دیکتاتۆری بەعس دەروازەی ژیانی سیاسی فرەییو دیموکراسی والاّ بوو. بەغداد بووە مەڵبەندی دەیان حزبو رێکخراوی سیاسی کۆنو نوێو سەرەتا لەژێر چەتری ئەنجومەنی حوکمدا کۆبوونەوەو پاش ئەوەی نوێنەرانی هەموو پێکهاتەو رەنگە جیاجیاکانی کۆمەڵی عیراقی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراقیان بۆ قۆناغی گواستنەوە داڕشت.

بەپێی پاشکۆی ئەو یاسایە یەکەم نۆبەرەی پەرلەمانی لەدایك بوو. ئەوەبوو ئەنجومەنی نیشتمانی کاتی پێك هات بەسەرۆکایەتی د. فوئاد مەعسوم، ئەو ئەنجومەنە لە ١٠٠ نوێنەری پێکهاتە جیاجیاکانی گەلانی عیراق پێکهات. ئەم ئەنجومەنە لەلایەن هاووڵاتیانەوەو لەرێی سندوقەکانی دەنگدانەوە متمانەی پێنەبەخشرابوو، بەڵکو بەدانان دانرابوون، هەر لەبەرئەوەش بوو دەسەڵاتی یاسادانانی نەبوو، بەڵکو تەنها دەسەڵاتی راوێژکاری هەبوو.

لەوکاتەدا ئەنجومەنی وەزیران بەڕەزامەندی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆمار بۆ رایکردنی ئیشوکاری وڵات دەسەڵاتی دەرکردنی بڕیارو فەرمانی پێدرابوو. هەروەها ئەنجومەنی وەزیران هەندێك لەدەسەڵاتەکانی کۆمەڵەی نیشتمانی پێدرابوو کە لەیاسای بەڕێوەبردندا ئاماژەیان پێدرابوو لەوانە دەسەڵاتی دامەزراندنو

بەکارهێنانی هێزە چەکدارەکانو پەسەندکردنی پەیماننامەو ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتیەکان.

**ئەنجومەنی نیشتمانی کاتی تەنها چەند دەسەڵاتێکی هەبوو لەوانە:**

١. دەسەڵاتی ڕاوێژکاری بۆ ئەنجومەنی وەزیرانو ئەنجومەنی سەرۆکایەتی.

٢. دەسەڵاتی چاودێریکردنی بڕیارو یاساکانو چاودێری کردنی کارەکانی ئەنجومەنی سەرۆکایەتیو ئەنجومەنی وەزیران.

٣. دەسەڵاتی بانگهێشت کردنی سەرۆك وەزیرانو وەزیرەکان.

٤. بەدەنگی ٢/٣ی ئەندامانی دەسەڵاتی ڤیتۆکردنی بڕیارەکانی ئەنجومەنی وەزیرانی هەبوو.

٥. پەسەندکردنی بودجەی وڵات.

لەدوای هەڵبژاردنی ڕۆژی ٣٠/١/٢٠٠٥، پەرلەمانێکی نوێی بەناوی کۆمەڵەی نیشتمانی عیراق پێکهات. ئەم پەرلەمانە لە ٢٧٥ ئەندام پێکهاتووە کە نوێنەرایەتی پێکهاتە جیاجیاکانی گەلانی عیراقی دەکرد.

کۆمەڵەی نیشتمانی لەبەر ڕۆشنایی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراقدا ئەم دەسەڵاتانەی هەیە:

١. دەسەڵاتی یاسادانان.

٢. چاودێریکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردن کە هەردوو ئەنجومەنی سەرۆکایەتیو ئەنجومەنی وەزیران دەگرێتەوە.

٣. پەسەندکردنی بودجەی وڵات.

٤. پەسەندکردنی پەیماننامەو ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان.

٥. متمانەبەخشین بەئەنجومەنی سەرۆکایەتی بە ٢/٣ی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان.





٦. متمانەبەخشین بەسەرۆك وەزیرانو کابینەکەیو وەرگرتنەوەی متمانە لێیان.

٧. دەسەڵاتی پێکهێنانی هەرێمی نوێ بەومەرجەی بەغدادو کەرکوکی تێدا نەبێت.

٨. ئەرکی سەرەکیو میحوەری کۆمەڵەی نیشتمانی ئامادەکردنی ڕەشنووسی دەستووری هەمیشەیی عیراق بوو. ئەوەبوو لەڕێی لیژنەیەکی پسپۆڕەوە پڕۆژەی ئەو دەستورە ئامادەکراو گەلانی عیراق لەڕێی ڕاپرسییەوە متمانەیان پێبەخشی.

دوای ئەوەی پڕۆژەی دەستووری هەمیشەیی عیراق لەڕێی ڕاپرسیەوە پەسەندکرا. لەو دەستوورەدا شوێنێکی تایبەتی هەیە بۆ پەرلەمان. لەو دەستوورەدا پەرلەمان بەئەنجومەنی نوێنەران ناودەبرێت ئەم ئەنجومەنە لە ٢٧٥ ئەندام پێکدێت بۆ ماوەی چوار ساڵ دەستەبەکار دەبێت.

ئەوەی جێگەی سەرنجە بێجگە لەئەنجومەنی نوێنەران ئەنجومەنێکی دیکەش بەپێی ئەو دەستوورە پێك دەهێنرێت بەناوی ئەنجومەنی فیدراڵی، ئەو ئەنجومەنە نوێنەرایەتی هەرێمو پارێزگا ڕێکنەخراوەکان لەهەرێمێکدا لەخۆ دەگرێت. ئەمەش ڕووخساری سیستمی فیدراڵی نیشان دەدات، چونکە دەسەڵاتی یاسادانانی زۆربەی دەوڵەتە فیدراڵییەکان لەدوو ئەنجومەن پێك دێتو ئەوەش زامنی پاراستنی مافی پێکهاتە جیاجیاکانە، چونکە ئەنجومەنی فیدراڵی لەسەر ئەساسی ژمارەی دانیشتوانی هەرێمەکان دیاری ناکرێت، بەڵکو هەرێمەکان چەند گەورەو بچوك بن بەیەکسانی نوێنەریان لەو ئەنجومەنەدا دەبێت، بەڵام ئەنجومەنی نوێنەران ئەندامەکانی لەسەر ئەساسی ڕێژەی دانیشتوانو دەنگدەران هەڵدەبژێرێت واتە هەر پێکهاتەیەك ژمارەی دانیشتوانی زیاتر بێت ژمارەی کورسی زیاتر لەپەرلەمان بەدەست دەهێنێ.

هەروەك دەبينين لەهەردوو هەڵبژاردنە پەرلەمانيەكەى پاردا شيعەكان زۆرترين كورسيان بەدەست هێنا.

### دەسەڵاتەكانى ئەنجومەنى نوێنەران:

١. دەركردنى ياسا.

٢. چاودێرى كردنى دەسەڵاتى جێبەجێكردن كە هەردوو ئەنجومەنى سەرۆكايەتىو ئەنجومەنى وەزيران دەگرێتەوە.

٣. پەسەندكردنى پەيماننامەو رێكەوتننامە نێودەوڵەتييەكان.

٤. دامەزراندنى پلە تايبەتيەكان لەسەر پێشنيارى ئەنجومەنى وەزيران.

٥. دەسەڵاتى لابردنى سەرۆك كۆمارى هەيە، دواى ئەوەى لەلايەن دادگاى باڵاى فيدراڵيەوە بەم سێ تۆمەتە تاوانبار دەكرێت (١. شكاندنى سوێندى ياسايى. ٢. پێشێلكردنى دەستوور. ٣. خيانەتى گەورە.)

٦. متمانەبەخشين بەئەنجومەنى سەرۆكايەتى.

٧. متمانەبەخشين بەسەرۆك وەزيرانو كابينەكەىو وەرگرتنەوەى متمانە لێى.

٨. پەسەندكردنى بودجەى وڵات.

٩. پەسەندكردنى بودجەى دەسەڵاتى دادوەرى.

لەدەرئەنجامى ئەم وتارەدا دەگەينە ئەو راستيەى كە پەرلەمان تاڕادەيەك لەسەردەمى پاشايەتيدا رۆڵى سنوردارى خۆى هەبووە. لەسەردەمى كۆماريشدا شتێك نەبووە رۆڵى پەرلەمان ببينێو دەسەڵاتەكانى پەرلەمان لەلايەن دەسەڵاتى جێبەجێكردنەوە پيادەكراوەو ياساكانيش ياساى ناڕەواو زۆرەملێ بوون بۆ پاراستنى كورسى دەسەڵاتداران دەرچوون.

لەدواى پرۆسەى ئازاديى عيراقو سەربارى كێشەو ئاستەنگە گەورەكان پرۆسەى سياسى پێشكەوتنى بەرچاوى بەخۆيەوە بينيوە، سندوقەكانى دەنگدان بۆتە سەنگى





مەحەكو لەورێگەيەوە حزبو رێكخراوە سياسييەكان متمانەى جەماوەريان بەدەست هێناوەو نوێنەرانيان گەياندۆتە پەرلەمان. سەربارى ئەو رەوشە نالەبارانە پەرلەمانى عيراق تاڕادەيەك رۆڵى خۆى بينيوەو پێشبينى دەكرێ لەگەڵ گەڕانەوەى ئاسايشو ئارامى تەواو، ئەنجومەنى نوێنەرانى داهاتوو لەچوار ساڵى داهاتوودا رۆڵى باشتر ببينێ لەژيانى سياسيدا.

# پێگەی سەرۆك کۆمار لەدەستوری نوێی عیراقدا

بەپێی دەستوری نوێ، سیستمی حوکمڕانی عیراق سیستمێکی پەرلەمانییە، لەوجۆرە سیستمەدا دەسەڵاتەکان جیادەکرێنەوەو زۆربەی دەسەڵاتەکان دەدرێت بە ئەنجومەنی وەزیران‌و ئەو ئەنجومەنە تەماسی راستەوخۆی لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکدا دەبێت. ئەوەی لەدەستوری نوێشدا تێبینی دەکرێت سەبارەت بە ئەنجومەنی وەزیران هەر بەوشێوەییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو دەستورە پێگەو دەسەڵاتی سەرۆك کۆماری دیاری کردووەو لەلوتکەی هەرەمی دەسەڵاتدا شوێنی دیارو شایستەی خۆی هەیە.

بەپێی ماددەی (٦٤)ی دەستوور سەرۆك کۆمار سەرۆکی دەوڵەتەو رەمزی یەکێتی نیشتمانەو نوێنەرایەتی سەروەری وڵات دەکات.

بەپێی ماددەی (٦٥)ی دەستور ئەوکەسەی خۆی بۆ پۆستی سەرۆك کۆماری وڵات دەپاڵێوێت دەبێت چەند مەرجێکی تێدابێت لەوانە:

١ـ لەعیراق لەدایك بووبێت‌و دایك‌و باوکی عیراقی بێت.

٢ـ ئەهلیەی تەواوی هەبێ‌و تەمەنی چل ساڵی تەواو کردبێت.

٣ـ ناوبانگی باش بێت‌و لەسیاسەتدا شارەزابێت‌و بەدەست پاکی‌و راستی‌و دادپەروەری‌و دڵسۆزی بۆ نیشتمان ناسراوبێت.

٤ـ بەتاوانێکی ئابڕوبەر حوکم نەدرابێت.





٥ـ نابێت لەوکەسانەبێت حوکمی دەستەی باڵای ریشەکێش کردنی بەعسی دەیگرێتەوە.

بەپێی ماددەی (٦٧)ی دەستوور، هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار لەڕێی پەرلەمانەوە دەبێت‌و پاڵێوراوی ئەو پۆستە پێویستە زۆرینەی ٣/٢ ی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان مسۆگەر بکات، ئەوەش پشتیوانی زۆربەی نوێنەرانی پێکهاتە سەرەکییەکانی ناو پەرلەمانی دەوێت.

بەپێی ماددەی (٦٩)ی دەستور ماوەی سەرۆکایەتی سەرۆك چوار ساڵ دەبێت‌و ئەو سەرۆکە هەڵبژێردراوە دەتوانێت بۆ خولێکی دیکەی سەرۆکایەتی خۆی بپاڵێوێتەوە.

بەپێی ماددەی (٧٠)ی دەستور سەرۆك کۆمار ئەم دەسەڵاتانەی هەیە:

١ـ لەسەر داخوازی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەتوانێت لێبوردنی تایبەت دەربکات، بەپێی دەستورەکە بۆ لێبوردنی تایبەت مەرجی ئەوە دانراوە کە لێبوردنەکە حوکمدراوانی مافی تایبەت‌و تاوانی نێودەوڵەتی‌و تیرۆریستی‌و گەندەڵی دارایی‌و کارگێڕی ناگرێتەوە.

٢ـ پەسەندکردنی پەیماننامەو رێکەوتننامە نێودەوڵەتیەکان دوای ئەوەی لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەند دەکرێن.

٣ـ پەسەندکردنی ئەو یاسایانەی کە لەلایەن پەرلەمانەوە دەردەچن.

٤ـ بانگهێشتکردنی پەرلەمان بۆ کۆبوونەوە لەدوای (١٥) رۆژ لەمێژووی پەسەندکردنی دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردن.

٥ـ لەسەر راسپاردەی سەرۆك وەزیران مەدالیاو نیشانە دەبەخشێت.

٦ـ پەسەندکردنی باڵیۆزی وڵاتان.

٧ـ دەرکردنی مەراسیمی کۆماری.

٨ـ پەسەندکردنی ئەو حوکمانەی لەسێدارەدان کەلەلایەن دادگا تایبەتەکانەوە دەردەچن.

٩ـ ئەرکی سەرکردایەتی باڵای هێزە چەکدارەکان دەگرێتە ئەستۆ بەمەبەستی تەشریفاتو ئاهەنگێڕان.

١٠ـ سەرۆک کۆمار بۆی هەیە داوای دانیشتنی نائاسایی پەرلەمان بکات، کۆبوونەوەکەش تایبەت دەبێت بەو بابەتەی کە داوای کۆبوونەوەکەی بۆکراوە.

١١ـ سەرۆک کۆمار دەسەڵاتی درێژکردنەوەی وەرزی یاسادانانی پەرلەمانی هەیە بۆ ماوەیەک کە لە ٣٠ رۆژ زیاتر نەبێت ئەوەش بۆ تەواوکردنی ئەو ئەرکانەی کەوا دەخوازن.

١٢ـ سەرۆک کۆمار دەتوانێت پرۆژەی یاسا پێشکەش بە پەرلەمان بکات.

١٣ـ سەرۆک کۆمار دەتوانێت داخوازییەک پێشکەش بە پەرلەمان بکات بۆ متمانە وەرگرتنەوە لەسەرۆک وەزیران.

١٤ـ سەرۆک کۆمارو سەرۆک وەزیران بەهاوبەشی دەتوانن داوای راگەیاندنی جەنگو باری نائاسایی بکەن، ئەوەش پێویستی بە رەزامەندی زۆرینەی ٢/٣ ی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان هەیە.

١٥ـ هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان بە زۆرینەی رەهای ئەندامان، پێویستی بە رەزامەندیی سەرۆک کۆمار هەیە.

١٦ـ لەکاتی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەماندا، سەرۆک کۆمار داوای سازدانی هەڵبژاردنی گشتی دەکات کە نابێت لە٦٠رۆژ تێپەر بکات لەمێژووی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانەوە.





١٧ـ دوای یەکەم دانیشتنی پەرلەمان، لەماوەی ١٥رۆژدا سەرۆک کۆمار پاڵێوراوی گەورەترین فراکسیۆنی ناو پەرلەمان لەرووی ژمارەوە رادەسپێرێت بۆ پێکهێنانی کابینەی ئەنجومەنی وەزیران.

١٨ـ بەهەر هۆیەک پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران چۆڵ بێت، سەرۆک کۆمار جێگەی دەگرێتەوە.

١٩ـ سەرۆک کۆمارو سەرۆک وەزیران پێکەوە بۆیان هەیە پێشنیازی هەموارکردنی دەستور بکەن.

٢٠ـ دوای هەر هەموارکردنێکی دەستور بە ٢/٣ی دەنگی ئەندامانی پەرلەمانو راپرسی گشتی گەل، دەبێت سەرۆک کۆماریش پەسەندی بکات.

بەپێی برگەی شەشی ماددەی(٥٨)ی دەستوری نوێ، پەرلەمان بە زۆرینەی رەهای دەنگی ئەندامانی دەسەڵاتی ئەوەی هەیە لەسەر داوایەکی هۆدار لەسەرۆک کۆمار بپرسێتەوە.

هەروەها پەرلەمان دەتوانێت بە دەنگی زۆرینەی رەهای ئەندامانی سەرۆک کۆمار لەسەر کارلابدات لەدوای ئەوەی لەلایەن دادگای باڵای فیدرالییەوە بەیەکێک لەم سێ تۆمەتەی خوارەوە تۆمەتبار دەکرێت:

(١ـ شکاندنی سوێندی یاسایی ٢ـ پێشێلکردنی دەستوور ٣ـ خیانەتی گەورە).

بەپێی ماددەی(١٣٤)ی دەستوور دەستەواژەی(ئەنجومەنی سەرۆکایەتی) جێگەی دەستەواژەی(سەرۆک کۆمار) دەگرێتەوە لەهەر شوێنێکی دەستووردا هاتبێ.

لەخولی داهاتووی پەرلەماندا کە چوار ساڵە کار بە دەستەواژەی(ئەنجومەنی سەرۆکایەتی)دەکرێت دواتر کار بە دەستەواژەی(سەرۆک کۆمار) دەکرێتەوە. بەو پێیە پەرلەمانی داهاتوو سەرۆک کۆمارو دوو جێگر هەڵدەبژێردرێت کە پێکەوە

ئەنجومەنێك پێك دەهێنن بەناوی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی ئەم هەڵبژاردنەش بەیەك لیستو بە زۆرینەی ٣/٢ی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان دەبێت.

ئەنجومەنی سەرۆکایەتی بڕیارەکانی بە کۆی دەنگ دەردەکاتو هەر ئەندامێکی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی دەتوانێت دوو ئەندامەکەی تر بە نوێنەری خۆی دابنێت.

* کوردستانی نوێ ژمارە(٣٨٢٩)لە٢٢/١١/٢٠٠٥





# چۆن دەسەڵاتەکانی سەرۆك کۆمار زیاد دەکرێت؟

ئەوەی جێگەی سەرنجە ماوەیەکە بەگەرمی باسی زیادکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆك کۆمار لەعیراقدا دەکرێت. وەك ئاشکرایە دەسەڵاتەکانی سەرۆك کۆمار لەماددەو بڕگەکانی دەستوری نوێی عیراقدا جێگیر کراوە لەپاش ئەوەی لەلیژنەی نووسینەوەی دەستورو لەنێوان پێکهاتە ئەساسییەکانی کۆمەڵی عیراقیدا مشتومڕی زۆر سەبارەت بەبەندەکانی ئەو دەستورە کراو دواتر پەرلەمانی عیراق رەزامەندی لەسەری نیشانداو لەڕێی راپرسیشەوە زۆرینەی گەلانی عیراق پەسەندیان کرد. ئەگەرچی بەپێی دەستوری نوێ سەرۆك کۆمار لەهەرەمی دەسەڵاتدایەو رەمزی یەکێتی نیشتمانەو نوێنەرایەتی سەروەری وڵات دەکات. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەسەڵاتەکانی زیاتر تەشریفیو پرۆتۆکۆلینو زۆربەی دەسەڵاتە فیعلیەکان دراوە بەسەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران.

ئەوەی تێبینی دەکرێت دەسەڵاتەکانی سەرۆك کۆمار لەیاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراقدا زیاتربوون لەدەسەڵاتەکانی سەرۆك کۆمار لەدەستوری نوێدا. ئێستا کە باسی پێویستی زیادکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆك کۆمار بۆ ئەم قۆناغە هەستیارەی عیراق دەکرێت. ئایا لەڕووی عەمەلیو یاساییەوە دەتوانرێت ئەو دەسەڵاتانە زیاد بکرێت؟ دەتوانین وەڵامی ئەم پرسیارە بەبەڵێ بدەینەوە.

بۆ رونکردنەوەی وەڵامەکان دەڵێین دەسەڵاتەکانی سەرۆك کۆمار لەچوارچێوەی ماددەو بڕگەکانی دەستوردا رێك خراوەو ئەو دەستورە بەڕاپرسی زۆرینەی گەلانی

عیراق پەسەندکراوەو گۆڕینی هەر ماددەو بڕگەیەکی ئەو دەستورە بەزیادکردنی دەسەلاّتەکانی سەرۆك کۆماریشەوە پێویستی بەڕێوشوێنی یاسایی‌و دەستوری هەیە. لەو چوارچێوەیەدا بەپێی بڕگەی سێی ماددەی (١٢٢)ی دەستور، هەموارکردنی دەسەلاّتەکانی سەرۆك کۆمار لەو چوارچێوەی ئەو ماددانەدایە کە دەتوانرێت بەڕەزامەندیی دەنگی ٣/٢ی ئەندامانی پەرلەمان‌و ڕەزامەندیی گەل بەڕاپرسی‌و پەسەندکردنی سەرۆك کۆمار ئەنجام بدرێت.

بەلاّم بەپێی ئەو هەموارکردنانەی کە بەر لەچەند ڕۆژێك لەئەنجامدانی ڕاپرسی بۆ ڕەشنووسی دەستور ئەنجام درا بۆ ماوەیەك کار بەماددەی (١٢٢)ی دەستور ناکرێت کە پەیوەستە بەهەموارکردنی دەستور. بەلّکو پەرلەمانی نوێی عیراق دەبێت لەسەرەتای دەستبەکاربوونیدا لیژنەیەك لەئەندامانی پێك بهێنێ کە نوێنەری پێکهاتە سەرەکییەکانی کۆمەلّی عیراق بن، ئەرکی ئەو لیژنەیە ئەوە دەبێت لەماوەی چوار مانگدا ڕاپۆرتێك پێشکەش بەپەرلەمان بکات سەبارەت بەو گۆڕانکاری‌و هەموارکردنانەی لەدەستوردا بەپێویستی دەزانێت، لیژنەکە هەموو هەموارکارییە پێشنیازکراوەکان بەیەکجار دەخاتە بەردەم پەرلەمان بۆ پەسەندکردنی بەزۆرینەی ڕەهای دەنگی ئەندامانی، دواتر پەرلەمان دەبێت لەماوەی دوو مانگدا ماددە هەموارکراوەکان بخاتە بەردەم گەل بۆ ڕاپرسی، دەبێت زۆرینەی دەنگدەرانی عیراق پەسەندی بکەن‌و بەمەرجێك ٣/٢ی دەنگدەرانی سێ پارێزگا یان زیاتر ڕەتی نەکەنەوە.

هەموارکردن‌و زیادکردنی دەسەلاّتەکانی سەرۆك کۆمار دەتوانرێت لەڕێی ئەو لیژنەیەی پەرلەمانەوە ئەنجام بدرێت. وەك تێبینی دەکرێت ئەوەش پێویستی بەڕەزامەندی زۆرینەی ڕەهای دەنگی ئەندامانی پەرلەمان‌و زۆرینەی ڕەهای دەنگدەرانی سەرانسەری عیراق هەیە بەو مەرجەی ٣/٢ی دەنگدەرانی سێ پارێزگا





یان زیاتر ڕەتی نەکەنەوە. ئەمەش ئەو ڕاستییە دەردەخات کە زیادکردنی دەسەلاّتەکانی سەرۆك کۆمار پێویستی بەڕەزامەندی نوێنەرانی پێکهاتە سەرەکییەکانی پەرلەمان‌و زۆرینەی دەنگدەرانی سەرانسەری عیراق هەیە. ئەمەش پێویستی بەتەوافق‌و کۆدەنگی پێکهاتە سەرەکییەکانی عیراقە.

ئەگەرچی لەچەندین ماددەو بڕگەی دەستوردا دەستەواژەی سەرۆك کۆمار هاتووە. بەلاّم بەپێی ماددەی (١٣٤)ی دەستور دەستەواژەی (ئەنجومەنی سەرۆکایەتی) جێگەی دەستەواژەی (سەرۆك کۆمار) دەگرێتەوە لەهەر شوێنێکی دەستورەکەدا هاتبێ‌و بەو پێیە لەخولی سەرۆکایەتی چوار سالّی ئایندەدا کار بەدەستەواژەی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی دەکرێت‌و لەدوای ئەو خولە بەپێی دەستورەکە کار بەدەستەواژەی سەرۆك کۆمار دەکرێت. بەو پێیە پەرلەمانی نوێ بەزۆرینەی ٣/٢ی دەنگی ئەندامانی بەیەك لیست ئەنجومەنی سەرۆکایەتی هەلّدەبژێرێت کە لەسەرۆك کۆمارو دوو جێگر پێك دێت.

بەپێی ئەو ڕاستیانەی کە لەم وتارەدا ڕوونمان کردەوە زیادکردنی دەسەلاّتەکانی سەرۆك کۆمار بەدوو ڕێگە دەبێت:

یەکەمیان لەڕێی ئەو لیژنە پەرلەمانییەوە دەبێت کە لەدوای دەست بەکاربوونی پەرلەمانەوە پێك دێ‌و دەست بەکارەکانی دەکات‌و دەبێت لەماوەی چوار مانگدا هەموارکردنەکان بکات‌و لەماوەی دوو مانگیشدا ماددە هەموارکراوەکان بخاتە بەردەم گەلەوە بۆ ڕاپرسی، واتە کارەکانی شەش مانگی پێدەچێ بەو مەرجەی بەڕاپرسی گەل پەسەند بکرێت.

دووەمیان، دوای کۆتایی هاتنی کارەکانی ئەو لیژنەیەی پەرلەمان‌و هەلّوەشانەوەی، دەتوانرێت گۆڕانکاری لەدەسەلاّتەکانی سەرۆك کۆماردا لەڕێی بڕگەی سێی ماددەی (١٢٢)ی دەستورەوە بکرێت ئەوەش ڕەزامەندی ٣/٢ی

دەنگی ئەندامانی پەرلەمانو راپرسی گەلو پەسەندکردنی خودی سەرۆك کۆماریشی دەوێت. ئەوەش دیسانەوە ئەو راستیە دەردەخات کە گۆڕانکاری لەدەسەڵاتەکانی سەرۆك کۆماردا رەزامەندی نوێنەرانی پێکهاتە سەرەکییەکانی پەرلەمانو گەلانی عیراقو خودی سەرۆك کۆماری دەوێت.

خاڵێکی تر کە پێویستە ئاماژەی پێ بکرێت ئەوەیە کە لەخولی چوار ساڵی داهاتووی سەرۆکایەتی عیراقدا کار بەدەستەواژەی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی دەکرێت لەجیاتی دەستەواژەی سەرۆك کۆمار.

* کوردستانی نوێ ژمارە(٣٨٦٠)لە٢٩/١٢/٢٠٠٥





# هاوسەنگی دەسەڵاتەکان لەدەستوری عیراقدا

ئەگەر بەوردی سەیری دەسەڵاتی جێبەجێکردن بکەین لەدەستوری نوێی عیراقدا دەبینین ئەو دەسەڵاتە لەچوارچێوەی دەسەڵاتە فیدراڵییەکاندایە. دەسەڵاتی جێبەجێکردنی فیدراڵیش لەدوو بەش پێك دێت ئەوانیش هەردوو ناوەندی سەرۆك کۆمارو ئەنجومەنی وەزیرانە. ئەگەر سەیری ئەم دوو ناوەندە بکەین وەکو دوو دەزگای جێبەجێکردن دەبینین دەسەڵاتەکان بەشێوەیەکی هاوسەنگ لەنێوانیاندا دابەش نەکراوە، زۆربەی دەسەڵاتەکانی سەرۆك کۆمار تەشریفیو پرۆتۆکۆلین، دەسەڵاتەکانی سەرۆکو ئەنجومەنی وەزیرانیش دەسەڵاتی فیعلینو کاریگەری راستەوخۆیان بەسەر هەموو بوارەکانەوە هەیە. بۆ ئەوەی لاسەنگی دەسەڵاتەکانی سەرۆك کۆمارو سەرۆك وەزیران بەجوانی ببینین، دەسەڵاتەکانی هەردوولایان لەدەستوری نوێدا دەخەینەڕوو:

## یەکەم: دەسەڵاتەکانی سەرۆک کۆمار

بەپێی دەستوری نوێ سەرۆك کۆمار لەلوتکەی هەرەمی دەسەڵاتدایەو سەرۆکی دەوڵەتەو رەمزی یەکێتی نیشتمانەو نوێنەرایەتی سەروەری وڵات دەکاتو شەونخونی دەکات بۆ مسۆگەرکردنی پابەندبوون بەدەستورو پاراستنی سەربەخۆیی عیراقو سەروەریو یەکێتیو سەلامەتی خاکەکەی.

## بەپێی ماددەکانی ٧٠و ٧٣ی دەستوور سەرۆک کۆمار ئەم دەسەڵاتانەی هەیە:

١. سەرۆك كۆمارلەماوەی ١٥ رۆژدا لەدوای یەكەم دانیشتنی پەرلەمانەوە، پاڵێوراوی گەورەترین فراكسیۆنی پەرلەمانی لەرووی ژمارەوە رادەسپێریت بۆ پێكهێنانی ئەنجومەنی وەزیران.

٢. لەسەر داخوازی سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران دەتوانێت لێبوردنی تایبەت دەربكات بەپێی دەستورەكە بۆ لێبوردنی تایبەت مەرجی ئەوەی داناوە كە لێبوردنەكە حوكمدراوانی مافی تایبەتو تاوانی نێودەوڵەتیو تیرۆریستیو گەندەڵی دارایی‌و كارگێڕی ناگرێتەوە.

٣. پەسەندكردنی پەیماننامەو رێكەوتننامە نێودەوڵەتیەكان دوای ئەوەی لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەند دەكرێن.

٤. پەسەندكردنی ئەو یاسایانەی كە لەلایەن پەرلەمانەوە دەردەچن.

٥. بانگهێشتكردنی پەرلەمان بۆ كۆبوونەوە لەدوای (١٥) رۆژ لەمێژووی پەسەندكردنی دەرئەنجامەكانی هەڵبژاردن.

٦. لەسەر راسپاردەی سەرۆك وەزیران مەدالیاو نیشانە دەبەخشێت.

٧. پەسەندكردنی باڵیۆزی وڵاتان.

٨. دەركردنی مەراسیمی كۆماری.

٩. پەسەندكردنی ئەو حوكمانەی لەسێدارەدان كەلەلایەن دادگا تایبەتەكانەوە دەردەچن.

١٠. ئەركی سەركردایەتی باڵای هێزە چەكدارەكان دەگرێتە ئەستۆ بەمەبەستی تەشریفاتو ئاهەنگێڕان.





ئەگەر بەوردی سەیری ئەم دە خاڵە بكەین، دەبینین دوو خاڵی پیادەكردنی ئەو دەسەڵاتە لەسەر داخوازیو راسپاردەی سەرۆك وەزیرانە. سێ خاڵیان تایبەتە بەپەسەندكردنی یاساكانی پەرلەمانو بانگهێشت كردنی پەرلەمان بۆ كۆبوونەوە، خاڵێكیان تایبەتە بەپەسەندكردنی حوكمی لەسێدارەدان كە لەلایەن دادگا تایبەتەكانەوە دەردەچن.هەموو ئەوانە بڕیارو دەسەڵاتی شوێنی ترن تەنها سەرۆك كۆمار پەسەندییان دەكات، دەسەڵاتی فیعلی هی سەرۆك وەزیرانەو دەسەڵاتی تەشریفاتو ئاهەنگ گێڕانیش هی سەرۆك كۆمار.

## دووەم: دەسەڵاتەکانی سەرۆک وەزیران

بەپێی ماددەو بڕگەكانی دەستور سەرۆكو ئەنجومەنی وەزیران ئەم دەسەڵاتانەی هەیە:

١. سەرۆك وەزیران بەرپرسی راستەوخۆی جێبەجێكردنی سیاسەتی گشتی دەوڵەتە.

٢. سەرۆك وەزیران فەرماندەی گشتی هێزە چەكدارەكانە.

٣. سەرۆك وەزیران ئیدارەی ئەنجومەنی وەزیران بەڕێوە دەباتو سەرۆكایەتی كۆبونەوەكانی دەكات.

٤. سەرۆك وەزیران مافی لابردنی وەزیرەكانی هەیە، بەڕەزامەندی ئەنجومەنی نوێنەران.

٥. ئەنجومەنی وەزیران دەسەڵاتی پلاندانانو جێبەجێكردنی سیاسەتی گشتی دەوڵەتو پلانە گشتییەكانو سەرپەرشتی كردنی كاری وەزارەتەكانو ئەو شوێنانەی بەهیچ وەزارەتێكەوە گرێنەدراون، هەیە.

٦. ئەنجومەنی وەزیران دەتوانێت پرۆژەی یاساكان پێشنیاز بكات.

٧. ئەنجومەنی وەزیران دەسەڵاتی دەرکردنی سیستەم‌و ڕێنمایی‌و بڕیاری هەیە بەمەبەستی جێبەجێکردنی یاساکان.

٨. ئەنجومەنی وەزیران پرۆژەی بودجەی گشتی‌و حسابی کۆتایی‌و نەخشەکانی گەشەپێدان ئامادە دەکات.

٩. ئەنجومەنی وەزیران دەسەڵاتی ڕاسپاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی هەیە بۆ پەسەندکردنی دامەزراندنی بریکاری وەزارەتەکان‌و باڵوێزو خاوەن پلە تایبەتەکان‌و سەرۆکی ئەرکانی سوپاو یاریدەدەرەکانی‌و ئەوانەی لەپلەی سەرکردەی فرقە بەرەو ژوورن‌و سەرۆکی دەزگای موخابەراتی نیشتمانی‌و سەرۆکی دەزگا ئەمنییەکان.

١٠. ئەنجومەنی وەزیران دەسەڵاتی گفتوگۆکردنی سەبارەت بەپەیماننامەو ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتیەکان‌و ئیمزاکردنیانی بۆ خۆی هەیە یان ئەوانەی ڕایان دەسپێرێت.

ئەگەر بەوردی بەراوردی دەسەڵاتەکانی هەریەك لەسەرۆك کۆمارو سەرۆك وەزیران بکەین هەرچەند دەسەڵاتەکانی هەریەکەیان لە ١٠ خاڵدا چڕکراوەتەوە، بەڵام دەبینین زۆربەی دەسەڵاتە فیعلیەکان لەدەست سەرۆك وەزیراندایەو سەرۆك کۆماریش دەسەڵاتەکانی زیاتر تەشریفی‌و پرۆتۆکۆلین. ئەمەش بۆ وڵاتێك کە لەچەند پێکهاتەیەك پێك هاتبێ‌و هەر پێکهاتەیەك پۆستێکی باڵای سیادی وەربگرێت، لاسەنگی‌و ناهاوتایی دروست دەکات، هەربۆیەش پێویستە لەدابەشکردنی دەسەڵاتەکانی پۆستە سیادییەکاندا ڕەچاوی بەرژەوەندی هەموو پێکهاتەکان بکرێت‌و دەسەڵاتەکان بەهاوسەنگی دابەش بکرێت.

* کوردستانی نوێ ژمارە(٣٨٦٤)لە٤/١/٢٠٠٥





# دەسەڵاتی دادوەری فیدراڵی لەدەستوری عیراقدا

بەپێی دەستوری نوێ دەسەڵاتەکانی دادوەری لەهەموو ڕوویەکەوە سەربەخۆیەو هیچ دەسەڵاتێکیان بەسەرەوە نییەو تەنها یاسا نەبێت، هیچ ناوەندو دەسەڵاتێك بۆی نییە دەست لەکاروبارەکانیان وەربدات. دەسەڵاتی دادوەری فیدراڵ پێك دێت لە:

١. ئەنجومەنی دادوەری باڵا.
٢. دادگای باڵای فیدراڵی.
٣. دادگای تەمییزی فیدراڵی.
٤. دەزگای داواکاریی گشتی
٥. دەستەی سەرپەرشتیاری دادوەریی.
٦. دادگاکانی دیکەی فیدراڵی کە بەپێی یاسا ڕێك دەخرێن.

## یەکەم: ئەنجومەنی دادوەری باڵا

ئەنجومەنی دادوەری باڵا ئەرکی سەرەکی بەڕێوەبردنی دەستە دادوەرییەکانەو دەبێت بەپێی یاسایەك کە پەرلەمان دەری دەکات شێوەی پێکهاتەو دەسەڵاتەکانی‌و بنەمای بەڕێوەچوونی کارەکانی دیاری بکرێت

**ئەنجومەنی دادوەری باڵا سێ دەسەڵاتی هەیە کە ئەمانەن:**

**١. بەڕێوەبردنی کاروباری دادوەری‌و سەرپەرشتی کردنی دادوەری فیدراڵی.**

**٢. سەرۆکی دادگای تەمییزی فیدراڵی‌و ئەندامانی‌و سەرۆکی داواکاری گشتی‌و سەرۆکی دەستەی سەرپەرشتیاری دادوەری دەپاڵێوێت‌و دەیخاتە بەردەم پەرلەمان بۆ ئەوەی دامەزراندییان پەسەند بکات.**

**٣. پێشنیازی پرۆژەی بودجەی ساڵانەی دەستەی دادوەری فیدراڵی بۆ پەرلەمان بەرز دەکاتەوە بۆئەوەی پەسەندی بکات.**

## دووەم: دادگای باڵای فیدراڵی

**دادگای باڵای فیدراڵی دەستەیەکی دادوەری سەربەخۆیە لەڕووی دارایی‌و کارگێڕییەوە. ئەم دادگایە لەژمارەیەك دادوەرو شارەزای بواری فیقهی ئیسلامی‌و یاسا پێك دێت. پێویستە پەرلەمان یاسایەکی تایبەت بەدەنگی ٣/٢ی ئەندامانی دەربکات بۆ رێکخستنی دادگای باڵای فیدراڵی‌و بەپێی ئەو یاسایە ژمارەی دادوەران‌و شارەزایان‌و چۆنیەتی هەڵبژاردنیان‌و کاری دادگاکە دیاری دەکرێت.**

**دادگای باڵای فیدراڵی ئەم دەسەڵاتانەی هەیە:**

**١. چاودێریکردنی دەستوری بوونی یاساو سیستمە کارپێکراوەکان.**

**٢. شیکردنەوەی دەقە یاساییەکان.**

**٣. یەکلایی کردنەوەی ئەو کێشانەی لەجێبەجێکردنی یاسا فیدراڵییەکان‌و بڕیارو سیستەم‌و رێنمایی‌و رێوشوێنە دەرچووەکانی دەسەڵاتی فیدراڵی پەیدا دەبن. یاسا مافی تانوون لێدانی راستەوخۆ لەدادگا دەستەبەر دەکات بۆ هەریەك لەئەنجومەنی وەزیران‌و کەسانی پەیوەندیدار.**





**٤. یەکلایی کردنەوەی ئەو ناکۆکیانەی کە لەنێوان حکومەتی فیدراڵی‌و حکومەتی هەرێمەکان‌و پارێزگاکان‌و شارەوانیەکان‌و بەڕێوبەرایەتیە ناوخۆییەکان روو دەدەن.**

**٥. یەکلایی کردنەوەی ئەو کێشانەی لەنێوان حکومەتی هەرێمەکان یان پارێزگاکاندا روو دەدەن.**

**٦. یەکلایی کردنەوەی ئەو تۆمەتانەی ئاراستەی سەرۆك کۆمارو سەرۆك وەزیران‌و وەزیرەکان دەکرێت، ئەوەش بەیاسا رێك دەخرێت.**

**٧. پەسەندکردنی ئەنجامە کۆتاییەکانی هەڵبژاردنی گشتی بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی نوێنەران (پەرلەمان).**

**٨. أ/ یەکلایی کردنەوەی کێشەی تایبەتمەندی لەنێوان دادوەری فیدراڵی‌و دەستە دادوەرییەکانی هەرێمەکان‌و پارێزگا رێکنەخراوەکان لەهەرێمێکدا.**

**ب/ یەکلایی کردنەوەی کێشەی نێوان دەستە دادوەرییەکانی هەرێمەکان یان پارێزگا رێکنەخراوەکان لەهەرێمێکدا. بەپێی دەستور هەموو بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی یەکلایی کەرەوەو بنبڕن‌و دەبێت هەموو دەسەڵاتەکان پێوەی پابەندبن.**

**ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەنجومەنی باڵای دادوەری بەگشتی‌و دادگای باڵای فیدراڵی بەتایبەتی پەیوەندی بەکۆمەڵێك بواری هەستیاری عیراق‌و کوردستانەوە هەیەو دامەزراندنی دادگای فیدراڵیش بەپێی یاسایەکی تایبەتی پەرلەمان رێك دەخرێت‌و پێویستی بەدەنگی ٣/٢ی ئەندامانی پەرلەمان هەیەو پێویستە نوێنەرانی کورد لەپەرلەمانی عیراق هەموو وزەو توانایان بخەنە گەڕ بۆ ئەوەی کورد لەو دادگایەدا وەك نەتەوەیەك پێگەی شایستەی خۆی هەبێت‌و تەنانەت مافی ڤیتۆشی هەبێت.**

*** کوردستانی نوێ ژمارە(٣٨٦٨)لە٢٠٠٦/١/٩**

# دەستە سەربەخۆکان لەدەستووری عیراقدا

بەپێی دەستووری عیراق، پەیکەری دەسەڵاتە باڵاکانی وڵات کە بەدەسەڵاتە فیدراڵییەکان ناودەبرێت خۆی لە (ئەنجومەنی نوێنەران، سەرۆکایەتی کۆمار، ئەنجومەنی وەزیران، دەسەڵاتی دادوەری)یدا دەبینێتەوە. لەسەر بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، دامودەزگاکانی وڵات بەپێی تایبەتمەندییان بەدەسەڵاتە فیدراڵییەکانەوە دەبەسترێنەوە. بێجگە لەو ناوەندو دەزگایانە، چەند دەستەیەکی سەربەخۆ هەن کە تایبەتمەندی خۆیان هەیە.

ئێمە هەوڵ دەدەین هەموو ئەو دەستە سەربەخۆیانەی لەدەستووردا هاتوون بخەینەروو، بەپێی ماددەی (٩٩)ی دەستوور، چەند دەستەیەکی سەربەخۆ هەن وەك (کۆمسیۆنی باڵای مافی مرۆڤ، کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردەکان، دەستەی دەستپاکی) ئەم دەستانە بەشێوەیەکی سەربەخۆ کارەکانیان ئەنجام دەدەنو تەنها لەژێر چاودێری ئەنجومەنی نوێنەراندان. دەبێت ئەنجومەنی نوێنەران یاسای تایبەت بۆ هەریەك لەو دەستانە دەربکاتو ئەرکو دەسەڵاتیان دیاری بکات.

بەپێی ماددەی (١٠٠)ی دەستوور، چەند دەستەیەکی دیکەی سەربەخۆ هەن کە لەڕووی داراییو کارگێڕییەوە سەربەخۆن، ئەو دەستانەش ئەمانەن (بانکی ناوەندی عیراق، دیوانی چاودێری دارایی، دەستەی راگەیاندنو گەیاندن، دیوانەکانی ئەوقاف).





دەبێت ئەنجومەنی نوێنەران یاسای تایبەت بۆ هەریەك لەو دەستانە دەربکاتو ئەركو فەرمانەکانیان بخاتەروو.

هەریەك لەدیوانی چاودێری داراییو دەستەی راگەیاندنو گەیاندن بەئەنجومەنی نوێنەرانەوەدەبەسترێتەوە. بانکی ناوەندی عیراقیش لەبەردەم ئەنجومەنی نوێنەراندا بەرپرسیارە. بەڵام دیوانەکانی ئەوقاف لەڕووی ئیدارییەوە بەئەنجومەنی وەزیرانەوە دەبەسترێتەوە.

بەپێی ماددەی (١٠١)ی دەستوور، دەبێت ئەنجومەنی نوێنەران یاسایەکی تایبەت دەربکات بۆ دامەزراندنی دەستەیەك بەناوی دەزگای شەهیدانو لەو یاسایەدا کارو تایبەتمەندییەکانی ئەو دەزگایە بەوردی دیاری بکات.

بەپێی ماددەی (١٠٢)ی دەستور دەستەیەکی گشتی سەربەخۆ دادەمەزرێت لەنوێنەرانی حکومەتی فیدراڵیو هەرێمەکانو پارێزگاکانی رێك نەخراو لەهەرێمدا بۆ زامنکردنی مافی هەرێمەکانو ئەو پارێزگایانەی کە لەچوارچێوەی هەرێمێکدا رێك نەخراون.

ئەرکی ئەم دەستەیە ئەوەیە کە هەرێمو پارێزگاکان بەشێوەیەکی دادپەروەرانە لەدامودەزگاکانی دەوڵەتی فیدراڵیو نێردەو زەمالاتی خوێندنو وەفدو کۆنگرە هەرێمایەتیو نێودەوڵەتیەکان بەشداری بکەن.

دامەزراندنی ئەم دەستە گشتییە بەپێی ئەم دەستورە، زەمانەتێکی دەستورییە بۆ ئەوەی مافی هەرێمو پارێزگاکان زامن بکرێت.

بەپێی ماددەی (١٠٣)ی دەستور، دەستەیەکی گشتی سەربەخۆ لەشارەزایانی حکومەتی فیدراڵیو هەرێمەکانو پارێزگاکان پێك دێ، ئەرکی ئەم دەستەیە چاودێریکردنو تەرخانکردنی داهاتی فیدراڵییە.

ئەرکەکانی ئەو دەستەیە ئەمانەیە:

١ـ دڵنیا بوون لە بەعەدالەت دابەشكردنی بەخشینو یارمەتیو قەرزی نێودەوڵەتی بە پێی پشكی هەر هەرێمو پارێزگایەك كە لەهەرێمێكدا رێكنەخراون.

٢ـ دڵنیا بوون لەبەكارهێنانو دابەشكردنی دەرامەتی فیدراڵی بە باشترین شێوە.

٣ـ زامنكردنی روونیو ئاشكراییو دادپەروەری لەتەرخانكردنی سامانەكان بۆ حكومەتی هەرێمەكان یان ئەو پارێزگایانەی لەهەرێمێكدا رێك نەخراون بە گوێرەی ئەو رێژەیەی كە بڕیاری لەسەر دراوە.

ئەگەر بەوردی سەیری ئەركەكانی ئەم دەستەیە بكەین دەبینین وەك چاودێروان بەسەر حكومەتی فیدراڵیو حكومەتی هەرێمەكانو ئەو پارێزگایانەی لەچوارچێوەی هەرێمێكدا رێك نەخراون بۆ ئەوەی بە دادپەروەریو روونیو ئاشكرایی داهاتەكان دابەش بكرێو هەموان لێی سوودمەندبن، ئەمەش زەمانەتێكی دیكەی دەستوورییە كە هاوسەنگی نێوان حكومەتی فیدراڵیو هەرێمو پارێزگاكان رادەگرێت.

ماددەی(١٠٤)ی دەستوور باس لەپێكهێنانی ئەنجومەنی راژەی گشتی فیدراڵی دەكات، ئەم ئەنجومەنە كە دەستەیەكی سەربەخۆیە ئەركی رێكخستنی كاروباری وەزیفەی گشتی فیدراڵی دەگرێتە ئەستۆ لەدامەزراندنو پلە بەرزكردنەوە، دەبێت ئەنجومەنی نوێنەران یاسایەكی تایبەت دەربكات بۆ دیاریكردنی پێكهاتەو پسپۆڕییەكانی ئەو ئەنجومەنە.

بەپێی ماددەی (١٣٠)ی دەستوور، دادگای سزای باڵای عیراقی دەستەیەكی دادوەری سەربەخۆیەو لەتاوانەكانی سەرانی رژێمی دیكتاتۆری بەعسو دارو دەستەكەی دەكۆڵێتەوە. ئەم دادگایە دوای تەواوبوونی كارەكانی لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە بەیاسا هەڵدەوەشێنرێتەوە.





بەپێی ماددەی (١٣١)ی دەستوور، دەستەی نیشتمانی باڵا بۆ ریشەكێشكردنی بەعس دەستەیەكی سەربەخۆیەو بەئەنجومەنی نوێنەرانەوە پەیوەستە. ئەم دەستەیە بەهاوئاهەنگی لەگەڵ دەسەڵاتی دادوەریو دەزگاكانی جێبەجێكردن كارەكانی جێبەجێ دەكات. بەپێی بڕیارەكانی ئەم دەستەیە پاڵێوراوانی پۆستە باڵاكانی وەك سەركۆمارو سەرۆك وەزیرانو وەزیرەكانو سەرۆكو ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانو پلە باڵاكانی تر نابێت پێشتر ئەندامی دیاری حزبی بەعس بووبن.

دەستەی نیشتمانی باڵای ریشەكێشكردنی بەعس دوای تەواوبوونی كارەكانی، دەكرێت بەدەنگی ٢/٣ی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران هەڵبوەشێنرێتەوە.

بەپێی ماددەی (١٣٢)ی دەستوور، دەستەی داواكاری موڵكدارێتی دەستەیەكی سەربەخۆیەو بەهاوئاهەنگی لەگەڵ دەسەڵاتی دادوەریو دەسەڵاتەكانی جێبەجێكردندا كار دەكات، ئەم دەستەیە بەئەنجومەنی نوێنەرانەوە پەیوەستەو دوای تەواوبوونی كارەكانی ئەنجومەنی نوێنەران دەتوانێت بەدەنگی ٢/٣ی ئەندامانی هەڵیبوەشێنێتەوە.

بەپێی ماددەی (١٠٥)ی دەستوور، بێجگە لەم دەستانە ئەنجومەنی نوێنەران دەتوانێت بەپێی پێویستی بڕیاری دامەزراندنی دەستەی دیكە بدات.

# هەموارکردن لەدەستووری نوێی عیراقدا

دەستور بەدایکی یاساکان دادەنرێتو باڵادەستیو هەژموونی خۆی هەیە، هەموارکردنو گۆڕینی ماددەو بڕگەکانی دەستوری هەمیشەیی وڵات کارێکی قورسەو چەندین ڕێو شوێنی یاسایی پێویستە بۆ ئەوەی گۆرانکاری لەوجۆرە دەستورانەدا بکرێت. لەو چوارچێوەیەدا دارێژەرانی دەستوری نوێی عیراق، چەند ڕێوشوێنێکی یاساییان بۆ هەموارکردنو گۆرانکاری ماددەو بڕگەکانی ئەو دەستورە داناوە. بە پێویستی دەزانین بە خوێنەرانی ئاشنا بکەین.

بەپێی بڕگەی یەکی ماددەی (١٢٢)ی دەستوری نوێ، سەرۆك کۆمارو ئەنجومەنی وەزیران پێکەوە یان ١/٥ی ئەندامانی پەرلەمانی عیراق بۆیان هەیە پێشنیازی هەموارکردنی دەستوور بکەن.

بەپێی بڕگەی دووی ماددەی (١٢٢)ی دەستور تا دوو خولی هەڵبژاردنی یەك لەدوای یەك ڕێگە نادرێت گۆرانکاری لەپرنسیپە بنچینەییەکانی بەشی یەکەمو مافو ئازادیەکانی بەشی دووەمی ئەم دەستورەدا بکرێت.

دوای ئەو دوو خولەی هەڵبژاردنیش هەر هەموارکردنێك پێویستی بە زۆرینەی دەنگی ٢/٣ی ئەندامانی پەرلەمانو ڕەزامەندیی گەل بەراپرسیی گشتیو پەسەندکردنی سەرۆك کۆمار لەماوەی هەفتەیەکدا هەیە.

ئەگەر بە وردی سەیری ئەم بڕگەیە بکەین دەبینین هەموارکردنی ماددەکانی دەستور کارێکی سەختەو ڕەزامەندی زۆرینەی پەرلەمانو ڕاپرسی گشتی گەلو





پەسەندکردنی سەرۆك کۆماری دەوێت. ئەوەش کارێکی قورسو گرانەو هەر هەموارکردنێکی دەستور کۆدەنگییەکی نیشتمانی گەرەکە، دەتوانرێت ئەمە بە زەمانەتێکی دەستوری پاراستنی مافی گەلانو پێکهاتەکانی عیراق دابنرێت.

بەپێی بڕگەی سێی ماددەی (١٢٢)ی دەستور گۆرانکاریو هەموارکردنی ماددەکانی تر کە لەبڕگەی دووی ماددەی (١٢٢)دا باسیان نەکراوە، پێویستی بە ڕەزامەندی ٢/٣ی دەنگی ئەندامانی پەرلەمانو ڕەزامەندی گەل بەراپرسیی گشتیو پەسەندکردنی سەرۆك کۆمار هەیە. ئەمەش هەر قورسی هەموارکردنی دەستورەکە نیشان دەدات.

بەپێی بڕگەی چواری ماددەی (١٢٢)ی دەستورنابێت هیچ هەموارکردنێك بکرێت بۆ ماددەکانی دەستور لەو دەسەڵاتانەی هەرێمەکان کەم بکاتەوە کە ناچنە خانەی دەسەڵاتە حەسرییەکانی دەسەڵاتە فیدراڵییەکانەوە. هەر هەموارکردنێکی ماددەکانی تایبەت بە هەرێمەکان پێویستی بە ڕەزامەندی دەسەڵاتی یاسادانانی هەرێمە پەیوەندیدارەکەو ڕەزامەندی زۆرینەی دانیشتوانەکەی لەرێی راپرسی گشتییەوە هەیە. ئەمەش زەمانەتێکی دیکەی دەستوری پاراستنی دەسەڵاتی هەرێمەکانە.

بەچەند ڕۆژێك بەر لەراپرسی بۆ ڕەشنووسی دەستوری عیراق، چەند گۆرانکارییەك لەرەشنووسی ئەو دەستورەدا کراو لەلایەن پەرلەمانی عیراقەوە پەسەند کرا.

بەپێی ئەو گۆرانکارییە لەدوای هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عیراق بۆ ماوەی چوار مانگ کار بە ماددەی (١٢٢)ی تایبەت بە هەموارکردنی دەستور ناکرێت کە پێشتر ئاماژەمان بە بڕگەکانی کرد. لەدوای چوار مانگەکەو پاش ئەوەی

هەر هەمواركردنێك یەكلایی دەكرێتەوە، ئیدی جارێكی تر كار بە ماددەی (١٢٢)ی دەستور دەكرێتەوە.

بەپێی ئەو گۆرانكارییانەی كە بەر لەچەند رۆژێك لەراپرسی بۆ رەشنووسی دەستور ئەنجام درا، دەبێت پەرلەمانی داهاتووی عیراق لەسەرەتای دەست بەكاربوونیدا لیژنەیەك لەئەندامانی پێك بهێنێ كە نوێنەری پێكهاتە سەرەكییەكانی كۆمەڵی عیراق بن، ئەركی ئەو لیژنەیە ئەوە دەبێت لەماوەی چوار مانگدا راپۆرتێك پێشكەش بە پەرلەمان بكات سەبارەت بەو گۆرانكاریو هەمواركردنە پێویستانەی كە دەیەوێ لەدەستوری عیراقدا بكرێت.

لیژنەكە هەموو هەمواركارییە پێشنیازكراوەكان بەیەكجار دەخاتە بەردەم پەرلەمان بۆ دەنگدان لەسەریو دەبێت زۆرینەی رەهای ئەندامانی پەرلەمان دەنگی لەسەر بدەن ئەنجا بەپەسەند كراو دادەنرێت. دەبێت پەرلەمان ماددە هەمواركراوەكان لەرۆژی پەسەندكردنیەوە تا دوو مانگ بخاتە بەردەم گەلەوە بۆ راپرسی، ئەو هەمواركردنانەش بەپەسەند دادەنرێت كە زۆربەی دەنگدەران لەسەری رازی بنو بەو مەرجەی ٣/٢ی دەنگدەران لەسێ پارێزگا یان زیاتر رەتی نەكەوە.

ئەمەش زەمانەتێكە بۆ هەر یەك لەپێكهاتە سەرەكییەكانی عیراق بەگشتیو گەلی كوردستان بە تایبەتی ئەگەر بێتو ئەو هەمواركردنانەی بە دڵ نەبێت دەتوانێ بە دەنگی ٣/٢ی دەنگدەرانی سێ پارێزگا رەتی بكاتەوە.

* كوردستانی نوێ ژمارە(٣٨٣٦) لە٣٠/١١/٢٠٠٥

بەشی دووەم:

# کوردو دەستوری عیراق

# مافەکانی کورد لەدەستوری نوێی عیراقدا

پاش ئەوەی زۆرینـەی گـەلانی عـیراق لەراپرسیی رۆژی ١٥ی تـشرینی یەکـەمی ٢٠٠٥دا رەشنووسی دەستوری هەمیشەیی نوێی عیراقیان پەسـەند کـرد. دەتـوانین بڵێین لە مێژووی دەوڵـەتی عیراقـدا لـە دوای دەسـتوری سـاڵی ١٩٢٥، ئـەوە دووەم دەستوری هەمیشەییەو هەموو دەستورەکانی دیکەی سەردەمی کۆمـاری دەسـتوری کاتی بوون.

ئەگـەر بـەوردی لەبڕگـەو ماددەکـانی دەسـتوری هەمیـشەیی نـوێ بکۆڵینـەوە، دەبینین لەم دەستورەدا داننـراوە بەبەشـێکی زۆری مـافەکانی گـەلی کوردسـتاندا، ئەوەش بۆ ئەم قۆناغە بەسەرکەوتنێکی گەورە لەقەڵەم دەدرێت.

بۆئەوەی رونتر مافەکانی گەلی کوردستان لـەو دەسـتورەدا ببیـنین ، بەپێویـستی دەزانم ئەگەر بەشێوەیەکی خێراو راگوزاریش بێت، چاوێك بەدەسـتورەکانی پێـشووی عیراقدا بخشێنین‌و بـزانین لـەو دەسـتورانەدا تـا چ رادەیـەك دان بەمافـەکانی گـەلی کوردستاندا نراوە.

## ١- قانونی ئەساسی ساڵی ١٩٢٥

ئەمە یەکەم دەستوری هەمیـشەیی عیراقـە، کەبـەقانونی ئەسـاسی سـاڵی ١٩٢٥ ناسراوە. ئەم دەستورە لەسەردەمی پاشـایەتی و لـەژێر سـایەی ئینتـدابی بـەریتانیا لەساڵی ١٩٢٥ بۆ عیراق نووسراوەکە ئەوکاتە هـەردوو ویلایـەتی بەغـداو بەسـرەی





لەخۆگرتبوو، هێشتا کێشەی ویلایەتی موسڵ یەکلایی نەکرابۆوە. تاروخانی رژێمی پاشایەتی لەساڵی ١٩٢٥ کار بەو دەستورە کراوە.

ئەگـەر بـەوردی سـەیری هـەر ١٢٥ ماددەکـەی ئـەو دەسـتورە بکـەین دەبیـنین چ لەدوورو چ لەنزیك بەهیچ شـێوەیەك ئامـاژەی بـەناوو مافـەکانی گـەلی کوردسـتان نەکردووە. ئەگەر پاساوی ئەوەش ئەوە بێـت ئـەو دەسـتورە لەکاتێکـدا نووسـراوە کـە عیراق تەنها هەردوو ویلایەتی بەغداو بەسرەی لەخۆگرتبوو، هێشتا کێشەی موسـڵ یەکلایی نەکرابۆوەو هەرێمی کوردستان نەخرابوە سەر دەوڵـەتی عـیراق، ئەگـەر ئـەو پاساوە تائەو کاتە راست بێ، دواتر رەوایـەتی نامێنـێ، چـونکەدوای ئـەوە هـەرێمی کوردسـتان خرایـە سـەر عـیراق، کۆمـەڵـەی گـەلان داوایکـرد ئیدارەیـەکی کـوردی لەناوچە کوردنشینەکان دروست بکرێت‌و زمانی کوردی زمانی رەسمی ئـەو ناوچـانە بێت‌و زەمانەتی مـافی کەمینەکان بکرێت‌و کەچی سەرباری ئەو داوایانەی کۆمەڵـەی گـەلان‌و دوای ئـەوەی دووجـار ئـەو دەسـتورە هـەموار کـرا، کەچـی دوای ئـەو هەموارکردنانەش ، هیچ مافێکی کورد لەو دەستورەدا جێی نەکرایەوە.

## ٢- دەستوری کاتی ساڵی ١٩٥٨

ئـەم دەسـتورە لـە ٣٠ مـاددە پێکهـاتووەو یەکـەم دەسـتوری کـاتی سـەردەمی کۆمارییە. ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەم دەستورە لـەماوەی دوورۆژدا لەلایـەن (حسێن جەمیل) یاساناسی عەرەبەوە دانراوە.

ئەوەی لەم دەستورەدا بەخاڵی ئیجابی بۆ کورد لەقەڵەم دەدرێـت ئەوەیـە کـەدانی بەوەدا ناوە کە کوردو عەرەب لە وڵاتی عیراقـدا شـەریکن، ئەمـەش ئاماژەیەکـە بـۆ ئەوەی کـە نەتـەوەی کـورد نەتەوەیـەکی ئەساسییە لەعیراقدا وەك کەمینـە سـەیری نەکراوە. سەرباری ئەو خاڵە ئیجابییە، خاڵێکی دیکەی سلبی ئەو دەستورە بایـەخی ئەو خاڵە ئیجابییەی کەم کردۆتەوە کە دەڵێت عیراق بەشێکە لەنەتـەوەیی عـەرەب ،

ئەم خاڵە گەلی کوردو گەلانی تر وەك عەرەب سەیر دەکات و بەبەشێك لە نەتەوەی عەرەب لەقەڵەمیان دەدات، ئەمەش زوڵمێکی گەورەیە لە کوردو نەتەوەکانی تر چونکە ئەو نەتەوانە نەتەوەی سەربەخۆن‌و سەر بەهیچ نەتەوەیەکی تر نین ئەوە بێجگەلەوەی کە کورد خاوەن خاکی لەمێژینەی خۆیەتی .

### ٣- دەستوری ٢٢ی نیسانی ١٩٦٤و دەستوری ٢٩ی نیسانی ١٩٦٤

ئەم دوو دەستورە هەردووکیان لەماوەی هەفتەیەکدا نووسراون، هەردوو دەستورەکە بەشێوەیەکی تەمومژاوی باسی کوردییان کردووەو پاشەکشەیان لەدەستووری ساڵی ١٩٥٨ کردووە، ئەوە بێجگەلەوەی جەختیان کردۆتەوە کە گەلی عیراق بەشێکە لەنەتەوەی عەرەب.

### ٤- دەستوری ساڵی ١٩٦٨

ئەم دەستورە لەگەڵ هاتنە سەرحوکمی حزبی بەعسدا دانراوە، ئەم دەستورەش بەهەمان تێروانینی نارۆشنی هەردوو دەستوری ساڵی ١٩٦٤ سەیری مەسەلەی کوردی کردووەو فیکری شۆڤینی عەرەبی قوڵتر کردۆتەوەو عیراقی بە دەوڵەتێکی عەرەبی لەقەڵەم داوە، تەنها زمانی عەرەبیشی بەزمانی رەسمی ناسیوە.

### ٥-دەستوری ساڵی١٩٧٠

ئەم دەستورە لەدوای ئیمزاکردنی بەیانی ئازار دەرکراو بە هەموارکردنی دەستوری ساڵی ١٩٦٨دادەنرێت.لەم دەستورەدا سەبارەت بەمافەکانی کورد ئاماژە بەم خاڵانە کراوە:

١- عیراق لەهەردوو نەتەوەی کوردو عەرەب پێك دێت.
٢- بەحساب کێشەی کورد لەسەر ئەساسی حوکمی زاتی چارەسەر دەکرێت.
٣- زمانی کوردی لەپاڵ زمانی عەرەبیدا لەناوچەی بەناوحوکمی زاتی زمانی رەسمییە.





سەرباری ئەو سێ خاڵە ئیجابییە، چەندین خاڵی تری سلبی ئەو دەستورە بایەخی ئەو خاڵانە کەم دەکاتەوەئەوانیش ئەمانەن:

١- عیراق بەشێکە لەنەتەوەی عەرەب.
٢- عیراق یەکپارچەیەو تەنازول لەهیچ بەشێك لەخاکەکەی ناکرێت. ئەم خاڵە زیاتر مەبەستی تەنازول نەکردنە لەهەرێمی کوردستان ، چونکە عیراق لەساڵی ١٩٧٥دا لەرێکەوتننامەی جەزائیردا لەگەڵ ئێران تەنازولی لەخاك و ئاوی عیراق کرد لەشەتولعەرەب .

سەرباری ئەو خاڵە ئیجابیانەی لەدەستوری ساڵی ١٩٧٠دا هاتوون، کەچی لەسایەی ئەو دەستورەدارژێمی بەغدا سیاسەتە دزێوەکانی تەعریب‌و تەهجیرو تەرحیل‌و تەبعیس‌و توانەوەی لەدژی گەلی کوردستان پەیرەو کردووەو کارگەیشتۆتە ئەوەی کە ئەم گەلە ئەنفال بکات‌و چەکی قەدەغەکراوی کیمیاوی لەدژی بەکار بهێنێت.

ئەمەش ئەو راستیە دەردەخات کە هەرچەندە لەو دەستورەدا باسی هەندێ لەمافەکانی گەلی کورد کراوە ، بەڵام لەواقعو جێبەجێکردندا رژێمی دیکتاتۆری بەعس بەپێچەوانەی بنەماکانی دەستورەوە کاری کردووە، ئەمەش ئەو راستیە دەخاتە روو کەعیبرەت لەجێبەجێکردنی برگەو ماددەکانی دەستوردایە.

### ٦- یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراق بۆ قۆناغی گواستنەوە

ئەم یاسایە کە وەك دەستورێکی کاتی وایە، لەدوای پرۆسەی ئازادیی عیراق، لەلایەن نوێنەرانی گەلانی عیراقەوە گفتوگۆو مشتومڕی زۆری لەسەر کراوەو لە٨ی ئازاری ٢٠٠٤دا دەرچووە.

ئەم یاسایە بەوە لەدەستورەکانی دیکەی عیراق جیا دەکرێتەوە کە لەلایەن نوێنەرانی زۆربەی پێکهاتەکانی عیراقەوە دانراوە، بۆیەکەمجاریش لەمێژووی

دارشتنی دەستورەکانی عیراقدا نوێنەرانی گەلی کوردستان بەشداری کاریگەرییان لە دانانو دارشتنی ئەو یاسایەدا کردوبەشێکی زۆری مافەکانی گەلی کوردیان تێدا جێگیرکرد.

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین یاسای بەڕێوەبردن لەهەموو دەستورەکانی پێش خۆی باشترو شارستانی ترە، ئەم یاسایە چەندین خاڵی ئیجابی سەبارەت بەمافەکانی گەلی کوردستان لەخۆگرتووە لەوانە:

١- ئەم یاسایە، وەك دەستورەکانی پێشوو ، لەلایەن کەسێك یاخود حزبولایەنێك بەتەنها دانەنراوە، بەڵکو نوێنەرانی زۆربەی پێکهاتەکانی عیراق بەشدارییان لەدانانو دارشتنیدا کردووە.

٢- ئەم یاسایە سیستمی حوکمڕانی عیراقی لەدەوڵەتێکی مەرکەزییەوە گۆڕی بۆ دەوڵەتێکی فیدراڵی، دیموکراتی، فرەیی، پەرلەمانی .

٣-لەزۆربەی دەستورەکانی پێشوودا، ئاماژە بەوەکراوە کە عیراق دەوڵەتیکی عەرەبییەو بەشێکە لەنەتەوەی عەرەب، بەڵام لەیاسای بەڕێوەبردندا نوسراوە عیراق وڵاتێکی فرە نەتەوەیەولەکوردو عەرەبو تورکمانو کلدۆ ئاشوری پێکهاتووە، هەر لەو یاسایەدا ئاماژە بەوەکراوە کە تەنها گەلی عەرەبی عیراق بەشێکە لەنەتەوەی عەرەب، ئەمەش بەوەرچەرخانێکی گرنگ دادەنرێت ، چونکە دان بەوەدا دەنرێت کە تەنها گەلی عەرەبی عیراق بەشێکە لەنەتەوەی عەرەب ، گەلی کوردو گەلەکانی دیکە بەشێکن لەنەتەوەکانی خۆیان.

٤- خاڵێکی دیکەی ئیجابی کەلەیاسای بەڕێوەبردندا باسی لێوەکراوە ئەوەیە کە بێجگە لەدانانن بەهەردوو گەلی کوردو عەرەبدا ، دانیشی ناوە بە مافە سیاسی و ئیدارییەکانی گەلانی تورکمانو کلدۆ ئاشوریدا، ئەمەش بۆیەکەمجارە ئاماژە بەناوی





ئەو گەلانە بکرێت ، لەدەستورەکانی پێشوودا بە هیچ شێوەیەك ناوی ئەو گەلانە نەهێنراوە.

٥- لەم یاسایەدا زمانی کوردی وەك زمانی عەرەبی بەزمانی رەسمی لەسەرانسەری عیراقدا ناسراوە ، ئەمەش پێشکەوتنێکی دیکەیە لەبواری بەرەسمی ناسینی زمانی کوردیدا، چونکە لەدەستورەکانی پێشوودا لەباشترین حاڵەتدا زمانی کوردییان وەك زمانی رەسمیی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان ناسیوەو لەسەرانسەری عیراقدا زمانی رەسمی نەبووە.بەرەسمی ناسینی زمانی کوردی لەسەرانسەری عیراقدا بایەخێکی گەورەی هەیە لەسەر ئاستی دامودەزگا رەسمییەکانی عیراق و تەنانەت لەدەرەوەی وڵاتیش گرنگی هەیەو بەو پێیە بەرپرسانی کورد دەتوانن لەکۆڕو کۆبوونەوە نێودەوڵەتیەکاندا زمانی کوردی بەکار بهێنن ، لەو چوارچێوەیەدا دەتوانین لێدوانەکانی سەرۆك تاڵەبانی بەزمانی کوردی لەکۆشکی سپیو بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان بەنموونە بهێنینەوە، کە بایەخی گەورەی بەرەسمی ناسینی زمانی کوردی دەخاتەروو.

٦- یاسای بەڕێوەبردن بەرەسمی دانانی ناوە بەحکومەتی هەرێمی کوردستانداو ئەو دانپێنانەش بەحکومەتی هەرێم مانای دانپێدانانە بەهەموو دامودەزگا رەسمییەکانی هەرێمی کوردستان لەئەنجومەنی وەزیرانو پەرلەمانو دەسەڵاتی دادوەری. هەرلەو یاسایەدا رێگە بەحکومەتی هەرێم دراوە کەسەرجەم کاروبارە رەسمییەکان بکات ، تەنها ئەو کارانە نەبێت کەبەکاروباری دەسەڵاتی سیادی ناسراونو حکومەتی فیدراڵی بەغدا ئەنجامیان دەدات.

٧- لەیاسای بەڕێوەبردندا رێگە بەوە دراوە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرپەرشتی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆو پۆلیس بکات. بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە هیچ ئاماژەیەکی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستان نەکردووەو بەرەسمی نەناسێنراوە.

٨- بەپێی یاسای بەڕێوەبردن، پەرلەمانی کوردستان دەسەڵاتی ئەوەی هەیە کە هەر بڕیارو یاسایەکی پەرلەمانی عیراق هەموار بکات، تەنها ئەو یاسایانە نەبێت کەپەیوەندییان بەمەسەلە سیادییەکانەوە هەیە.

سەرباری جێگیرکردنی ئەو مافانە بۆگەلی کوردستان لەو یاسایەدا ، چەند مافێکی تری ماوە کەهێشتا بەدینەهاتوون، ئەویش گەڕانەوەی کەرکوك‌و ناوچەکانی ترە بۆ ئامێزی هەرێمی کوردستان.

هەرچەند کێشەی کەرکوك‌و ناوچەکانی تر لەماددەی ٥٨ی یاسای بەڕێوەبردندا چارەسەری گونجاوی بۆ دۆزراوەتەوەو دەبوو ئەو ماددەیە لەکاتی حکومەتی گواستنەوەدا جێبەجێ بکرایە، بەڵام بەداخەوە لەو کاتەدا جێبەجێ نەکراو چەندین گرفت‌و ئاستەنگی بۆ دروستکرا. دواتر ماددەی ٥٨ کراوە بەحوکمێکی ئینتقالی‌و لەدەستوری هەمیشەییدا جێگیرکراوبەو پێیە دەبێت تاکۆتایی ساڵی ٢٠٠٧ ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێت.

## ٧ - دەستوری هەمیشەیی ٢٠٠٥

ئەم دەستورە جیا لەهەموو دەستورەکانی دیکەی عیراق، وەك دەستوری هەر وڵاتێکی دیموکراسی لەدانانیەوە تاپەسەندکردنی هەموو هەنگاوە یاساییەکانی بڕیوە.

ئەم دەستورە بێجگە لەوەی لەژێر چاودێری نەتەوەیەکگرتووەکان و کۆمەڵەی نیشتمانی عیراق‌و لیژنەیەکی تایبەتدا نووسراوەو نوێنەرانی زۆربەی پێکهاتەکانی عیراق بەشدارییان لەدارشتنیدا کردووە. زۆرینەی گەلانی عیراقیش لەراپرسییەکی دیموکراسیدا دەنگیان بەو دەستورە داوەو پەسەندییان کردووە.ئەمە بۆ یەکەمجارە لەمێژووی عیرقدا دەستورێك بۆ وڵات بەو شێوازە دیموکراسییە دابنرێت، بۆیە





دەتوانین ئەم دەستورە بەیەکەم دەستوری هەمیشەیی دیموکراسی‌و متمانە پێدراوی گەلانی عیراق لەقەڵەم بدەین.

بەپێویستی دەزانم ئاماژە بەو ماف‌و دەستکەوتانە بکەم کە بۆ گەلی کوردستان لەم دەستورەدا جێگیر کراون لەوانە:

١- لەماددەی یەکی ئەم دەستورەدا جەخت لەوە کراوەتەوە کە سیستمی حوکمرانی عیراق کۆماری، پەرلەمانی ، دیموکراسی، فیدرالی دەبێت. بێگومان لەسایەی دەوڵەتیکی لەو جۆرەدا گەلی کوردستان بەخەباتی نوێی سەردەم و دیموکراسی دەتوانێ بەسەرجەم مافەکانی بگات.

٢- لەماددەی سێی ئەم دەستورەدا ئاماژە بەوەکراوە کە عیراق وڵاتێکی فرە نەتەوەو فرەئایین‌و ئاینزایە، ئەمەش بەرەسمی ناسینی سەرجەم پێکهاتەکانی عیراقە کەلەدەستورەکانی پێشووی سەردەمی پاشایەتی و کۆماریدا هیچ ئاماژەیەکی لەو جۆرەی تێدا نییە زۆربەی ئەو دەستورانەی پێشو عیراق بەوڵاتێکی عەرەبی یاخود بەبەشێك لە نەتەوەی عەرەب لەقەڵەم دەدەن، لەم دەستورە نوێیەدا شتی ئەوتۆی تێدا نییە تەنها ئەوە نەبێت کە عیراق وەك وڵاتیکی ئیسلامی بەبەشێك لەجیهانی ئیسلامی و ئەندامی دامەزرێنەرو کارای کۆمەڵەی دەوڵەتانی عەرەبی لەقەڵەم دەدات‌و رێز لەمیساقەکەی دەگرێت.

٣- لەماددەی چواری ئەم دەستورەدا زمانی کوردی لەپاڵ زمانی عەرەبییدا بەزمانی رەسمی لەسەرانسەری عیراقدا ناسراوە، ئەمەش بایەخی خۆی لەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەوە هەیە وەك پێشتر بەدرێژی باسی ئەو بایەخەمان کرد.

ئەوەی جێگەی سەرنجە لەم دەستورەدا زمانی تورکمانی‌وسریانیش بەدوو زمانی رەسمی ناسراون لەو یەکە ئیدارییانەدا کە چڕی دانیشتوانەکەی پێك دەهێنن.ئەمەش بۆ یەکەمجارە لەدەستورێکی عیراقدا ئەو دوو زمانە بەرەسمی بناسرێن. هەرلەو

چوارچێوەیدا هەر هەرێم پارێزگایەك بۆیان هەیە زمانی ناوچەییان بەرەسمی بناسرێت، ئەگەر زۆرینەی خەڵکی ئەو هەرێم و پارێزگایە بەراپرسی گشتی بڕیاری لەسەر بدەن.

٤- ماددەی شەشی دەستورەکە جەخت لەوە دەکاتەوە کە دەستاو دەستکردنی دەسەڵات ئاشتیانەو بەو رێگە دیموکراسیانە دەبێت کە لەدەستورەکەدا دیاریکراون. ئەمەش زەمانەتێکی گەورەیە و رێگە لەهەر هێزو لایەنێك دەگرێت کە بیەوێ لە رێی کودەتاو توندوتیژییەوە دەسەڵاتی سیاسی بگرێتە دەست‌و حوکمی تاکرەوی‌ودیکتاتۆری پەیرەو بکات.

٥- بەپێی برگەی یەکی ماددەی حەوتی دەستورەکە ، رێگە بەهیچ قەوارەو رێبازێك نادرێت پەیرەوی سیاسەتی رەگەزپەرستی یاتیرۆریزم یا تەکفیر یا پاکتاوی تایفەگەری بکات ، هەر لەو چوارچێوەیەدا رێگە بەبەعسی سەدامی نادرێت لەژێر هەر ناوێکدا کاربکات . ئەمەش زەمانەتێکی دیکەی دەستورییە کە رێگە بەو هێزو لایەنە دزێوانە نادات جارێکی تر بێنەوە سەر شانۆی سیاسی.

بەپێی برگەی دووی ماددەی حەوتی دەستور ، دەوڵەتی عیراق پابەند دەبێت بەشەری تیرۆرو رێگە بەوە نادات کە خاکەکەی ببێتە بارەگا یا رێرەو یا گۆرپانی چالاکییەکانی تیرۆریستان.

بەپێی ئەم برگەیەی دەستوور، عیراق خۆی پابەند کردووە کەدژایەتی تیرۆر بەهەموو شێوەیەك بکات، ئەوەش پەیامێکی بەهێزە بۆ تیرۆریستان و ئەوانەی پشتگیرییان دەکەن کە بەهیچ جۆرێك لەعیراق جێیان نابێتەوە.

٦- بەپێی برگەی یەکی ماددەی نۆی دەستور، سوپاو ئاسایش بەشێوەیەکی هاوسەنگ لەپێکهاتەکانی گەلانی عیراق پێك دێت‌و سوپا لەژێر دەسەڵاتی مەدەنیدا دەبێت‌و بەرگری لەعیراق دەکات نابێتە ئامرازی سەرکوتکەری گەلانی





عیراق و دەست لەکاروباری سیاسی وەرنادات ورۆڵی لە دەستاودەستکردنی دەسەڵاتدا نابێت.

ئەم برگەیەی دەستور زەمانەتێکی تر بەژیانی دیموکراسی دەبەخشێت‌و رێگە لەسوپا دەگرێت وەك سەردەمی دیکتاتۆری گەل سەرکوت بکات و دەست لەکاروباری سیاسی وەربدات. لەوچوارچێوەیەدا گەلی کوردستان لە هەموو نەتەوەو پێکهاتەکانی دیکە زیاتربەدەستی سوپا زەرە مەند بووە، ئەم برگەیەی دەستور رێگە لە دووبارە بوونەوەی ئەو نەهامەتیانە دەگرێت.

٧- یەکێك لەئیجابیاتەکانی دیکەی ئەم دەستورە ئەوەیە کە دەسەڵاتەکانی یاسادانان‌و جێبەجێکردن‌و دادوەری لەیەکتری جیاکردۆتەوە، هەر دەسەڵاتە سەربەخۆیی خۆی هەیەو ئەوەش زەمینەی ژیانی دیموکراسی دەچەسپێنێ‌و رێگە لە دیکتاتۆری دەگرێت.

٨- بەپێی ئەم دەستورە دەسەڵاتی یاسادانان لەدوو ئەنجومەن پێك دێت، ئەوانیش ئەمانەن:

١- ئەنجومەنی نوێنەران:ئەم ئەنجومەنە لەنوێنەرانی سەرجەم گەلانی عیراق پێك دێت‌و هەر ١٠٠٠٠٠ کەس یەك نوێنەریان لەو ئەنجومەنەدا دەبێت کە لە ٢٧٥ ئەندام پێك دێت.

٢ـ ئەنجومەنی فیدراڵی: ئەم ئەنجومەنە نوێنەرایەتی هەرێمەکان‌و ئەو پارێزگایانە دەکات کە لەچوارچێوەی هەرێمێکدا رێك نەخراون.

بوونی ئەنجومەنی فیدراڵی زەمانەتێکە بۆ پاراستنی مافی هەرێمەکان یاخود ئەو پارێزگایانەی کە لەچوارچێوەی هەرێمێکدا رێك نەخراون.

چونکە هەموو بەیەکسانی نوێنەریان لەو ئەنجومەنەدا هەیەو گەورەیی‌و زۆری ژمارەی دانیشتوانی هەرێمەکە یاخود پارێزگاکە کاریگەری ئەوتۆی نییە.

ئەم ئەنجومەنە بۆ هەرێمی کوردستان بایەخی تایبەتی هەیە، چونکە دەتوانرێت بەرگری لەمافەکانی گەلی کوردستان لەو ئەنجومەنەدا بکرێت.

٩ـ بەپێی ماددەی (١٠٢)ی دەستور دەستەیەکی گشتی دادەمەزرێت لەنوێنەرانی حکومەتی فیدراڵی‌و هەرێمەکان‌و پارێزگاکانی رێکنەخراو لەهەرێمدا بۆ زامنکردنی مافی هەرێمەکان‌و ئەو پارێزگایانەی کە لەچوارچێوەی هەرێمێکدا رێك نەخراون.

ئەرکی ئەم دەستەیە ئەوەیە کە هەرێم‌و پارێزگاکان بەشێوەیەکی دادپەروەرانە لەدامودەزگاکانی دەوڵەتی فیدراڵی‌و نێردەو زەمالاتی خوێندن‌و وەفدو کۆنگرە هەرێمایەتی‌و نێودەوڵەتیەکان بەشداری بکەن.

دامەزراندنی ئەم دەستەیە گشتییە بەپێی ئەم دەستورە، زەمانەتێکی دەستورییە بۆ ئەوەی مافی هەرێم‌و پارێزگاکان زامن بکرێت.

لەو چوارچێوەیەدا دەتوانرێت مافەکانی گەلی کوردستان لەرێی نوێنەرانی هەرێمی کوردستان لەو دەستە گشتیەدا زامن بکرێت.

١٠ـ بەپێی ماددەی (١٠٣)ی دەستور، دەستەیەکی گشتی لەشارەزایانی حکومەتی فیدراڵی‌و هەرێمەکان‌و پارێزگاکان پێك دێ، ئەرکی ئەم دەستەیە چاودێریکردن‌و تەرخانکردنی داهاتی فیدراڵییە.

ئەرکەکانی ئەو دەستەیە ئەمانەیە:

١ـ دڵنیا بوون لە بەعەدالەت دابەشکردنی بەخشین‌و یارمەتی‌و قەرزی نێودەوڵەتی بە پێی پشکی هەر هەرێم‌و پارێزگایەك کە لەهەرێمێکدا رێکنەخراون.

٢ـ دڵنیا بوون لەبەکارهێنان‌و دابەشکردنی دەرامەتی فیدراڵی بە باشترین شێوە.





٣ـ زامنکردنی روونی‌و ئاشکرایی‌و دادپەروەری لەتەرخانکردنی سامانەکان بۆ حکومەتی هەرێمەکان یان ئەو پارێزگایانەی لەهەرێمێکدا رێك نەخراون بە گوێرەی ئەو رێژەیەی کە بڕیاری لەسەر دراوە.

ئەگەر بەوردی سەیری ئەرکەکانی ئەم دەستەیە بکەین دەبینین وەك چاودێروان بەسەر حکومەتی فیدراڵی‌و حکومەتی هەرێمەکان‌و ئەو پارێزگایانەی لەچوارچێوەی هەرێمێکدا رێك نەخراون بۆ ئەوەی بە دادپەروەری‌و روونی‌و ئاشکرایی داهاتەکان دابەش بکرێ‌و هەموان لێی سوودمەندبن، ئەمەش زەمانەتێکی دیکەی دەستوورییە کە هاوسەنگی نێوان حکومەتی فیدراڵی‌و هەرێم‌و پارێزگاکان رادەگرێت.

١١ـ بەپێی ماددەی (١١٢)ی دەستور سیستمی کۆماری عیراق سیستمێکی فیدراڵییەو لەپایتەخت‌و هەرێمەکان‌و پارێزگا نامەرکەزییەکان بەرێوەبەرایەتیە خۆجێییەکان پێك دێت.

ئەوەی جێگەی سەرنجە لەعیراقدا تەنها هەرێمی کوردستان هەرێمێکی فیدراڵییەو خاوەن دام‌و دەزگا رەسمیەکانی سەرۆکایەتی هەرێم‌و پەرلەمان‌و ئەنجومەنی وەزیران‌و دەسەڵاتی دادوەرییەو هیچ هەرێمێکی دیکەی لەو شێوەیە نییە.

هەرێمی کوردستان بەپێی یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عیراق بۆ قۆناغی گواستنەوە بەرەسمی ناسێنراوەو دان بە هەموو دامودەزگاکانیدا نراوە، ئەوەی جێگەی خۆشحاڵیە ئەوەیە کە لەدەستوری هەمیشەییشدا دان بە هەرێمی کوردستاندا نراوەو لەو چوارچێوەیەدا برگەیەکی ماددەی (١١٣)ی دەستورەکە ئاماژە بەوە دەکات کە لەکاتی جێبەجێکردنی دەستوردا هەرێمی کوردستان بە هەموو دەسەڵاتەکانی ئێستایەوە بە هەرێمێکی فیدراڵ دادەنرێت.

ئەمەش دانپێدانانێکی روونو ئاشکرایە بە دامەزراوە رەسمییەکانی هەرێمی کوردستانداو ئەم هەرێمە لەسایەی دەستووری هەمیشەیشدا هەمان پێگەو دەسەڵاتی یاسایی خۆی دەبێتو تایبەتمەندییەکانی پارێزراو دەبێت.

بەپێی بڕگەی دووەمی ماددەی (١١٣)ی دەستور، دەستورەکە زەمینە خۆش دەکات بۆ ئەوەی هەرێمی دیکەی فیدراڵی دروست بکرێتو لەو چوارچێوەیەدا دەستورەکە دان بەو هەرێمە نوێیانەدا دەنێت کە بەپێی حوکمەکانی دادەمەزرێن.

هەر بەپێی ماددەی (١١٤)ی دەستور، زەمینە دەرەخسێنرێت بۆ پێکهێنانی هەرێمەکانو دەبێت ئەنجومەنی نوێنەران لەماوەیەکدا کە لەشەش مانگ تێپەڕ نەکات لەیەکەم رۆژی دانیشتنیەوە، یاسایەکی تایبەت دەربکات بەدەنگی زۆرینەی سادەی ئەندامانی بۆ دیاریکردنو دانانی رێو شوێنی تایبەت بۆ پێکهێنانی هەرێمەکان.

ئەگەر بەووردی سەیری ماددەی (١١٤)ی دەستوور بکەین دەبینین دەستورەکە ئەنجومەنی نوێنەران  پابەند دەکات کە یاسای پێکهێنانی هەرێمەکان دەربکات. بەو مەرجەی لەشەش مانگ تێپەڕ نەکات، هەروەها پێکهێنانی ئەو هەرێمانە بە دەنگی سادەی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران دەبێت، ئەمەش خۆی لەخۆیدا ئاسانکاری یاسادانەرە بۆ ئەوەی بەئاسانیو لەماوەیەکی کورتدا هەرێمەکانی دیکە پێك بێن.

ماددەی (١١٥)ی دەستورەکە جارێکی تر ئاسانکاری نیشان دەدات بۆ ئەوەی هەرێمی دیکە پێك بهێنرێتو ئەو ماددەیە ئاماژە بەوە دەکات هەر پارێزگایەك یاخود زیاتر مافیان هەیە هەرێم پێك بهێنن بەو مەرجەی راپرسی لەسەر بکرێت بەیەکێك لەم دوو رێگایە:ـ





١ـ بە داوای ١/٣ی ئەندامانی هەر ئەنجومەنێك لەئەنجومەنەکانی ئەو پارێزگایانەی دەیانەوێت هەرێم پێك بهێنن.

٢ـ بە داوای ١/١٠ی دەنگدەران لەو پارێزگایانەی دەیانەوێت هەرێم پێك بهێنن.

بێگومان ئەم ماددەیەش ئاسانکاری نیشان دەدات بۆ ئەوەی هەرێمی تر دروست بکرێت.

١٢ـ بەپێی ماددەی (١١٦)ی دەستورەکە، هەر هەرێمێك سەربەستە لەوەی دەستورێك بۆ خۆی دابنێتو لەو دەستورەدا دەسەڵاتو ئەرکەکانیو شێوازەکانی کارپێکردنی دیاری بکات بەمەرجێك ناکۆك نەبێت لەگەڵ دەستوری هەمیشەیی. بەپێی ئەم ماددەیەش دەتوانرێت دەستوری هەرێمی کوردستان دابنرێتو ئەرکو دەسەڵاتەکانی هەرێم دیاری بکرێت.

١٣ـ بەپێی بڕگەیەکی ماددەی (١١٧)ی دەستور، هەرێمەکان مافی ئەوەیان هەیە دەسەڵاتەکانی یاسادانانو جێبەجێکردنو دادوەرییان پیادە بکەن تەنها دەسەڵاتە حەسرییەکانی دەسەڵاتی فیدراڵی نەبێت. بەپێی بڕگەیەکی ئەم ماددەیە هەرێمی کوردستان هەموو دەسەڵاتەکانی یاسادانانو جێبەجێکردنو دادوەری دەبێت.

بەپێی بڕگەی دووی ماددەی (١١٧)ی دەستور، پەرلەمانی هەر هەرێمێك مافی هەموارکردنی یاسای پەرلەمانی فیدرالی هەیە، بەمەرجێك لەتایبەتمەندییە حەسرییەکانی دەسەڵاتی فیدراڵی نەبێت. بەپێی ئەم بڕگەیە پەرلەمانی کوردستان دەتوانێت هەر یاسایەکی پەرلەمانی عیراق هەموار بکات بەمەرجێك لەدەسەڵاتە سیادییەکان نەبێت.

بەپێی بڕگەی سێیەمی ماددەی (١١٧)ی دەستور لەداهاتە دەستکەوتووەکانی حکومەتی فیدراڵ بەشێکی دادپەروەرانە بۆ هەرێمو پارێزگاکان تەرخان دەکرێت

بەرەچاوکردنی داهاتو پێداویستیو ڕێژەی دانیشتوان. ئەم بڕگەیەش زەمانەتێکی دیکەی دەستورییە کە داهاتەکانی حکومەتی فیدراڵی بەغدا بەشێوەیەکی دادپەروەرانە بۆ هەرێمو پارێزگاکان دابەش بکرێت، لەو روانگەیەوە دەتوانرێت داوای بەشی عادیلانەی هەرێمی کوردستان لەداهات بکرێت.

بەپێی بڕگەی چوارەمی ماددەی (١١٧)ی دەستور هەرێمو پارێزگاکان نوسینگەیان دەبێت لەباڵوێزخانەو نێردە دبلۆماسییەکاندا بۆ بەدواداچوونی کاروباری رۆشنبیریو کۆمەڵایەتیو بوژاندنەوەی ناوچەیی. بەپێی ئەم بڕگەیە هەرێمی کوردستان مافی خۆیەتی کە نوسینگەو نوێنەری لەهەموو باڵوێزخانەو نێردە دبلۆماسیەکان هەبێت بۆ پتەوکردنی پەیوەندی رۆشنبیریو کۆمەڵایەتیو بوژانەوەی هەرێم.

بەپێی بڕگەی پێنجەمی ماددەی (١١٧)ی دەستور هەرێمەکان مافی خۆیانە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی خۆیان هەبێت لەپۆلیسو ئاسایشو پاسەوانی هەرێم. بەپێی ئەم بڕگەیە دان بەهەموو هێزەکانی ناوخۆی هەرێمی کوردستاندا نراوەو هەرێمی کوردستان مافی خۆیەتی هێزەکانی پۆلیسو ئاسایشو پێشمەرگەی هەبێت کە لەو بڕگەیەدا لەجیاتی وشەی پێشمەرگە پاسەوانی هەرێم هاتووە، ئەمەش لەبەرئەوەیە کە دەستورەکە بۆ سەرانسەری عێراق دانراوە. لەهەرێمی کوردستان دەتوانرێت هێزی پێشمەرگە لەژێر ناوی پاسەوانی هەرێم رێك بخرێتەوە.

١٤ـ بەپێی ماددەی (١٣٧)ی دەستور، ئەو یاسایانەی لەساڵی (١٩٩٢) بەدواوە لەهەرێمی کوردستان دەرچوونو هەموو بڕیارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کاریان پێدەکرێت. ئەم ماددەیەش داننانە بەشەرعیەتی هەموو یاساو بڕیارەکانی هەرێمی کوردستان کە لەدوای ساڵی ١٩٩٢وە دەرچوونو بەیاسایی لەقەڵەمیان دەدات.





١٥ـ بەپێی بڕگەیەکی ماددەی (١٣٦)ی دەستور، دەبێت دەسەڵاتی جێبەجێکردن هەموو هەنگاوێکی پێویست بگرێتەبەر بۆ جێبەجێکردنی هەموو بڕگەکانی ماددەی (٥٨)ی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە کە تایبەتە بەچارەسەرکردنی کێشەی کەرکوكو ناوچەکانی تر کە کێشەیان لەسەرە.

بەپێی بڕگەی دووی ماددەی (١٣٦)ی دەستور دەبێت دەسەڵاتی جێبەجێکردن ماددەی (٥٨)ی یاسای بەڕێوەبردن جێبەجێ بکاتو دەبێت ئەم کارانە تا ٣١/١٢/٢٠٠٧ ئەنجام بدات (ئاساییکردنەوە، سەرژمێری، راپرسی لەکەرکوكو ئەو ناوچانەی کەکێشەیان لەسەرە). ئەگەرچی ماددەی (٥٨)ی یاسای بەڕێوەبردن دەبوو لەسەردەمی حکومەتی گواستنەوەدا جێبەجێ بکرایە، بەڵام بەداخەوە ئەنجام نەدرا، هەر بۆیەش دانانی بەماددەیەکی دەستووری هەمیشەیی هەمان ئەو پابەندییانە دەخاتە سەرشانی حکومەتی داهاتووی عیراقو دەبێت تا کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧ جێبەجێی بکات.

ئەگەرچی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقو پاشکۆکەی لەدوای پەسەندکردنی دەستوری هەمیشەییو دەستبەکاربوونی حکومەتی نوێ هەڵدەوەشێتەوە، بەڵام لەماددەی (١٣٨)ی دەستورەکەدا ئاماژە بەوە دەکات کە ماددەی (٥٨) دەمێنێتەوە.

ئەگەر ئەم دەستورە نوێیەی عێراق بەراورد بکەین بە هەموو دەستورەکانی پێشوو، دەبینین لەهەموویان زیاتر مافەکانی گەلی کوردستانی بەرجەستە کردووەو ئەو مافانەی لەم دەستورەدا دابین کراوە لەهیچ دەستورێکی پێشوودا بەدی ناکرێت، بۆیە دەکرێت بڵێین ئەو مافانەی لەم دەستورەدا بەدەست هاتووە سەرکەوتنێکی گەورەیە بۆ ئەم قۆناغە هەستیارەی عێراقو کوردستان.

## سەرچاوەکان

١ ـ شورش حسن عمر، حقوق الشعب الكردى في الدساتير العراقيه، منشورات مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية ـ ٢٠٠٥

٢ـ قانون ادارة الدولة العراقيه للمرحلة الأنتقالية.

٣ـ رەشنووسی دەستوری کۆماری عیراق.

* گۆڤاری نۆڤین ژمارە(٤و٥)تشرینی دووەمی ٢٠٠٥





# بایەخی بەڕەسمی ناسینی زمانی کوردی

ئەگەر بەوردی سەیری هەموو دەستورەکانی سەردەمی پاشایەتیو کۆماری بکەین، دەبینین زۆربەی ئەو دەستورانە تەنها زمانی عەرەبییان بەزمانی رەسمی سەرانسەری عیراق ناسیوە. لەباشترین حاڵەتدا زمانی کوردی زمانی ناوخۆیی ناوچەی بەناو حوکمی زاتی بووە!

لەدوای پرۆسەی ئازادیی عیراق تێزو تێڕوانینی نوێ سەبارەت بەو مەسەلەیە هاتە گۆڕێو بۆ یەکەمجار لەمێژووی عیراقداو لەیاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا زمانی کوردی لەپاڵ زمانی عەرەبیدا وەك زمانی رەسمی سەرانسەری عیراق ناسرا. ئەوە بێجگە لەوەی کە داننرا بەزمانی تورکمانیو سریانیو ئەرمەنیشدا، ئەوەش بەوەرچەرخانێکی گرنگ دادەنرێت، چونکە بۆ یەکەمجار بوو لەدەستورێکی عیراقیدا دان بەو زمانانەدا بنرێت، پێشتر هیچ دەستورێکی عیراق بەهیچ شێوەیەك باسی ئەو زمانانەی نەکردبوو.

ئەگەرچی بەپێی یاسای بەڕێوەبردن زمانی کوردی زمانی رەسمی بووەو دەبوو لەبوارەکانی رۆژنامەی رەسمی (الوقائع العراقیة)و دامودەزگا رەسمیەکانی وەك ئەنجومەنی نیشتمانیو ئەنجومەنی وەزیرانو دادگاکانو کۆنگرە رەسمیەکانو دەرکردنی بەڵگەنامە رەسمیەکانو بوارەکانی دیکەی وەك (پارە، پاسپۆرت، پول) لەپاڵ زمانی عەرەبیدا زمانی کوردیش بەرەسمی بەکاربهاتایە، کەچی بەداخەوە سەبارەت بەڕەسمی ناسینی زمانی کوردی لەیاساکەدا وەك پێویست بایەخی

پێنەدراو زیاتر زمانی عەرەبی بە پلەی یەك بەکارهات. ئەگەر سەیری ماددەی چواری دەستوری هەمیشەیی عیراق بکەین دەبینین بەهەمان شێوەی یاسای بەڕێوەبردن زمانی کوردی لەپاڵ زمانی عەرەبیدا بەزمانی رەسمی سەرانسەری عیراق ناسیوە، هەروەها دانیشی ناوە بەزمانەکانی تورکمانیو سریانیو ئەرمەنیو رێگەی داوە بەو گەلانە بەو زمانانە رۆڵەکانیان بخوێنن. هەروەها زمانی تورکمانیو سریانی بەدوو زمانی رەسمی داناوە لەو یەکە کارگێڕییانەی کە زۆرینەی دانیشتوان پێك دەهێنن. هەر لەم یاسایەدا رێگە بەهەر هەرێمو پارێزگایەك دراوە کە زمانی ناوچەییان بەزمانی رەسمی بناسرێت بەمەرجێ زۆرینەی دانیشتوانی ئەو هەرێمو پارێزگایە لەڕێی راپرسییەوە بڕیاری لەسەر بدەن.

وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتو دەستوری نوێی عیراقیش زمانی کوردییان بەزمانی رەسمی سەرانسەری عیراق ناسیوە. ئایا ئەم بەڕەسمی ناسینەی زمانی کوردی هیچ بایەخێکی هەیە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێین بەڕەسمی ناسینی زمانی کوردی لەسەر ئاستی ناوخۆی عیراقو لەسەر ئاستی دەرەوەش بایەخی خۆی هەیە.

لەسەر ئاستی ناوخۆ بەڕەسمی ناسینی زمانی کوردی بەمانای بەڕەسمی ناسینی گەلێکە وەك پێکهاتەیەکی ئەساسی کۆمەڵگەی عیراقو هاوشانیو یەکسانی گەلی عەرەبییە. لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش بەڕەسمی ناسینی زمانی کوردی بایەخی گەورەی هەیەو بەرپرسانی کورد لەکۆڕو کۆبوونەوە نێودەوڵەتیەکاندا دەتوانن بەو زمانە قسە بکەنو لەو بارەیەوە دەتوانین لێدوانەکانی بەڕێزان مام جەلالو مەسعود بارزانی بەزمانی کوردی لەکۆشکی سپی بەنموونە بهێنینەوە. کە بەڕوونی بایەخی بەڕەسمی ناسینی زمانی کوردی دەخەنەڕوو.

* کوردستانی نوێ ژمارە(٣٨٦٣)لە٣/١/٢٠٠٦





# بایەخی یەکگرتنەوەی ئیدارەکان لەڕوانگەی دەستوورەوە

پاش نزیکەی ١٢ ساڵ لەدابڕان، بەهەوڵو ماندووبوونێکی زۆری ناوخۆییو دەرەکی، بڕیاری یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکەی هەرێمی کوردستان دراو رێکەوتننامەی یەکگرتنەوە لەپەرلەمانی کوردستان ئیمزاکرا. ئەم ڕێکەوتننامەیە بەسەرکەوتنێکی گەورەی سەرکردایەتی سیاسی گەلی کوردستان لەم قۆناغە هەستیارەدا لەقەڵەم دەدرێتو خزمەتێکی زۆر بەئایندەی سیاسی هەرێمی کوردستان دەکاتو ڕەنگدانەوەی ئیجابی بەسەر هەموو بوارەکانەوە دەبێت، ئێمە لەگۆشەنیگای یاساییو لەبەر ڕۆشنایی دەستووری عیراقدا بایەخی ئەم یەکگرتنەوەیە ڕاڤە دەکەین.

بەپێی دەستووری عیراق، سیستمی حوکمڕانی سیستمێکی فیدڕاڵییە، ئەم دەستوورە هەرێمی کوردستانی وەك هەرێمێکی فیدڕاڵ بەڕەسمی ناسیوەو ئاماژەی بەوەکردووە کەلەگەڵ جێبەجێکردنو کارکردن بەدەستوورەکە کەدەکەوێتە دوای پێکهێنانی حکومەتی نوێی عیراق، هەرێمی کوردستان وەك هەرێمێکی فیدڕاڵ بەهەموو دەسەڵاتەکانیەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، ئەمەش بەرەسمی ناسینی یاساییو دەستووری ئەم هەرێمەیە.

هەربەپێی بڕگەیەکی دیکەی دەستووری عیراق، هەرێمی کوردستان مافی خۆیەتی دەسەڵاتەکانی یاسادانانو جێبەجێکردنو دادوەری پیادەبکات بەدەر لەدەسەڵاتە حەسرییەکانی دەسەڵاتی فیدڕاڵی. بەوپێیەش هەرێمی کوردستان مافی

دەستووری خۆیەتی کە دەسەڵاتەکانی (سەرۆکایەتی هەرێم، پەرلەمان، ئەنجومەنی وەزیران، دادوەری) تایبەت بەخۆی هەبێت. هەربەپێی دەستووری عیراق، هەرێمی کوردستان مافی خۆیەتی بەپێی پێویستو ڕێژەی دانیشتوانی بەشێوەیەکی دادپەروەرانە پشکی لەداهاتەکانی دەسەڵاتی فیدراڵی بەغداهەبێت، ئەوە بێجگە لەوەی کەدەبێت ڕەچاوی ئەوەبکرێت کە ئەم هەرێمە لەسەردەمی حوکمی ڕژێمی دیکتاتۆریدا زیانی گەورەی لێکەوتووەو دەبێت بۆماوەیەکی دیاریکراو بەپشکێکی دیاریکراو قەرەبوو بکرێتەوە.

هەربەپێی ئەو دەستوورە، لەباڵیۆزخانەو نێردە دبلۆماسیەکاندا هەرێمی کوردستان نوسینگەی ڕۆشنبیریو کۆمەڵایەتیو بوژانەوەی ناوچەیی دەبێت.

بەپێی بڕگەیەکی دیکەی دەستوور، هەموو بوارەکانی بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستان لەڕووی دروستکردنو ڕێکخستنی هێزەکانی ئاسایشی هەرێم وەك پۆلیسو ئاسایشو پاسەوانی هەرێم، لەدەسەڵاتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دەبێت.

هەر بەپێی ئەم دەستوورە، هەرێمی کوردستان مافی ڕەوای خۆیەتی کەدەستورێکی تایبەت بۆخۆی دابنێت کەدەسەڵاتو ئەركو شێوازەکانی کارکردنی تێدا ڕێك بخات بەمەرجێك لەگەڵ دەستووری عیراقدا ناکۆك نەبێت. ئەوانەی کە ئاماژەمان پێکردن ئەو ڕاستیە بەڕوونی دەردەخەن کەلەدەستووری عیراقدا لەچەندین شوێندا ئاماژە بەهەرێمی کوردستان کراوە وەك هەرێمێکی فیدراڵ بەڕەسمی دانی پێدانراوە. ئەگەر بەوردی سەیری ئەو ماددەو بڕگانەی دەستووری عیراق بکەین دەبینین هەرێمی کوردستانو دامو دەزگا ڕەسمییەکانی وەك یەك هەرێمو یەك دامودەزگای سەرانسەری ناسیوە.





هەربۆیەش بوونی دوو حکومەت لەهەرێمی کوردستاندا کێشەیەکی یاساییو دەستووری بوو.

یەکگرتنەوەی ئیدارەکانی هەرێم کۆتایی بەوکێشەیە دەهێنێو پێگەی هەرێمی کوردستان بەهێز دەکات. لەلایەکی ترەوە یەکگرتنەوەی ئیدارە، دامودەزگا دەستوریو ڕەسمییەکانی یاسادانانو جێبەجێکردنو دادوەری هەرێمی کوردستان بەرجەستەوکارا دەکات، لەوچوارچێوەیەدا دامودەزگا دەستوورییەکانی وەك (سەرۆکایەتی هەرێم، پەرلەمان، ئەنجومەنی وەزیران، دەسەڵاتی دادوەری) لەسنوری دەسەڵاتی خۆیانداو بەهاوکاری یەکتر کارەکانیان لەسەرانسەری هەرێمدا ئەنجام دەدەن، هەموو یاساو بڕیارو ڕاسپاردەکان لەسەر ئاستی هەرێم جێبەجێ دەکرێن. لەوچوارچێوەیەدا، سەرۆکایەتی هەرێمو ئەنجومەنی وەزیران وەك دوو دەزگای جێبەجێکردن کارەکانی خۆیان ئەنجام دەدەن، پەرلەمانی کوردستان وەك ناوەندی یاسادانانو چاودێری دەسەڵاتی جێبەجێکردن، ئەرکەکانی خۆی بەجێ دەهێنێ.

دەسەڵاتی دادوەریش وەك دامەزراوەیەکی سەربەخۆ کاری دادوەری خۆی دەکات. یەکگرتنەوەی ئیدارەکان بایەخێکی دیکەی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە زەمینەی گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان بۆباوەشی هەرێم خۆش دەکات، بەوەی لەلایەك پێگەی کورد لەبەغدا بەهێز دەکات بۆئەوەی کار بۆ جێبەجێکردنی ماددەی (٥٨) ی یاسای بەڕێوەبردن بکرێت کەئێستا بۆتە حوکمێکی ئینتقالی دەستوری نوێ بۆئەوەی ئەو ناوچانە دوای ئاسایی کردنەوەو راپرسی بگەڕێنەوە بۆسەر هەرێمی کوردستان کەئێستا یەك هەرێمەو چیتر تانەی ئەوەمان لێ نادرێت کە کەرکوکو ناوچەکانی تر بۆسەرکام ئیدارەی کوردستان بگەڕێتەوە!.

هەر بەهۆی ئەم یەکگرتنەوەیەوە پێگەی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی هەرێمیو نێودەوڵەتی بەهێزتر دەبێتو لەڕێی نووسینگەکانی هەرێمی

کوردستانەوە لەباڵۆیزخانەکانی وڵاتـانی دەرەوە دەتوانرێـت پەیوەندییـە رۆشـنبیری‌و کۆمەڵایەتی‌و ئابوورییەکانی هەرێم لەگەڵ دنیای دەرەوەدا بەهێز بکرێت.

لەســەر ئاســتی نــاوخۆش ئــەم یەکگرتنەوەیــە ڕەنگدانــەوەی ئیجــابی لەســەر گەشــەپێدانی هــەموو بوارەکــانی سیاســی‌و ئــابووری‌و کۆمەڵایــەتی‌و فەرهــەنگی‌و ئاوەدانکردنەوە دەبێت‌و دەتوانرێت هەرێمی کوردستان بکرێتە هەرێمێکی نموونـەیی لەعیراقدا.

* کوردستانی نوێ ژمارە(٣٨٨٠) لە٢٦/١/٢٠٠٦

## بەشی سێهەم:

# حکومەتی عیراق

# هەنگاوەكانی پێكهێنانی حكومەتی نوێی عیراق

رۆژی ١٠ی ئەم مانگە كۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەكانی عیراق، ئەنجامی كۆتایی وپەسەندكراوی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەكەی رۆژی ١٥/١٢/٢٠٠٥ی راگەیاند. ئەوەش دەروازەی قۆناغێكی تری پرۆسەی سیاسیی واڵادەكات.

ئیدی بەپێی دەستووری عیراق دەبێت كار بۆ پێكهێنانی دامودەزگاكانی یاسادانانو جێبەجێكردن بكرێت.

لەو چوارچێوەیەدا دەبێت لەبەر رۆشنایی ماددەكانی دەستووردا، سەرۆك كۆمار بە مەرسومێكی كۆماری داوای كۆبوونەوەی پەرلەمان بكات لەماوەی ١٥ رۆژدا لەرۆژی پەسەندكردنی ئەنجامەكانی هەڵبژاردنەوە، بەپێی دەستوور ئەو ماوەیەش بەهیچ شێوەیەك درێژ ناكرێتەوە.

پاش ئەوەی لەسەر داوای سەرۆك كۆمار پەرلەمان كۆدەبێتەوە، ئەو كۆبوونەوەیە لەلایەن بەتەمەنترین ئەندامی پەرلەمانەوە سەرۆكایەتی دەكرێت . كاری ئەو كۆبوونەوەیە ئەوە دەبێت كە سەرۆكی پەرلەمان و جێگری یەكەم و دووەمی سەرۆكی پەرلەمان بەدەنگدانی نهێنی راستەوخۆو بەزۆرینەی رەهای دەنگی ئەندامانی پەرلەمان هەڵبژێرێت .

پاش پێكهێنانی دەستەی سەرۆكایەتیی پەرلەمان ولەچوارچێوەی پێكهێنانی دامەزراوە رەسمییەكانی دەوڵەتدا، ئەركێكی تری پەرلەمان هەڵبژاردن و متمانە بەخشینە بەدەستەی سەرۆكایەتی كۆمار كە لەسەرۆك كۆمارو دوو جێگرەكەی پێك





دێت. جێگەی ئاماژە پێكردنە لە ماوەی چوار ساڵی داهاتووی خولی سەرۆكایەتی كۆماردا وەك لەدەستووردا هاتووە، كار بە دەستەواژەی ئەنجومەنی سەرۆكایەتی دەكرێت واتە دەسەڵاتەكانی سەرۆكایەتی تەنها لەدەستی خودی سەرۆك كۆماردا نابێت، بەڵكو سەرۆك كۆمار دوو جێگریشی دەبێت لەچوارچێوەی ئەنجومەنێكدا كار دەكەن كە بەئەنجومەنی سەرۆكایەتی ناودەبرێت . ئەنجومەنی سەرۆكایەتی بەیەك لیست و بەزۆرینەی ٢/٣ی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان هەڵدەبژێردرێت كە دەكاتە ١٨٤ دەنگ. هەڵبژاردنی ئەنجومەنی سەرۆكایەتی یەكێكە لەو مەسەلانەی پێویستی بەتەوافق ورەزامەندیی فراكسیۆنە جیا جیاكانی ناو پەرلەمان هەیە. چونكە بەدەستهێنانی ١٨٤ دەنگ كارێكی ئاسان نییە، هەردوو لیستی ئیئتلافی یەكگرتووی عیراق و هاوپەیمانی كوردستان كەپلەی یەكەم و دووەمیان بەدەست هێناوە زۆرینەی ٢/٣ی دەنگەكانیان بۆ مسۆگەر ناكرێت ، چونكە بەهەردووكیان ١٨١ دەنگیان هەیەوپێویستیان بەدەنگی لیستیكی دیكەی ناوپەرلەمان هەیە. ئەمەش ئەو راستیە دەخاتە روو كە تەنها هاوكاری و تەوافقی نێوان لیستە براوەكان زامنی پێكهێنانی حكومەتێكی نیشتمانی بنكە فراوانەو دەتوانێت لەم قۆناغە ناسك و هەستیارەدا عیراق بەرەو كەناری ئارام ببات.

پاش متمانە بەخشینی پەرلەمان بە ئەنجومەنی سەرۆكایەتی ، نۆرەی راسپاردنی سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران دێت.

بەپێی دەستوور دەبێت سەرۆك كۆمار لەماوەی ١٥ رۆژی دوای یەكەم دانیشتنی پەرلەمان پاڵێوراوی گەورەترین فراكسیۆنی پەرلەمانی لەرووی ژمارەوە راسپێرێت بۆ پێكهێنانی كابینەی ئەنجومەنی وەزیران . بەو پێیە دەبێت سەرۆك وەزیرانی راسپێردراولەماوەی ٣٠رۆژدا لەمێژووی راسپاردنییەوە ئەندامانی كابینەكەی دیاری بكات . ئەگەر سەرۆك وەزیرانی راسپێردراو نەیتوانی لەو ماوەیەدا

کابینەکەی پێك بهێنێ. دەبێت سەرۆك کۆمار لەماوەی ١٥ رۆژدا پاڵێوراوێکی تر بۆ سەرۆك وەزیران راسپێرێت.

ئەوەی تێبینی دەکرێت مەسەلەی پێکهێنانی دامودەزگاکانی یاسادانان و جێبەجێکردن زنجیرەیەك کاری یەك لەدوای یەك و پێکەوە گرێدراوەو هەریەکەیان ئەوی تریان تەواو دەکەن.

زنجیرەی پێکهێنانی ئەو دامەزراوە رەسمیانە بەکۆبوونەوەی پەرلەمان و پێکهێنانی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەست پێدەکات و دواتر هەنگاوەکانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆمارو راسپاردنی سەرۆك وەزیران و متمانە بەخشین بەسەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیرانی بەدوادا دێت . ئەوەی جێگەی ئاماژە کردنە لەو پرۆسانەدا پەرلەمان وەك دامەزراوەیەکی هەڵبژێردراوی خەڵك رۆڵی میحوەری دەبینێ و پێکهێنانی دامەزراوەکانی جێبەجێکردن لەرێی متمانەو دەنگی ئەندامانییەوە دەبێت.





# پێویستی پێکهێنانی حکومەتی یەکێتی نیشتمانی عیراق

ئەوەی جێگەی سەرنجە لەدوای دەرکەوتنی ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەمجارەی پەرلەمانی عیراق، زۆر بەگەرمی باسی پێکهێنانی حکومەتی یەکێتی نیشتمانی دەکرێت. لەو چوارچێوەیەدا باسی دامەزراندنی ئەو حکومەتە لەسەر هەردوو بنەمای ئیستحقاقی هەڵبژاردن و ئیستحقاقی نیشتمانی دەکرێت. زۆر جار ئەو پرسیارەش دەوروژێنرێت ئایا ئەو شێوە حکومەتە بایەخی ئیستحقاقی هەڵبژاردن کەم ناکاتەوە ؟

بێگومان ئەگەر بەوردی سەیری دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان بکەین، دەگەینە ئەو راستیەی کە هەر یەك لەپێکهاتەکانی عیراق لەگۆشەنیگای بەرژەوەندی تایبەتی نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبییەوە متمانەیان بەنوێنەرانی خۆیان بەخشیوە.

شتێکی دیکەش کە جێگەی هەڵوەستە لەسەرکردنە ئەوەیە کە پێکهاتەکانی عیراق لە عەرەبی شیعەو عەرەبی سوننەو کوردو تورکمان و پێکهاتە بچوکەکانی تر لەرووی ژمارەو قەبارەوە وەك یەك نین و ئەگەرچی ئامارێکی رەسمی نوێ لە بارەی ژمارەی پێکهاتەکانەوە لەبەر دەستدا نییە، بەڵام ئەنجامی هەڵبژاردنەکان ئەو راستییە دەردەخەن ، کە شیعەکان لە هەموو پێکهاتەکانی دیکە زۆرترن، لەدوای ئەوان کوردو پێکهاتەکانی تر دێن.

ئەوەی جێگەی تێرامانیشە، لەهەردوو هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی ساڵی پاری عیراقدا، دەنگدەران لەروانگەی بەرژەوەندی نەتەوەیی ، ئایینی ، مەزهەبی

پێکهاتەکانیانەوە دەنگیان بەنوێنەرانی خۆیان بەخشیوە. پێدەچێت ئەو بەرژەوەندییانە کاریگەرییان بەسەر هەڵبژاردنەکانی داهاتووشەوە هەبێت. ئەمەش ئەو راستییە دەخاتە روو کە پێکهاتەکان لەبەر ئەوەی لەرووی ژمارەوە جیاوازن، ئەو جیاوازییانەش رەنگدانەوەی بەسەر ژمارەی نوێنەرانی ئەو پێکهاتانەوە لەپەرلەمان دەبێت. بەکورتی و کرمانجی شیعەکان هەر زۆرینە دەبن و پێکهاتەکانی تر بەدوای ئەواندا دێن. ئەمەش ئەو پرسیارە دەوروژێنێ، ئایا سەنگی هەر پێکهاتەیەك بەژمارەی کورسیی پەرلەمان دەپێورێت. ئایا گەلی کوردستان کە وەك گەلی عەرەب گەلێکی ئەساسیی ئەم وڵاتەیە سەنگەکەی بەژمارەی ئەو کورسییانە دەپێورێت کە لەهەڵبژاردندا بەدەستی دەهێنێ؟ ئەی ئەگەر دەنگدەرانی ئەم گەلە لەبەر هەر هۆیەك وەك پێویست بەشداری هەڵبژاردنیان نەکردو ژمارەی کورسیی پێویست بەدەست نەهات (کەلەزۆر وڵاتی جیهاندا دەنگدەران بەهۆکاری جیا جیا وەك پێویست بەشداری هەڵبژاردن ناکەن) ئیدی دەبێت لەپرۆسەی بەشداری سیاسییدا حسابی ئەوتۆ بۆ ئەوگەلە نەکرێت. ئایا دەکرێت سەنگ و قورسایی گەلێك بەژمارەی کورسییەکانی پەرلەمان بپێورێت کە ئەو ژمارەیە لەهەڵبژاردنەکاندا بەهۆکاری جیا جیا کەم و زیاد دەکات و دەگۆرێت . ئەمەش خۆی لەخۆیدا پێچەوانەو ناکۆکە لەگەڵ ناوەرۆکی پەیماننامەی نەتەوەیەکگرتووەکاندا کەزۆر بەروونی ئاماژە بەوە دەکات کە گەلان سەرباری گەورەو بچووکییان هەموو یەکسانن.ئەمەی سەبارەت بەگەلی کوردستان باسم کرد. بۆ پێکهاتەکانی دیکەی عیراقیش دەشێت و دەکرێت بەهەمان پێوەر سەیری ئەوانیش بکرێ.

لەبەر رۆشنایی ئەو راستیانەدا بەتێروانینی من دەبێت حساب بۆ هەردوو ئیستحقاقی هەڵبژاردن و ئیستحقاقی نیشتمانی بکرێت و نابێت هیچیان





فەرامۆش بکرێن. لەو روانگەیەوە دەبێت نوێنەرانی پێکهاتە جیا جیاکان بەشداری کاریگەر لەدامەزراندنی حکومەتی یەکێتی نیشتمانیدا بکەن. ئەوەش زەمینەی ئەوە دەرەخسێنێت کە هەموو پێکهاتەکانی گەلانی عیراق بەسەرکەوتوویی لەم قۆناغە دژوارو ناسکە بپەرنەوەو بگەنە کەناری ئارام.

کەواتە بۆ ئەم قۆناغە هەستیارەی عیراق پێویستمان بەحکومەتی یەکێتی نیشتمانی بنکە فراوان و رەنگاو رەنگ هەیە کە هەموو لیستە سەرەکییە براوەکانی هەڵبژاردن لەئامێز بگرێت. ئەنجامە رەسمییەکانی هەڵبژاردنی ئەمجارەی پەرلەمانی عیراق ئەو راستیە دەخاتە رووکە هەردوو لیستی هاوپەیمانی کوردستان و لیستی ئیئتلافی یەکگرتوو ناتوانن وەك حکومەتی پێشوو پێکەوە حکومەتێکی نوێ پێك بهێنن و پێویستیان بەبەشداری لیستێکی تر هەیە. ئەم دوولیستە هەردووکیان ١٨١ کورسیی پەرلەمانیان بەدەست هێناوە . کەچی بۆ متمانەبەخشین بەئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆمار کە لەسەر کۆمارو دوو جێگرەکەی پێك دێت و بەیەك لیست لە پەرلەمان هەڵدەبژێردرێن پێویستیان بە دەنگی ٢|٣ی ئەندامانی پەرلەمان هەیە کە دەکاتە ١٨٤ دەنگ.

ئەوە بێجگە لەوەی دەرکردنی بەشێکی زۆری بریارو یاساکانی پەرلەمان پێویستیان ٢|٣ی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان هەیە. تەنانەت بریاری لادانی هەریەك لەئەندامانی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆمار پێویستی بەزۆرینەی ٣|٤ی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان هەیە.

لەبەر رۆشنایی ئەو راستیانەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کەسروشتی پێکهاتە جیاجیاکانی عیراق پێویستی بەحکومەتێکی هاوبەش و بنکە فراوانی نیشتمانی هەیە. ئەمەش تەنها حاڵەتێکی ناوازەی تایبەت بەسروشتی کۆمەڵگەی فرەیی عیراقی نییە. بەڵکو لەچەندین وڵاتی پێشکەوتووی جیهانیشدا کە خاوەنی ئەزموون

و کلتورێکی دێرینی دیموکراسین لەسەر بنەمای تەوافق و هاوبەشی کاری حوکمڕانی وڵات دەکەن. لەو چوارچێوەیەدا دەتوانین هەردوو وڵاتی سویسراو بەلجیکا بەنموونە بهێنینەوە. لە وڵاتێکی پێشکەوتووی وەك سویسرادا لەساڵی ١٩٥٦ەوە بەتەوافق پۆستەکانی حکومەت لەنێوان پێکهاتە جیا جیاکاندا دابەش دەکرێت. هەر پێکهاتەیەکی ئەو وڵاتە بەپێی سەنگ و قورسایی خۆی پۆستی پێدەدرێت و پۆستەکان بەرێژەی ٤ بۆ ئەسڵی ئەڵمانی و ٢ بۆ ئەسڵی فەرەنسی و ١ بۆ ئەسڵی ئیتالی دابەش دەکرێت.

دەستووری بەلجیکاش مافەکانی کەمینەو زۆرینەی بەشێوەیەکی دادپەروەرانە زامن کردووە. ئەوەی جێگەی سەرنجە لە وڵاتی بەلجیکادا پۆستەکانی حکومەت بەشێوەیەکی یەکسان لەنێوان کەمینەی فەرەنسی و زۆرینەی هۆڵەندیدا دابەش دەکرێت. ئەمە لەکاتێکدایە کە هۆڵەندییەکان زۆرینەی ٥٧٪ی دانیشتوانی بەلجیکا پێك دەهێنن.

لەدەستووری هەندێ لەوڵاتانی ئەوروپاشدا مافی کەمینەکان و بەشدارییان لەناوەندی داڕشتنی بڕیاری سیاسییدا زامنکراوە. تەنانەت نوێنەرانی کەمینەکان لەهەندێ وڵاتدا مافی ڤیتۆکردنی هەموو ئەو بڕیارو یاسایانەیان هەیە کە ڕەنگدانەوەی خراپی بۆ سەر چارەنووسی سیاسییان هەبێت.

ئەوەی جێگەی سەرنجە هاووڵاتیانی هەرێمی فیدراڵی سکۆتلەندای سنووری بەریتانیا ئێستا ٧٣ نوێنەرییان لە پەرلەمانی بەریتانیا هەیە و بەنیازن لەخولی داهاتووی پەرلەمانی بەریتانیادا نوێنەرەکانیان بۆ ٥٦ نوێنەر کەم بکەنەوە. ئەمەش بەهۆی ئەوەوەیە کەسەرجەم مافەکانیان بەپێی یاساو دەستوور زامن کراوەو هیچ ترسێکیان لەئایندەی خۆیان نییەو زۆرو کەمی ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان





کاریگەریی ئەوتۆی نییە. ئەم حاڵەتە بەتەواوی بەپێچەوانەی لای ئێمەیە کە هەر پێکهاتەیەك لەهەڵپەی ئەوەدایە زۆرترین ئەندامی لەپەرلەمانی عیراق هەبێت.

لەکۆتاییدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کەسروشتی فرەیی و ڕەنگاو ڕەنگی نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبی کۆمەڵگەی عیراقی پێویستی بەوە هەیە کە لیستە سەرەکییە براوەکانی هەڵبژێدراوی ئەو پێکهاتانە بەشێوەیەکی کاریگەر ولەسەر هەردوو بنەمای ئیستحقاقی هەڵبژاردن و ئیستحقاقی نیشتمانی بەشداری پێکهێنانی حکومەتی یەکێتی نیشتمانی بنکە فراوان بکەن. ئەوەش ڕەنگدانەوەی ئیجابی لەسەر بەرقەرارکردنی ئارامی و ئاسایش و گەشەپێدانی هەموو بوارەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی دەبێت و هەموو پێکهاتەکان هەست بەوجودی خۆیان دەکەن و هیچ پێکهاتەیەك ناکەوێتە پەراوێزەوە. بەپێچەوانەی ئەوەوە هەر پێکهاتەیەك بیەوێ بەبیانووی زۆرینەوە خۆی فەرز بکات و پێکهاتەی تر بخاتە پەراوێزەوە سەرکەوتن بەدەست ناهێنێ و زیان لەپرۆسەی سیاسی و پێکەوە ژیانی ئاشتیانە دەدات و ئەزموونی تاکرەوی سەردەمی ڕژێمی دیکتاتۆری و ئەو نەهامەتیانەی لێی کەوتەوە.هی ئەوەیە دەرس و پەندی گەورەی لێوەربگیرێت.

بەشی چوارەم:

# عیراق‌و یاسای نوێی هەڵبژاردن

# عیراقو یاسای نوێی هەڵبژاردن

هەڵبژاردنی پێشووی کۆمەڵەی نیشتمانیو پەرلەمانی کوردستانو ئەنجومەنی پارێزگاکان لەبەر ڕۆشنایی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراقو یاسای هەڵبژاردنی ژمارە (٩٦)ی ساڵی ٢٠٠٤ی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانانو فەرمانی ژمارە (٧١)ی پۆل بریمەر ئەنجام دران. بەڵام بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی نوێی عیراق کە ڕۆژی ١٥ی کانونی یەکەمی ئەمساڵ ئەنجام دەدرێت پشت بەیاسای نوێی هەڵبژاردن دەبەسترێت کە لەلایەن کۆمەڵەی نیشتمانییەوە پەسەند کراوە.

بەپێویستم زانی لەم کاتەدا کە ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنی نوێ دەکرێت مادەو بڕگەکانی ئەو یاسایە بەخوێنەران ئاشنا بکەم.

ئەم یاسا نوێیەی هەڵبژاردن کە جێگەی یاسای هەڵبژاردنی ژمارە (٩٦)ی ٢٠٠٤ی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانانی گرتۆتەوە لە(٣٠) ماددە پێکهاتووە.

ماددەی (١)ی تایبەتە بە چوارچێوەی جێبەجێکردنی یاساکە بەو پێیەی ئەو هەڵبژاردنانەی لەعیراقدا دەکرێن، لەبەر ڕۆشنایی ئەم یاسایەدا ئەنجام دەدرێن لەوانە (هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەران (پەرلەمان)، ئەنجومەنی نیشتمانی هەرێمەکان، ئەنجومەنی پارێزگاکان، ئەنجومەنە ناوخۆییەکان). ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەم یاسا نوێیە چوارچێوەی هەڵبژاردنەکانی فراوانتر کردووە، بەوەی ئەنجومەنە ناوخۆییەکانیش بگرێتەوە لەوانە وەك ئەنجومەنی شارەوانیەکان.





ماددەکانی (٢ ـ ٦) تایبەتە بەمافی هەڵبژاردن بەپێی ماددەی (٢) هەڵبژاردنەکان لەڕێگەی دەنگدانی گشتیو نهێنیو ڕاستەوخۆ دەکرێن.

بەپێی ماددەی (٣)، پێویستە ئەم مەرجانە لەکەسی دەنگدەردا هەبێت.

١ـ ڕەگەز نامەی عیراقی هەبێ.

٢ـ ئەهلیەی تەواو بێ.

٣ـ تەمەنی (١٨)ساڵی تەواوکردبێ لەومانگەی کە هەڵبژاردنی تێدا ئەنجام دەدرێت.

٤ـ بەپێی ڕێوشوێنو ڕێنماییەکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ناوی بۆ دەنگدان تۆمار کرابێت.

بەپێی بڕگەی یەکی ماددەی (٤)، دەنگدان لەیەك ڕۆژدا ئەنجام دەدرێت.

بەپێی بڕگەی دووی ماددەی (٤) دەکرێت بەهۆی هەلومەرجی ئەمنییەوە هەڵبژاردن لەبازنەیەکدا یا زیاتر دوا بخرێت بێگومان ئەم بڕگەیەش بۆ ئەو ناوچانەیە کە ڕەوشی ئەمنی تیایاندا پشێوە، لەبەر ئەو هۆیە بەپێی ئەم بڕگەیە ڕێگەی داوە هەڵبژاردن لەو ناوچانەدا بۆ کاتێکی تر دوابخرێت.

بەپێی ماددەی (٥) کاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردن پێش ٦٠ ڕۆژ بەمەرسومێکی کۆماری دیاری دەکرێتو لەدەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە بلاودەکرێتەوە، بەپێی ئەم یاسایە سەرۆکایەتی کۆمار مەرسومێکی دەرکرد تیایدا ڕۆژی ١٥ی کانونی یەکەمی ئەم ساڵی بەرۆژی هەڵبژاردن دانا. ماددەکانی (٦ ـ ١٥) تایبەتن بەمافی خۆ پالاوتن. بەپێی ماددەی (٦)، چەند مەرجێك پێویستە لەپاڵێوراوانی هەڵبژاردندا هەبێت لەوانە:

١ـ دەبێ پاڵێوراو دەنگدەربێت.

٢ـ تەمەنی لە٣٠ ساڵ کەمتر نەبێت.

٣ـ نابێ یاسای ریشەکێشکردنی بەعس بیگرێتەوە.

٤ـ نابێ بەشێوەیەکی نارەوا لەسەر حسابی نیشتمانو موڵكو ماڵی گشتی دەوڵەمەند بوبێت.

٥ـ نابێ بەتاوانێکی ئابڕوبەر حوکم درابێتو دەبێ ناوبانگی باش بێت.

٦ـ دەبێ هەڵگری بڕوانامەی ئامادەیی یا هاوئاستی بێت.

٧ـ نابێ لەکاتی خۆپاڵاوتنندا ئەندامی هێزە چەکدارەکان بێت. ئەوەی جێگەی سەرنجە زۆربەی ئەم مەرجانە هەمان ئەو مەرجانەیە کە لەیاسای پێشووی هەڵبژاردندا هەبوون.

بەپێی ماددەی (٧)، دەبێت ناوی پاڵێوراوان لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانەوە پەسەند بکرێت.

بەپێی ماددەی (٨)، هەرکەسێك مەرجی خۆپاڵاوتنی تێدابێت، دەتوانێت لەهەر بازنەیەکی هەڵبژاردندا خۆی بپاڵێوێت.

بەپێی ماددەی (٩)، خۆ پاڵاوتن بەپێی لیستی داخراو دەبێت، هەروەها خۆپاڵاوتنی تاکیش دەبێت.

بەپێی ماددەی (١٠)، پێویستە ژمارەی پاڵێوراوان لەلیستێکدا لەسێ کەس کەمتر نەبێتو لەژمارەی کورسییە تەرخانکراوەکانی بازنەیەکی هەڵبژاردن زیاتر نەبێت.

بەپێی ماددەی (١١)، پێویستە بەلای کەمەوە ناوی ژنێك لەیەکەم سێ ناوی پاڵێوراوەکانی لیستێکدابێت. هەروەها دەبێت بەلای کەمەوە ناوی دووژن لەیەکەم شەش ناوی پاڵێوراوەکانی لیستێکدا بێت، بەو شێوەیە تاکۆتایی لیستەکە.

بەپێی ماددەی (١٢)، کورسیەکانی تەرخانکراو بۆ هەر لیستێك بەپێی ریزبەندی ناوەکانیان بەسەر پاڵێوراوەکاندا دابەش دەکرێت.





بەپێی ماددەی (١٣)، کورسیەکان بەسەر پاڵێوراوەکاندا دابەش دەکرێت نەك قەوارە سیاسیەکان.

هیچ قەوارەیەکی سیاسی ناتوانێت کورسی تەرخانکراو لەپاڵێوراو بسەنێتەوە.

بەپێی ماددەی (١٤):

١ـ ئەگەر هەر ئەندامێکی ئەنجومەن بەهەرهۆیەك کورسییەکی لەدەستدا بێ پاڵێوراوی دوای ئەو بەپێی ریزبەندی لیستەکەی جێگەی دەگرێتەوە.

٢ـ ئەگەر کورسیە چۆڵەکە هی ژنێك بوو، مەرج نییە ژنێکی تر جێگەی بگرێتەوە، تەنها لەحاڵەتێکدا نەبێت کە کاریگەری لەسەر رێژەی نوێنەرایەتی ژنان هەبێت.

٣. ئەگەر کورسیە چۆڵەکە هی قەوارەیەکی سیاسی یەك کەسی بوو، یاخود قەوارەیەك کورسییەکانی تەواو بووبوو، کەسێکی تر لەقەوارەیەکی سیاسی تر شوێنی دەگرێتەوە کە لایەنی کەم ژمارەی دەنگی بڕیار لێدراوی رەسمی بەدەست هێنابێ بەپێچەوانەی ئەوەوە کورسیەکە بەچۆڵی دەمێنێتەوە.

ماددەکانی (١٥ ـ ٢٠) تایبەتن بەبازنەکانی هەڵبژاردن.

بەپێی ماددەی (١٥):

١. ئەنجومەنی نوێنەران (پەرلەمان) لە ٢٧٥ کورسی پێك دێت، ٢٣٠ کورسییان بەسەر بازنەکانی هەڵبژاردندا لەپارێزگاکاندا دابەش دەکرێن بەم شێوەیە کورسییەکانی پەرلەمان بۆ پارێزگاکان تەرخانکراوە (بەغدا ٥٩ کورسی، نەینەوا ١٩، بەسرە ١٦، سلێمانی ١٥، هەولێر ١٣، زیقار ١٢، بابل ١١، دیالە ١٠، ئەنبار ٩، کەرکوك ٩، واسط ٨، صلاح الدین ٨، قادسیە ٨، نەجەف ٨، دهۆك ٧، میسان ٧، کەربەلا ٦، موسەنا ٥). ٤٥ کورسیشیان کورسی تەعویزین.

٢. هەر پارێزگایەك بەپێی سنوری ئیداری رەسمی، بازنەیەکی هەڵبژاردنەو ژمارەیەك کورسی دەبێت کە گونجاو بێت لەگەڵ ژمارەی دەنگدەرانی تۆمارکراوی پارێزگاکە بەتۆماری دەنگدەران لەهەڵبژاردنی ٣٠ی کانونی دووەمی ٢٠٠٥ (بەپێی کۆبونی خواردەمەنی).

بەپێی ماددەی (١٦)، کورسیە تەرخانکراوەکانی بازنەکانی هەڵبژاردن لەرێی سیستمی نوێنەرایەتی رێژەییەوە دابەش دەکرێن، بەپێی ئەم رێوشوێنانەی خوارەوە:ـ

١. کۆی دەنگە راستەکان لەبازنەکەدا دابەش دەکرێت بەسەر ژمارەی ئەو کورسیانەی بۆی تەرخان کراوە بۆ بەدەست هێنانی کۆلکەی هەڵبژاردن (القاسم الانتخابي).

٢. کۆی ئەو دەنگانەی کە هەر قەوارەیەك بەدەستی هێناوە بەسەر کۆلکەی هەڵبژاردندا دابەش دەکرێت بۆ دیاری کردنی ژمارەی ئەو کورسییانەی کە بۆی تەرخان دەکرێت.

٣. ئەو کورسیانەی دەمێنێتەوە بەرێگەی ماوەی بەهێز (الباقي الاقوى) دابەش دەکرێت.

بەپێی ماددەی (١٧)، کورسیە تەعویزییەکان بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش دەکرێت:

١. کۆی دەنگە راستەکان لەعیراقدا بەسەر ژمارەی کورسیەکانی ئەنجومەنی نوێنەراندا دابەش دەکرێت بۆ بەدەست هێنانی تێکرای نیشتمانی (المعدل الوطني).

٢. کۆی ئەو دەنگانەی کە هەر قەوارەیەك بەدەستی هێناوە دابەش دەکرێت بەسەر تێکرای نیشتمانیدا بۆ دیاریکردنی ژمارەی ئەو کورسیانەی کە بۆی تەرخان دەکرێت.





٣. کورسییە تەعویزییەکان بەسەر ئەو قەوارانەدا دابەش دەکرێت کە نوێنەرایەتیان لەبازنەکانی هەڵبژاردندا بەدەست نەهێناوە، بەمەرجێك تێکرای نیشتمانیان بەدەست هێنابێ.

٤. کورسییە ماوەکان بەسەر قەوارەکانی نوێنەر لەبازنەکانی هەڵبژاردن دابەش دەکرێت بەرێژەی ژمارەی دەنگەکانیان لەکۆی دەنگەکان.

بەپێی ماددەی (١٨) قەوارە سیاسیەکان لیستی پاڵێوراوان پێشکەش دەکات بۆ بەدەست هێنانی کورسی تەعویزی.

بەپێی ماددەی (١٩)، عیراقیەکانی دەرەوەی وڵات لەو مەڵبەندانە دەنگ دەدەن کە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دیارییان دەکات، دەنگەکانی لەسەر ئاستی دەوڵەت حساب دەکرێت (کورسیەکانی تەعویزی). بەپێی وتەی فەرید ئایار وتەبێژی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان نیزامێك بۆ چۆنیەتی دابەشکرنی کورسیە تەعویزەکان دەردەچێت.

ماددەکانی ٢٠ ـ ٢٧ تایبەتن بەهەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردن:

بەپێی ماددەی (٢٠)و بەحوکمی ئەحکامەکانی ئەم یاسایە هەڵمەتی هەڵبژاردن ئازادە، هەر پاڵێوراوێك دەتوانێ بانگەشە بۆ خۆی بکات لەمێژووی دەستپێکردنی ماوەی خۆپاڵاوتنەوە بەردەوام دەبێ تا رۆژی پێش سازدانی هەڵبژاردن.

بەپێی ماددەی (٢١)، سازدانی کۆبونەوەکانی هەڵبژاردن لەبینای وەزارەتەکانو دامودەزگاکانی دەوڵەتدا قەدەغەیە.

بەپێی ماددەی (٢٢)، رێگە نادرێ بەبەکارهێنانی دروشمە رەسمییەکانی دەوڵەت لەکۆبونەوەو بانگەوازو بڵاوکراوەکانی هەڵبژاردنو لەهەموو جۆرەکانی نوسینو هەموو وێنەیەك کە لەهەڵمەتی هەڵبژاردندا بەکاردێت.

بەپێی ماددەی (٢٣) نابێ فەرمانبەرانی حکومەتو دەسەڵاتە ناوخۆییەکان هەڵمەتی هەڵبژاردن لەبەرژەوەندی هیچ پاڵێوراوێك بکەن.

بەپێی ماددەی (٢٤) نابێ هۆیەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردن تانوت لەهیچ پاڵێوراوێك بدات یاخود نەعراتی نەتەوەیی‌و ئایینی‌و تایفی، یا تیرەگەری یا هەرێمی لەنێوان هاوڵاتیاندا بوروژێنێ.

بەپێی ماددەی (٢٥) نابێ هیچ پاڵێوراوێك لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردندا دیاری یا بەخشیش یا هەر یارمەتیەکی تر پێشکەش بکات بەمەبەستی کارکردنە سەر دەنگدان.

بەپێی ماددەی (٢٦)، رێگە نادرێ بەبلاوکردنەوە، یا هەڵواسین، یا دانانی هەر ئیعلانێك یا بلاوکراوەیەك، یا لافیتەیەك لەو شوێنانە نەبێت کە لەلایەن ئەنجومەنەکانی ناوخۆیی‌و شارەوانییەوە بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن دیاریکراوە.

ماددەی (٢٧) تایبەتی بەتاوانەکانی هەڵبژاردن‌و بەپێی ئەم ماددەیە هەر کەسێك ئەم کارانەی خوارەوە بکات بەپێی یاسا بەتاوانی هەڵبژاردن لەقەڵەم دەدرێ‌و سزا دەدرێت، کارەکان ئەمانەن:

أ- زیاتر لەجارێك دەنگ بدات.

ب - خۆی بەکەسێ یاخود ناوێکی تر نیشان بدات بەمەبەستی دەنگدان.

ج - خۆی لەزیاتر لەبازنەیەکی هەڵبژاردندا، یا لەزیاتر لەلیستێکدا بپاڵێوێت.

د - لەرۆژی هەڵبژاردندا لەهەر مەڵبەندێکی دەنگدان چەك یاخود هەر ئامێرێکی مەترسیدار لەسەر ئاسایش هەڵبگرێت.

هـ - بەهێز بچێتە مەڵبەندی دەنگدان بۆ تەئسیرکردنە سەر پرۆسەی هەڵبژاردن یاخود بەخراپ رووبەرووی هەر لێپرسراوێك بێتەوە.





و - تەئسیرکردن لەسەر ئازادی هەڵبژاردن بکات یاخود کۆسپ بخاتە بەردەم پرۆسەی هەڵبژاردن.

ز - دەستکاریکردنی هەر سندوقێك لەسندوقەکانی دەنگدان یا خشتەکانی هەڵبژاردن یا ئەو ئەوراقانەی کە بۆ دەنگدان ئامادەکراون یاخود دزینی هەریەك لەو سندوقانە یا خشتانە یا ئەوراقەکان یاخود تەلەفکردنیان یاخود هەستان بە هەر کارێك بەمەبەستی دەستوەردان لەسەلامەتی‌و نهێنی رێوشوێنەکانی هەڵبژاردن.

٧- هەرکەسێك بەڵگەنامەیەکی رەسمی تەزویربکات بەمەبەستی دانانی ناوێك لەتۆماری دەنگدەران.

ماددەکانی (٢٨-٣٠) حوکمەکانی کۆتایین. بەپێی ماددەی (٢٨) فەرمانی ژمارە (٩٦)ی ساڵی ٢٠٠٤ ی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان کە یاسای پێشووی هەڵبژاردنە پووچەڵکراوەتەوە.

بەپێی ماددەی (٢٩) کۆمسیۆنی باڵای سەر بەخۆی هەڵبژاردنەکانی عیراق دەتوانێ رێنمایی‌و پەیڕەوی پێویست بۆ جێبەجێکردنی ئەم یاسایە دەربکات.

بەپێی ماددەی (٣٠)، ئەم یاسایە لەمێژووی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت‌و لەرۆژنامەی رەسمیدا بلاودەکرێتەوە.

ئەگەر بەوردی سەیری ماددەو برگەکانی یاسای کۆن‌و نوێی هەڵبژاردن بکەین‌و بەراوردیان بکەین چەند سەرنج‌و تێبینیەکمان لادروست دەبێت لەوانە:

١- یاسای هەڵبژاردنی کۆن کورتەو لە(٨) بەش پێکهاتووە، بەڵام یاسای نوێ فراوانە لە(٣٠) ماددە پێکهاتووە.

٢- لەیاسا کۆنەکەدا سیستمی هەڵبژاردن بەشێوازی نوێنەرایەتی رێژەیی لەسەر ئاستی عیراق بوو، بەپێی ئەو سیستمە سەرانسەری عیراق یەك بازنەی هەڵبژاردن

بوو، لیستی پاڵێوراوانی قەوارە سیاسیەکان لەسەر ئاستی هەموو عیراق پێشبڕکێیان دەکردو دەنگیان کۆکردەوە، بەڵام بەپێی یاسای نوێی هەڵبژاردن ئەمجارە عیراق یەك بازنەی هەڵبژاردن نابێ، بەڵکو هەر پارێزگایەکی عیراق بازنەیەکی سەربەخۆی هەڵبژاردن دەبێت واتە عیراق لەجیاتی یەك بازنەی هەڵبژاردن دەبێت بە ١٨ بازنەی هەڵبژاردنو لیستی پاڵێوراوانی قەوارە سیاسیەکان لەسەر ئاستی پارێزگاکان پێشبڕکێ دەکەنو دەنگ کۆدەکەنەوە بۆ بەدەست هێنانی کورسی پەرلەمانی عیراقو لەوچوار چێوەیەدا هەر پارێزگایەك بەپێی تۆماری دەنگدەران هەڵبژاردنی ٣٠ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٥ کورسی پەرلەمانی بۆ دیاریکراوەو بەوپێیە لەبازنەکانی هەڵبژاردنی هەر (١٨) پارێزگاکەی عیراقدا (٢٣٠) نوێنەر بۆ پەرلەمانی عیراق هەڵدەبژێردرێت کە ژمارەی نوێنەرەکانی (٢٧٥) نوێنەرە.

(٤٥) کورسی پەرلەمانیش کە لەیاساکەدا بەکورسی تەعویزی ناودێر کراوە لەسەرانسەری عیراقدا هەڵبژاردنی بۆ دەکرێتو، بۆ ئەوان عیراق بەیەك بازنەی هەڵبژاردن دادەنرێت. بەمەبەستی پاراستنی مافی کەمینە نەتەوەییو ئاییینیو مەزهەبیەکان بۆ ئەوەی دەنگەکانیان لەبازنەی هەڵبژاردنی پارێزگاکان لەپێشبڕکێی لیستە بەهێزەکاندا بە هەدەر نەچێو دەنگەکانیان لەسەر ئەساسی یەك بازنەیی هەڵبژاردن لەسەر ئاستی عیراق کۆدەکرێتەوە، بۆئەوەی لەورێگەیەوە نوێنەرەکانیان بگەیەننە پەرلەمان. ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەم یاسا نوێیەی هەڵبژاردن بەگشتی کاری بەسیستمی هەڵبژاردنی فرەبازنە کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سیستمی یەك بازنەی هەڵبژاردنیشی فەرامۆش نەکردووەو کاری پێدەکات. ئەمەش کارکردنە بەدوو سیستمی هەڵبژاردن کە هەردووکیان پێکەوە تارادەیەك دادپەروەرییەك بۆ نوێنەرایەتی دەنگدەران دابین دەکات.





٣ـ یاسای هەڵبژاردنی نوێ بەهەمان شێوازی یاسای هەڵبژاردنی کۆن ڕێژەی نوێنەرایەتی ژنانی لەپەرلەمان پاراستوەو دەبێت بەلای کەمەوە ناوی ژنێك لەیەکەم سێ ناوی پاڵێوراوانی لیستێك دابێت، هەروەها دەبێت بەلای کەمەوە ناوی دووژن لەیەکەم شەش ناوی پاڵێوراوانی لیستێکدابێت، بەوشێوەیە تاکۆتایی لیستەکە.

٤ـ مەرجەکانی پاڵێوراو لەهەردوو یاسای کۆنو نوێدا تارادەیەك وەك یەکن.

٥ـ لەهەردوو یاساکەدا کورسییەکان بەسەر پاڵێوراوە براوەکاندا دابەش دەکرێت نەك بەسەر قەوارە سیاسیەکاندا، قەوارە سیاسیەکان ناتوانن کورسی لەپاڵێوراو بسەننەوە.

٦ـ لەیاسا نوێیەکەدا لەچەند بڕگەو ماددەدا باسی ئەوە کراوە کە فەرمانبەرانو داموو دەزگاکانی حکومەت بێلایەن بن لەمەسەلەکانی هەڵبژاردندا، ئەوە لەیاسا کۆنەکەدا هیچ ئاماژەیەکی پێنەکراوە.

* ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی ژمارە(٦٤١)لە ١٢/١٢/٢٠٠٥

# پاشکۆ

**ژمارەی دەنگەکانی لیستی هاوپەیمانی کوردستانی لە باقی پارێزگاکانی عیراق لیستی ژمارە ١٣٠**

| | ناوی شار | کۆی دەنگ | رێژەی دەنگ لە کۆی گشتی دەنگەکان |
|---|---|---|---|
| ١ | هەولێر | ٦٢٢٨٨٩ | ٪٢٨,٦٣ |
| ٢ | سلێمانی | ٥٧٩٦٨٤ | ٪٢٦,٦٥ |
| ٣ | دهۆك | ٣٧٥١٦٥ | ٪١٧,٢٤ |
| ٤ | کەرکوك | ٢٣٧٠٠٦ | ٪١٠,٨٩ |
| ٥ | موسڵ | ٧٧٢٤٦ | ٪٣,٥٥ |
| ٦ | بەغدا | ٤٥٥٢٥ | ٪٢,٠٩ |
| ٧ | دیالە | ٣٥٦٠٧ | ٪١,٦٤ |
| ٨ | سەلاحەدین | ١٩٧٢٣ | ٪٠,٩١ |
| ٩ | بابل | ١٠١٥ | ٪٠,٠٥ |
| ١٠ | واست | ٧٧٦ | ٪٠,٠٤ |
| ١١ | بەسرە | ٣٨٣ | ٪٠,٠٢ |
| ١٢ | قادسیە | ٢٣٩ | ٪٠,٠١ |
| ١٣ | کەربەلا | ٢١١ | ٪٠,٠١ |
| ١٤ | زیقار | ١٩١ | ٪٠,٠١ |
| ١٥ | نەجەف | ١٦١ | ٪٠,٠١ |
| ١٦ | میسان | ١١٠ | ٪٠,٠١ |
| ١٧ | موسەننا | ٩٤ | ٪٠,٠٠ |
| ١٨ | ئەنبار | ٥٩ | ٪٠,٠٠ |
| | دەرەوەی عیراق | ٧٩٥٠٤ | ٪٣,٦٥ |
| | کۆی هەمووی | ٢١٧٥٥٥١ | ١٠٠,٠٠ |

سەرچاوە/ دەزگای هەڵبژاردن(ی.ن.ك)





**ژمارەی بەشداربوانی ( هەڵبژاردن ) لە سەرجەم پارێزگاکانی عێراقدا ، بۆ هەڵبژاردنەکانی**

| پارێزگا | ژمارەی دەنگدەران | ژمارەی بەشداربوان لە ٣٠/١ | ڕاپرسی ١٠/١٥ |
|---|---|---|---|
| سلێمانی | ٩١٤٤٤١ | ٧٤٣١٢٠ | ٧٢٣٧٢٣ |
| هەولێر | ٨٢٨٨١٠ | ٦٢٨١٨١ | ٨٣٠٥٧٠ |
| دهۆك | ٤٢٩١٢٨ | ٣٩٣٩٥٥ | ٣٨٩١٩٨ |
| نەینەوا | ١١٩٧٩٤٠ | ٢٠١٤٧٧ | ٧١٨٧٥٨ |
| کەرکوك | ٥٧٦٠٤٨ | ٣٩٣٢٢٤ | ٥٤٢٦٨٨ |
| بەسرە | ٨١٣٧٥٨ | ٧٣٨٢٤٣ | ٦٩١٠٢٤ |
| دیالە | ٤٢٤٠٩٩ | ٢٠٤١٥٥ | ٤٧٦٩٨٠ |
| ئەنبار | ٥٧٤١٣٨ | ١٣٧٥٣ | ٢٥٩٩١٩ |
| بەغداد | ٣٦٦٤٩٢٢ | ١٨٦٦٠٢١ | ٢١٢٠٦١٥ |
| بابل | ٦٩٤١٩٢ | ٥٠١٣٣١ | ٥٤٣٧٧٩ |
| کەربەلا | ٤٠٩٠٨١ | ٣٠٢٦٤١ | ٢٦٤٦٧٤ |
| واسگ | ٤٩٤٩٥٥ | ٣٤٨٨٨٢ | ٢٨٠١٢٨ |
| صلاح الدين | ٤٩٨٠١٧ | ١٤٤٥٩٨ | ٥١٠١٥٢ |
| نەجەف | ٤٩٣٨٠٨ | ٣٦٨٣٣٤ | ٢٩٩٤٢٠ |
| قادسیە | ٤٨٦٨٢٧ | ٣٣٨٧١٧ | ٢٩٧١٧٦ |
| موسەنا | ٢٩٥٣٢٦ | ١٨٩٤٢٩ | ١٨٥٧١٠ |
| زیقار | ٧٧٨٨٥٧ | ٥٣١٢١ | ٤٦٣٧١٠ |
| میسان | ٤١٧٢٧٣ | ٢٥٣١٥٦ | ٢٥٤٠٦٧ |
| دەرەوەی وڵات و تایبەت | | | |
| کۆی گشتی | ١٣٩٩١٦٢٠ | ٧٦٨٢٣٣٨ | ٩٨٥٢٢٩١ |

سەرچاوە/ دەزگای هەڵبژاردن(ی.ن.ك)

**ساڵی ٢٠٠٥**

| ژمارەی بەشداربوان لە ١٥/١٢ | دەنگی هاوپەیمانی ١٥/١٢ | ژمارەی کورسی | دەنگی پێویست بۆ کورسی |
|---|---|---|---|
| ٨٠٩٨٥٩ | ٦٩٦٩٩٩ | ١٥ | ٥٣٣٠١ |
| ٨٢٨٨١٠ | ٧٧٢٩٩٨ | ١٣ | ٦٢٧٩٦ |
| ٤٢٢٢١٨ | ٣٧٧٤٣٧ | ٧ | ٥٩٧٠٧ |
| ٩٤٢٥١٤ | ١٧٩١٢٧ | ١٩ | ٤٨٧٥٥ |
| ٥٩٥٤٢٥ | ٣١٢٧٥٧ | ٩ | ٦٥٠٧٠ |
| ٨١٣٧٥٨ | ٦٢٤ | ١٦ | ٥٠١٧٠ |
| ٥٢٩٧٥٥ | ٦٤٣٧٠ | ١٠ | ٥١٩٦١ |
| ٥٨٥٤٢٩ | ٢٣٦ | ٩ | ٦٤٤٠٧ |
| ٢٧٠٢٩٤١ | ٣٠٩٦٩ | ٥٩ | ٤٤٧٧٧ |
| ٥٩٣٨٢٨ | ٦٥٦ | ١١ | ٥٣٠٦٦ |
| ٣٠٩٧٧١ | ٢٩٥ | ٦ | ٥٠٨٨٢ |
| ٣٥٤٥٦٣ | ١٢٨١ | ٨ | ٣٨٨٣١ |
| ٥٥٥٧٥٥ | ٢٦٨٥٢ | ٨ | ٦٧٨١٠ |
| ٣٨٥٨٣٣ | ٣٠٧ | ٨ | ٤٧٤٦٠ |
| ٣٣٨٩٢٥ | ٣٢٠ | ٨ | ٤١٨٧٣ |
| ٢٠٨٦٦٢ | ١١٥ | ٥ | ٤١١٥٧ |
| ٥٥٨٤١٥ | ٢٩٧ | ١٢ | ٤٨٥٥١ |
| ٣٢٣٢٥٠ | ١٧١ | ٧ | ٤٥٨٢٨ |
| ٤٨٣٣١٠ | ١٧٦٣٦١ | | |
| ١٢٣٤٣٠٢١ | ٢٦٤٢١٧٢ | ٢٣٠ | |





**ئه نجامی پەسەندکراوی هەڵبژاردنی ئه نجومەنی نوێنەرانی عیراق ( ٢٠٠٥/١٢/١٥ )**

| ناوی قەوارەی سیاسی | ژمارەی قەوارە | ژمارەی دەنگ | کورسی پارێزگاکان | کورسی تەعویزی | کورسی نیشتمانی | ژمارەی گشتی کورسیەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئیئتلافی عیراقی یەکگرتوو | ٥٥٥ | ٥٠٢١١٣٧ | ١٠٩ | ٠ | ١٩ | ١٢٨ |
| هاوپەیمانی کوردستانی | ٧٣٠ | ٢٦٤٢١٧٣ | ٤٣ | ٠ | ١٠ | ٥٣ |
| بەرەی تەوافقی عیراقی | ٦١٨ | ١٨٤٠٢١٦ | ٣٧ | ٠ | ٧ | ٤٤ |
| لیستی عیراقی نیشتمانی | ٧٣١ | ٩٧٧٣٢٥ | ٢١ | ٠ | ٤ | ٢٥ |
| بەرەی عیراقی بۆ دیالۆگی نیشتمانی | ٦٦٧ | ٧٩٩٩٦٣ | ٩ | ٠ | ٢ | ١١ |
| یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ٥٦١ | ١٥٧٦٨٨ | ٤ | ٠ | ١ | ٥ |
| کتلەی مصالحە و تەحریر | ٥١٦ | ١٢٩٨٤٧ | ٣ | ٠ | ٠ | ٣ |
| رسالیەکان | ٦٣١ | ١٤٥٠٢٨ | ١ | ٠ | ١ | ٢ |
| بەرەی تورکمانی عیراقی | ٦٣٠ | ٨٧٩٩٣ | ١ | ٠ | ٠ | ١ |
| لیستی رافیدەین | ٧٤٠ | ٤٧٢٦٣ | ٠ | ١ | ٠ | ١ |
| لیستی میسال ئالوسی | ٦٢٠ | ٣٢٢٤٥ | ١ | ٠ | ٠ | ١ |
| بزووتنەوەی ئیزیدی | ٦٦٨ | ٢١٩٠٨ | ١ | ٠ | ٠ | ١ |
| کۆ | | | ٢٣٠ | ١ | ٤٤ | ٢٧٥ |